زیندەبەچاڵ

زیندەبەچاڵ

نووسینی: عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

پێڕست

بابەت **لاپەڕە**

پێشەکی ٤
بەرەو گۆڕستان! ١٢
نێو ڕێگا ١٦
تەڵقینی پێش مردن! ٢١
موورویێنە ٣٢
گۆڕەوشار ٣٦
مۆتەکە ٤٢
مێرد و منداڵ ٥٤
لێم گەڕێن با هەر لەگۆڕەکەی خۆمدابم! ٧٤
لە پەروەندەی ژنێکەوە ٨٧

پێشەکی

خوێنەرانی بەڕێز:

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێن: مێرد هەندوو، ژن لەدوو! بەڵێ ئەوەش یەکێکە لە دەردەکانی ژنان، کە دەبێ هەر ئەوان بەدوای مێردەکانیانەوەبن. هاوسەری بەوەفای منیش بەو پەندەی کوردەواری چوو و بەخۆی و سێ منداڵی بەستەزمانی سەرو پێچکەوە بوو بە فیدای بڕیارێکی تاک لایەنانەی من، بەبێ ئەوەی کە هەرگیز پرسێکم لەسەری پێ کردبێ. ڕاستە کە ئەوبڕیارە دەگەڕایەوە بۆ هەستی ئازادیخوازیم، هەستی دیتنی کلۆڵیی گەلەکەم و ئەو بەڵایانەی داگیرکەرانی کوردستان بەسەریان دێنا. مەبەستم لە درکاندنی ئەو ڕاستییە پەشیمانی لە بڕیارەکەم و ئەو فیداکارییانە نییە کە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا کردنم. ئەوانە و یادەکانیان لای من و تەنانەت هاوسەر و منداڵەکانیشم هەر پیرۆزن و شانازییان پێوەدەکەین، بەڵام ئەوەی دەمەوێ لەو پەیامەم دا بیڵێم، ئەوەیە کە: چ بڕیاری بوونم بە پێشمەرگە و چ بەجێهێشتنی سیاسەت بۆ سیاسەتبازانم، و ڕوو کردنە هەندەرانم، هەمووی تاک لایەنە بوون و پرسیشم ئەگەر بە خێزانم کردبێ هەر پرسەگورگانە بووە. ئاخر لەو کۆمەڵگایەدا کە من و منەکانی لێ پەروەدەبووین، پیاو دەستەڵاتدارە، یاسا دادەنێ و دایدەسەپێنی و هەر بۆخۆشی بەڕێوەی دەبا. کەواتە ژن لەونێوەدا هیچکارەیە، ئەگەر لە یاسا یا ئاینەکانیشدا باسێک لە مافەکانی بکرێ، هەر شتێکی ڕووکەشە، ئەوێش وا دانراوە و کوتراوە کە پیاو پەسندی دەکا. لە وڵاتی ئێمەدا پیاو بڕیار دەدا، ژن یا دەبێ سەری بۆ دانەوێنێ و بەو پەندەکوردییە بکا کە باسم کرد، دووریی خۆشەویستان و کەسوکاری وەئەستۆ بگرێ و دەستی منداڵان بگرێ و لەگەڵ هاوسەرەکەی لەو کوێرەدێ بۆئەو کوێرەدێ و لەو شاخی سەخت و ئاستەم بۆ ئەوشاخی ئاستەم و سەخت هەڵێ و وەک پشیلە هەمیشە منداڵەکانی بەدمەوە بێ و بۆ پاراستن لە بۆمباران و تۆپباران و گوللەبارانی دوژمن بن بەرداو بەردیان پێ بکا، یا دەبێ بەجێ بمێنێ، کە ئاواش یا دەبێ تەڵاق وەرگرێ و لۆمە وەئەستۆ بگرێ و ژیان لەخۆ و ئەگەر منداڵیشی هەبن لەوانیش بشێوێنێ، یا ئەگەر هۆیەکی بەڕێچوونی بۆ دابین بێ، یا داهاتێکی هەبێ کە بۆخۆی و منداڵەکانی پێی بژیەنێ و چاولەدەست نەبێ، تا بۆی هەڵدەکەوێ و مێردەکەی لەدەربەدەری ناڕازی دەبێ و بڕیاری چونە هەندەران دەدا و ژنەکەش ئاوارەبوون بەرەو هەنداران و دابڕان لە کەسوکارو خۆشەویستانی وەئەستۆی خۆ دەکاو بۆ سەفەری غەریبی دەبێتەوە هاوڕێی. ئەمن لەماوەی پێشمەرگایەتیم دا زۆرم لەوانە بەچاو دیتن. برادەرێکی زۆرنیزیکی ئەو سەردەمەم ژن و دوو منداڵی جوانی هەبوون، ژنەکەی تەڵاق دا چونکە لەگەڵێ نەهاتبووەدەر و منداڵەکانیشی بەبێ بابی بەسەردا بەجێ هێشتن. چەند برادەری دیشم کە ژنەکانیان بە

منداڵەوە بەجێ مابوون و خۆیان دەژیاند، پاش ئەوەی مێردەکانیان لە شۆڕش ماندووبوون، هاتنە لایان و دەگەڵیان چوونەدەر. ئاوا هەموو ئەو ژن و منداڵانە فیدای هەڵوێستێکی سیاسیی پیاوەکان دەبن.
ژنان نەک هەر بۆ شوو کردن، بەڵکوو بۆ هەڵبژاردنی جێگا و شێوەی ژیانیان بەدوای مێردکردنیشیاندا دەورێکیان پێنەدراوەو ویست و ئاواتەکانیان وەبەرچاو نەگیراوە. لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتیدا زۆر کەم وا هەیە کیژ بەویستی خۆی شووبکا، لە زۆر شوێنی کۆمەڵگای ئێمەدا، نەک هەر دایک و باوک، تەنانەت خزمانی دوورو نیزیکیش خۆیان دەکەنە دمڕاستی کیژ بەشوودان. زۆر هەڵکەوتووە کە ئەگەر داوای یەکێک لەو کەسانە بو دیاریکردنی چارەنووسی داهاتووی کچێک وەبەرچاو نەگیرابێ، ئەوە دوژمنایەتی و زویر بوون و تەنانەت خوێن ڕشتنیشی لێ کەوتۆتەوە. دوای شووکردنەکەش، ئەوجار بنەماڵەی کچەکە تەنیا دەورێکیان لە چارەنووسیدا بۆ دەمێنێتەوە، ئەویش کێشانی ئەو ئازار و مەینەتییانەیە کە کیژانیان لەدەست مێرد و سۆرەوتۆرەکەی دەیکێشن یا ئەو کڵۆڵییانەیە کە لە ئاکامی ڕەفتار یا بڕیاری تاک لایەنەی مێردەکانیان تووشی دەبن. زۆر کەم هەن ئەو ژنانەی لەو ئازارانە بەدوور بن و ئەوەش کەوتۆتەوە سەر ئەخلاق و تەبیاتی ژمارەیەکی زۆر کەم لە مێردان و هەروەها بنەماڵەکانیان. ئەوانە هەر هێندێک تایبەتمەندیی وڵاتانی دواکەوتووی ڕۆژ هەڵاتی و لەنێو ئەوانەشدا کوردستانەکەمانن، دەنا خۆ لەهەموو شوێنەکانی دنیای ئەورۆدا، پیاو بڕیاردەر و دەستەڵاتی یەکەمن. میری پێکدێنن، میری دەڕووخێنن، شۆڕش هەڵدەگیرسێنن، شۆڕش دا دەمرکێننەوە، شەڕ هەڵدایسێنن، شەڕ دادەمرکێننەوە و...
تەنانەت لە دنیای پێشکەوتووی دوای ڕنێسانسی ئوروپاییشدا، کە گوڕانکاریی یەکجار زۆری کۆمەڵایەتی و زانستیی خستنەدەست و ... ژن سەرەڕای بەدەست هێنانی هێندێک ماف و دەستەڵاتی زیاتر، هێشتاش هەر دەکەوێتە ژێر باری ستەم و چەوسانەوە و دەستەڵات یا بایەخەکانیشی هەر ڕواڵەتین. ژن بۆتە کالا، دەبێ هەر ئەو خۆ بۆ پیاو بڕازێنێتەوە، خۆ ڕووت کاتەوە تا چێژی دیتنی جوانییەکانی لەشی بە پیاو ببەخشێ، ژن ئەگەر لە چلەی گەرمای هاویندا لە وڵاتی ئێمە ناچار دەکرێ (بەزۆر یا بە باوەڕ) خۆی لەژێر عەبا و چادری ڕەش و مانتۆ و حیجابی ئیسلامیدا بپیشێنێ لە وڵاتانی ڕۆژ ئاواییدا بۆ بانگەشە بۆ ئوتووموبێلێکی جوان بەتەواوی لە پۆشاک دادەماڵرێ و بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کڕیار، هەموو ئەندامانی شاراوەی لەشی دەکەونەدەر. لەو وڵاتانەشدا کە جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤیان گوێچکەی گەردوون کەڕدەکا، هەرچەند بەڕواڵەت لایەنگری لە مافی ژن هەیە، دادگاش زۆر لەسەر مافیان وەجوابە، بەڵام هێشتا ئازاردانی ژن بە شێوەی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەوێ. لەو وڵاتانەش دا چەوسانەوەی ژن بەشێوەی جۆراوجۆر لەگۆڕێدایە. هەرچەند بەڕواڵەت هەوڵگەلێک بۆ

پێشگرتن بەو کارەساتانە دەدرێ، لەو وڵاتانەشدا ژنان تووشی لێدان، تۆقاندن، خەیانەت، تێڕستن و دەیان جۆری ئازار دان دەبنەوە و زۆرجار یا ناوێرن دەنگ بکەن یا ددان بەجەرگی خۆدادەگرن. زۆری ئەو ڕووداوانە بێدەنگەیان لێدەکرێ، یا جاروبار باسێکی زووتێپەڕیان لێدەکرێ یا هەر لەنێوان چەوساوەو چەوسێنەردا دیزە بەدەرخۆنە دەکرێن و کەس پێیان نازانێ. هەر ئەوەندە کەمەش کە پەردەی لەسەر وەلادەچێ دنیایەکی چیرۆکی ڕۆژڕەشی و بێبەشیی ئەو بەناو نیوەی کۆمەڵ و دایکی نیوەکەی دیکەشی تێدایە.

ئەوانە و زۆر کێشەی دیکەش دەردی هاوبەشی ژنانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوان، بەڵام لەبەر ئەوەی باسی ئەو بەسەرهاتە تایبەتە بە ژن و کچی کوردن، نامەوێ زۆر لەسەر ڕۆژئاوا بڕۆم و دەچمەوە وڵاتی خۆمان.

زۆر جاران، ژن لەبەر خاتری منداڵ، لەبەر عەیبە و قسەی خەڵک، لەترسی مێرد یا باب و برا یاخزمانی دوور و نیزێک و یا باری بەڕێچوون و بێ پەنایی، ددان بەجەرگی خۆ دادەگرێ و دەنگ ناکا. پیاویش بێئینسافانە لەو دۆخەی ژنەکەی ئەوپەڕی کەلکی خراپ وەردەگرێ، ژنی بەسەر دێنێ، لێیدەدا، خیانەتی پێدەکا، ژیانی لێ دەکاتە ژهەری تاڵ، و بەستەزمانە ناتوانێ یا ناوێرێ نووزەشی لەبەر بێتەدەر. کچ بەمنداڵی مارەدەکرێ، بە ژن دەچێ، بەرخوێن دەدرێ، خوێنی پێ دەکوژێتەوە، بەبیانووی شەرەف پارێزی دەکوژرێ و تەنانەت لەباری سروشتیشەوە لەژێر گوشاردایە و عەیبەی زوو لێ وەدیار دەکەوێ و.... بەڵام کوڕ ئازادە، چی خراپەیە دەیکا، کیژ هەڵدەفریوێنێ، دەستدرێژیی ناموسی دەکا، لەسەر ژنەکەی ڕا حەز لێکردوویی دەکا، ژن بەسەر ژنەکەی دێنێ و بەگشتی هەرچی دەیکا بارە خراپەکانی بۆ دادەپۆشرێ، ئازادە و کۆمەڵگاش لەپشتیەتی و قانوونیش لە بەرانبەریدا نەرمە، بۆ؟ چونکە قانوون، داب و نەریت، دین و بەگشتی هەموو پێوانەکانی چاکە و خراپە پیاو داینناون. بێگومان واشی داناون کە لەحاست لایەنی مێیینەدا کەمتر پێی خۆی بگرنەوە. دەردی ژنان لە وڵاتانی وەک ئەوەی ئێمەدا، ئەوەندە زۆرن، کە لەباسێکی ئاوا کورتدا ناگونجێن.

نموونەیەکی بچووکتان لە ئامارێک بۆ دێنمەوە کە لەسەر ئەو بابەتە لە لاپەڕە ٧ی گۆڤاری "انترناسیونال، ژمارە ٥ی خاکەلێوەی ١٣٧٢ی کۆچیی هەتاوی" (٢٥ی مارسی ١٩٩٣ی زایینی) لەساڵی ٩٥ واتە لەکاتی دەست پێکردنی ئەو چیرۆکە بەدەستم گەیشت:

٤(/٤٥%)ی ژنانی ئێران نەخوێندەوارن،

ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێو ژنانی گوندنشینی ئێراندا (٨٩%)ە.

ژنان لە ئێراندا لە ٩١ بەشی زانستی بێبەش کراون.

لەنێوان ساڵی ١٣٥٧ و دوایین سەرژمێریی ئێران لە ساڵی ١٣٦٥ دا هەمووساڵێ (١/٧%) لە ڕێژەی ژنانی لەسەرکار کەم بۆتەوە. بەگشتی

(٨%)ی ژنانی ئێران لەسەرکارن. لەساڵی ١٣٧٠ دا لەئێران ١١٣ هەزار ژن لەسەر خۆ دانەپۆشین (بدحجابی) گیراون.
کۆمەڵی ژنانی گوندنشینی جیهان کە لە هەژاریی تەواودا دەژین، لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا (٢٠%) زیادی کردووە.
لە بەنگەلادێش (٧٣%)ی کیژانی خوارەوەی ١٥ ساڵ بەشوو دەدرێن،
لەساڵی ١٩٩١ لە هیندوستان ٥١٥٧ ژن لەسەر کەمبوونی جیازیان بەدەستی مێردەکانیان کوژراون.
نیزیکەی (٩٠%) ی ژنانی ٢٥ساڵەی پاکستانی نەخوێندەوارن.
ژنان لە ئوستەرالیا (٨٦%)، لە ئامریکا لەنێوان (٦٠%) تا (٦٥%)ی پیاوان و لە پۆلۆنیا بە شێوەی نێونج (٢٥%) کەمتر لە پیاوان هەقدەست وەردەگرن.
هەقدەستی ژنان لە ساڵی ١٩٩٠ لەدانمارک (٨٥%)، لەیونان (٧٦%) لە ئیسپانیا (٧٢%)، لە فەرانسە (٨١%) لە هیندوستان (٧٥%)، لە ئینگلستان (٦٨%)، لە سوئێد (٨٥%) و لە ئیرلەند (٦٨%)ی ئی پیاوان بووە.
لە وڵاتانی ئافریقایی، لە ئەلجەزایر (٨%)، لە میسر (١٠%) ، لە مالاوی (٨٧%) و لە زیمبابوە (٧١%)ی ژنان لەسەر کارن.
ئەوانە نموونەگەلێکن کە کە بۆ ئەوڕۆ ڕەنگە بەپێی مێژووەکەیان کۆن بنوێنن و گۆڕانکاریگەلێکیان بەسەردا هاتبێ، بەڵام بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات بەشی هەرە زۆری ئەو ئامارە بەرەو خراپتریش ڕۆیوە.
هەر ئێستا لە ئوستەرالیا کە ئێمەی تێدادەژین، بەدەیان ژنی تەڵاق دراو لەو چەندساڵەی دواییدا لەپێش چاوی منداڵەکانیان بەدەستی مێردەکانی پێشوویان کوژراون. بەدەیان ژن و کچ دەست درێژیی سێکسییان پێ کراوەو بەهەزاران ژن لێیان دراوە و بەدڕەفتارییان دەگەڵ کراوە و...
لە عەرەبستانی سعوودی، هێشتاش ئاژۆتنی ترومبێل بۆ ژنان حەرامە و تەنانەت لەڕیزی بێشەرەفی دایە، لە وڵاتانی ئیسلامیدا بوونی چەند ژن بۆ پیاوێک ئاسایییە، لەهەموو جیهان، لە کاتی شەڕدا ژنان دەبنە ئامانجی دەستدرێژیی سێکسی، بۆنموونە لە شەڕی سەربەخۆیی بەنگلادێش دا بەهەزاران کچی ئەو وڵاتە بەدەستی سەربازانی پاکستانی ئاوس کران، لە ئێران ئێستاشی لەگەڵدابێ، یەکێک لە ئاساییترین ئەشکەنجەکان بۆ ژنان یا کچانی بەندکراوی سیاسی تێڕستنە لەلایەن زیندانەوانان یا ئاخوندەکانەوە.
لە ئەفغانستان بێجگە لە هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی کە لەو وڵاتەدا زۆر ئاساییە، ژنان لەلایەن تالیبانەکانیشەوە ئامانجی درندانەترین شێوەی ڕەفتار و کوشتن و بڕینن کە ڕۆژانە خەبەری بڕێکی کەمی بەگوێچکەی جیهانییان ڕادەگا. لەسووریە بۆ زیاتر هاندان و دەستەمۆکردنی جەنگاوەرانیان، داهێنانێکی تازە بۆ کچانی مێشک بە پڕوپاگەندەی ئایینی شۆراوە، هاتۆتە گۆڕێ بە ناوی (جیهادی نیکاح). کچانی موسولمانی فریو خواردوو لە سەرانسەری وڵاتانی جیهان ڕا خۆ دەگەیەننە

ئەو وڵاتە و بە لەشی خۆیان خۆشی دەبەخشنە جیهادکارانی قاعیدە و ئاوا بەسەدان لەو کچە بەستەزمانە مێشک شۆراوانە دووگیان بوون، بەبێ ئەوەی تەنانەت باوکی منداڵەکانیش بناسن و بزانن کێن.
لەکۆمەڵی کوردەواریی خۆماندا، کە گەلێکی خاک لێ داگیر کراوی لە دواکەوتوویيدا ڕاگیراوین، لەبەردەستی چەند وڵاتی لەدواکەوتوویيدا ڕاگیراودا، ستەم لە ژنان زۆر بە توندی بەڕێوەدەچێ. ناوی ژن نموونەی سووکایەتییە. پیاو دەڵێ "ئەگەر ... لە ژنان کەمتر بم!" ئەوە سوێندێکی زۆر گەورەیە، هەر ئەوە بۆخۆی دەتوانێ پێوانەیەکی گەورەبێ لەنێو نەک هەر کورد، بەڵکوو هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی دا. هەوێساری دەردێکی گەورەی دیکەی ژنانە لەنێو موسوڵماناندا. بوونی چەند ژن بۆ پیاوێک لە نێو موسوڵماناندا ئەوەندە باوە کە تەنانەت ژنانیش وەک مافێکی حاشاهەڵنەگری پیاوان، سەلماندوویانە و وای لێهاتووە کە توێژی بەناو ڕووناکبییر و بەڕواڵەت شۆڕێشگێڕیش سڵی لێ ناکەنەوە. لێرەدا سێ نموونە دێنمەوە کە بۆخۆم لەنیزیکەوە ئاگاداریان بووم:
١- لەگوندێک ئاوارە بووین، خاوەن ملکێک کە ئەوکاتی لەتەمەنی ٦٥ ساڵیدابوو، وەک عادەتی ئاسایی ساڵانەی خۆی لە وەرزی هاویندا دەهاتەوە سەر زەوییەکانی و لە وەرزەکانی دیکەدا دەچۆوە هەولێر. کچێکی گەنجی زۆر جوان و ڕێکوپێکی هەبوو. ئەو کچە هاوتەمەن و هاوپۆلی کچەکەی من بوو لە ساڵی کۆتایی دوا ناوەندی لە یەکێک لە قوتابخانەکانی هەولێر دا. ڕۆژێکی کچەکەم بۆ سەردان هاتەوە. بە سەرسووڕمانەوە کوتی:
- بابەگیان دەزانی (س) شووی کردووە؟
- دەی باشە ڕۆڵە ، جا چ بوو؟ پیرۆزی بێ!
- ئاخر زۆر سەیرە! بۆ بابی بەژن دەچێ، مێردیش بە کابرایەکی دەوڵەمەنی لەتەمەنی باوکیدا دەکا. کچی ئەوکابرایەش دەبێتە زڕدایکی (س)، سەیرتر ئەوەیە (س) پێشی ناخۆش نیە و زۆریشی بەئاسایی دەزانێ!
ج(ی) ی باوکی (س) دوو ژنی هەبوون. یەکیانی تەسخیر کردبوو، واتە هاتوچۆی نەدەکرد و هەر بەمارەو تەڵاقی خۆیەوە لە شاری ماڵێکی دابۆیە. ٧ کوڕی گەنجیشی لەو ژنەی هەبوون. بەڵێ ئەوەش دەردێکی دیکەی ژنانی موسوڵمانە. پیاو دەتوانێ هەرکات ویستی ژنێکی دیکە بەسەر ژنەکەی خۆی بێنێ، تەنانەت ژنەکۆنەکەشی تەسخیر کا، واتە ماڵێکی بۆ دانێ، خەرجی بکێشێ، بەڵام هەر بە مارەو تەڵاقی خۆیەوە بیهێڵێتەوە و هاتوچۆشی نەکا.
٢- ئەندامێکی بەناوبانگی سەرکردایەتیی یەکێک لە حیزبەکانی کوردستان، کە لە گۆڕەپانی پێشکەوتن خوازیدا کەسی بە هاوشانی خۆی نەدەزانی، سەرەڕای هەبوونی ژنێک، کچێکی بەتەمەن کەمتر لە نیوەی تەمەنی خۆشی هێنا، بەبێ ئەوەی کەس ڕەخنەی لێ بگرێ یا تەنانەت پێی سەیریش بێ!
٣- خوشکم لەلایەن یەکێتیی ژنانەوە سەردانی ڕێکخراوێکی ژنانی کوردستانی باشووری کرد. کەهاتەوە، بە سەرسووڕماوییەوە کوتی:

- کاکـه، ئەوانـه زۆر سـەیرن! لەگـەڵ بەرپرسـی ئـەو ڕێکخـراوەی ژنـان دانیشتبووین و باسی چەوسانەوەی ژنمان دەکرد. کە هاتمە سەر باسی ئـەو پیاوانەی ژن بەسەر ژنەکانی خۆیان دێنن، کوتی: "جا چ بوو، پیاو هـەقی خۆیەتی دوو ژن و تەنانەت زیاتریش بێنێ!"
لەکۆمەڵگای دواکـەوتووی ئێمـەدا (وەک بەشێک لـە بەشـە دواکـەوتووەکانی ڕۆژهـەڵاتـی)، زۆر داب و نـەریتی بـاش بـەرچاو دەکـەون، بـەڵام زۆر داب و نـەریتی کۆنی نالـەباریش دە دەست و پێ و هـەموو تـانوپۆی ژیـانی ژنـان هـاڵاون.
ژن هـەر لـەسەرەتای منداڵیـەوە هـەر لاواز و بێهێز و دەستەڵات ڕادێت. برای زۆر لـەخۆی چووکتریشی لێیدەدا و بێحورمـەتیی پێدەکا، لـە خوێندنـدا وەک کوڕ ئازاد نییە. کچان لەو شوێنانەدا کە خوێندنگای ناوەندی و بەرزیان تێدا نیـە زۆر کـەمتر ڕێگایـان پێـدەدرێ بـۆ خوێنـدن لـە بنەماڵـەی خۆیـان دوور کەونـەوە و بچنـە شـارە گـەورەکان. جـاری واشـە کـچ تـا کـاتی کـارکردنی نەهاتووە، بەهەڵکەوت لە هێندێک ماڵان دەنێردرێتە مەدرەسە، بەڵام هـەر کـە بڕێـک گـەورەبوو، بـەناوی پاراسـتینی حـەیاو حـەدەب! دەسـتی پـێ لەخوێندن هەڵدەگرن و دەکارانی وەردەدەن. زیبایش کـە بـوو بـە ١٠ سـاڵە، براکانی نەیانهێشت چیدی بخوێنێ.
کیـژ هـەر کـە لـەدایک بـوو، هـەمووگیـانی عەیبـە! نـاوی بـن پشکی لەسـەر دادەنرێ، واتە دەبێ بەژن بچێ، پیاو پیاوێک دەکوژێ، خوێنەکە دەبێ بەکچ بکوژێننـەوە، واتـە کچێکـی بەسـتەزمان بـەزۆرەملی لـەجیاتی خـوێن بدەنـە یەکێک لـە بنەماڵـەی کوژراوەکـە تـا مەسـڵەت بکرێ و بنەماڵـەی گۆرینیش لەبری خوێنی کوژراوەکەیان وا لەو بەرخوێنە بەستەزمانە بکەن کە هەموو ڕۆژێ چەندجاران بمرێ و بژیەتەوە.
پیاو لە کردنی هەر خراپەیەکدا ئـازادە. بـەڵام ژن یـا کـچ ئەگـەر لـە دەرێ لەگـەڵ پیاوێـک ڕاوەسـتێ عـەیبێکی زۆر گـەورە و زۆرجـاران لەبەخشـین نەهاتووشە و تەنانەت جـاری وایـە خوێنیشـی لەسـەر دەڕژێ. ژن نامووسـی پیاوە، بەڵام بۆ پیاو نامووسی ژن نیە؟ کەس نازانێ، چونکە داب و دین وای دانـاوە. ژن هـەر بـەناو شـەریکی ژیـانی پیـاوە، بـەڵام هـەر لـە مەینـەتی و کوێرەوەرییەکاندا، دەنا لە چاکە و سامانەکاندا شەریکێکی ئەوەندە بێبەشە کە هەر نەبوونی باشترە. باب وەلیی موجبیرە، بـەڵام دایک هیچکـارە نیـە. ئەو وەلیی موجبیرەش!! دەتوانێ کـچ مارەکـا، جـا چ بـەئاگاداریی خـۆی، یـا بەبێ ئاگاداری و تەنانەت لەسەر پشتی لانکێ و جـاری واهـەبووە لـە زگـی دایکیشیدا دەیبەخشێ و پیاوەتیی پێوە دەکا.
کچ نابێ بەخۆڕایی بچێ! ئەگەر بـە ژنـیش نـەدرابێ، بـەناوی شیربایی یـا هەر قیلە و حیلە شەرعییەکی گونجاو پووڵێکی لەبری بە بنەماڵەکەی دەگا، بەڵام کوڕ بۆ ژن هێنان دنیایەک پووڵی بۆ خەرج دەکرێ.

دەردی ژنان و کچانی کۆمەڵگایەکەمان ئەوەندە زۆرن کە هەر بە باسێکی ئاوا کوردت کۆتایی نایەن و باسی هەموویان لێرەدا ناگونجێ. ئەوەی لەکوردەواریدا بەداخەوە ئێستاش هەر باوە، ژن بە ژنەیە. کە ئەمن لێرەدا تێکۆشاوم دیمەنێکی لێ بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز.
نیزیک بە ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا، لە عەرەبستانی بوتپەرستی پاشکەوتوودا، زیندەبەچاڵ کردنی کچان بەهاتنی دینی ئیسلام کۆتایی پێهات. بەڵام ئەو دابە لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بەشێوەیەکی دی بڕەوی ئەستاند. ئەوجار ژن بەژنە، بەنابەدڵی بەشوودان، بە چووکەیی مارەکردن و نەبوونی دەرەتانی دەربازبوون لەو چارەنووسە داسەپاوە و ... ماڵی لەو بوونەوەرە چارەڕەشە کردە گۆڕێکی تەنگ و تاریک. ئەو مەحکووم بوو بە زیندوویی سەری، ماڵە مێردیی لێ ببێ بەگۆڕستان و ئەگەر زیندەبەچاڵ کراوەکە بە چەند ساتێک لەژێر کۆمای گڵ و خۆڵدا گیانی دەدا، ئەو ناچار بوو تا ماوە ڕۆژێ هەزارجار بمرێ و یاباشتر بڵێم ماڵە مێردە زۆرەملییە بەتفەڕەکەی لێ ببێتە گۆڕێکی ترسناک، کە هیچ تروسکەیەکی هیوای تێدا نەبینێ و لە ڕاستیدا زۆر پێش گەیشتنی عیزرائیل بمرێ و هەر ئەو فرشتەی خوایە بتوانێ بەیەکجاری لەو مەرگەساتە نەجاتی دا. هەر بۆیەش من ناوم لەو چەشنە چارەنووسانە ناوە زیندەبەچاڵ.
هەوێنی ئەوەی لەو چیرۆکەدا دەیبینن، بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە کە هاوسەرم پاش گەڕانەوە لە سەردانی بنەماڵەکەی لەساڵی ١٩٨٦، بۆی گێڕامەوە. ئەو پاش سەردانێکی سێمانگەی دایک و باب و کەسوکار و خۆشەویستانی لە ناوچەی بەردەستی دوژمنانماندا بەجێماوی، نەقڵی زیبای کڵۆڵی بۆ گێڕامەوە. بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا زیباانی لەچەشنی ئەو کڵۆڵە دەئەژمار نایەن. ئەو زیباانەی فیدای داب و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵەکەمان بوون و تا مردن بەبێ تاوانی و تەنیا بە بەزەی مێیینە بوونیان هەر بە کۆت و زنجیری دەست و پێیانەوە ناڵاندیان وکەس بەفریایانەوە نەهات. هەر ئەوکاتە بڕیارم دا دەردی ئە کڵۆڵانە لە کورتە چیرۆکیکدا بگونجێنم، بەڵام لەبەر گیرو گرفتی ژیان و کاری پێشمەرگایەتی و باری ژیانی سەر شانم بۆم نەکرا تا لە ساڵی ١٩٩٥ کردم بەو چیرۆکەی بەر دەستتان و لەبەر نەبوونی دەرەتانی چاپ، وەک نووسراوەکانی دیکەم بەدەستمەوە مان تا پاش هاتنم بۆ ئوستەرالیا، لە گۆڤارێکی وەرزانەدا بەناوی (هەوار) کە بەهاوبەشیی سێ برادەری دڵسۆزی دیکەی کوردم، لە شاری ئادیلاید بڵاومان دەکردەوە، لە چەند ژمارەدا بەش بە بەش خستمە بەر چاوی بینەرانی.
ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە و هەموو نموونەکانی نێوی بێجگە لە ناوەکان کە لەبەر کەسایەتیی کەسەکانی گۆڕیومن، ڕاستەقینەن و ئێستاش پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵان نموونەکان هەموو ڕۆژێ هەر وەک خۆیان، لە وڵاتی کوردەواریدا دووپات دەبنەوە. ئەو پێشەکییەش هەر وەک بابەتەکە

ئاڵوگۆڕێکی وەهای تێدا پێک نەهاتووە، ئەویشم لە نوێکردنەوەی ئێستامدا هەر بەکەمێک گۆڕین و لێ زیادکردنی هێندێکی دیکە لە ڕاستەقینەکانی لەمەڕ تاوانی ژن بوون، لێرەدا دووپات کردۆتەوە.

خوێنەرانی بەڕێز

نەک هەر بەسەرهاتی زیبا، بگرە هەموو نموونەکانی نێو ئەو چیرۆکە ڕاستەقینەن و بەسەرهاتگەلێکن کە بەشی هەرەزۆریانم یا ڕاستەوخۆ لە زمانی کەسانی ناو چیرۆکەکە بیستوون، یا بۆخۆم شاهید یا ئاگاداریان بووم یا ناڕاستەوخۆ لێرەو لەوێ بیستوومن. من تەنیا ناوەکانم گۆڕیون، بەڵام دەقەکانم هەر وەک خۆیان لە چوارچێوەی ئەو نووسینەم دا داڕشتوونەوە. ئەوە یەکەم جارە دەستم داوەتە قەڵەم بۆ نووسینی چیرۆکێک، و بێگومانم لەوەی کەموکووڕیگەلی بەرچاوی تێدا دەبن. ڕێنوێنی و ڕەخنەی دڵسۆزانەتان ئەگەر عومرم باقی بێ دەبنە یارمەتیدەرێکی زۆر بەنرخ و بەجێ و بەرهەمەکانی داهاتووم پاراوتر دەکا.

هیوادارم توانییم ئەگەر تاڕادەیەکی کەمیش بێ، ئەگەر وە تروووسکەیەکی دوور و لاوازیش لە نێو تاڕێکیی شەوەزەنگدابێ، ڕێنوێن بێ بۆ تێگەیشتن و هەستێکی هەرچەند کەمیش بە ئازاری زیباەکان بێ، پێشکەشی خوێنەرانی خۆشەویستی کەم. هیوادارم ئەو باسە کەمەم بۆ ببێتە کوچکێکی گورچووبڕ کە بتوانم بە کەلەکەی دایک و باب و برای زیباەکان و ویژدانی کوێری هەموو ئەوکەسانەی دادەم ت بەهەر شێوەیەک بێ ببنە یاریدەدەرێک بۆ نە قەومانی پەیتاپەیتای ئەو کارەساتانە لە کۆمەڵگاکەماندا.

جارجارە چیرۆک و وتاری بەنرخ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا لە سەر چارەڕەشیی ژنان دەنووسرێن. لەنێو ئەو بابەتانەدا کاک برایم لاجانی بەسەرهاتی کچێکی عەرەبی نیشان دام کە (لیلی‌العثمان) بەعەرەبی نووسیویەتی و مستەفا کولیوەند بە فارسی وەریگێڕابۆوە، ئەمن ئەو چیرۆکەشم وەرگێڕاوە سەر کوردی و بەجێم زانی بیکەمە پاشکۆی بەسەرهاتەکەی زیبا.

بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی هێژا، (لیلی‌العثمان) لە ساڵی ١٩٤٣ لە کوەیت لەدایک بووە، باوکی پیاوێکی دەوڵەمەند بووە و ٩ ژنی هێناون و بەپێی نەریتی باو لەکۆمەڵگای عەرەبیدا، سەرنجێکی ئەوتۆی نەداوەتە کچەکەی و بۆ ماوەیەکیش پێشی بە درێژەدان بە خوێندنەکەی گرتووە. سەرەڕای ئەوەش، (لیلی‌العثمان) لە ساڵی ١٩٦٥ ڕا دەستی کردووە بە نووسین و تا ئێستا چەند کورتە چیرۆک و ڕۆمانی بڵاو کردوونەوە. لە زۆربەی نووسراوەکانیدا دەوری ژن لە کۆمەڵگای عەرەبیدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەخرێتە بەر توێژینەوە.

عبدالله ابراهیمی

ئادیلاید – ئوستەرالیا

٢٠١٣/١٢/٢٠

بەرەو گۆڕستان!

- ئەی هاوار خەڵکینە بۆخاتری خوای مەیەڵن بم بەن! ئەنگۆ و ئەو خوایەی مەیەڵن سواری ماشێنم کەن! ئاخر مەگەر موسڵمان نین؟ بۆدهەاوارم نایەن؟ خوا لێتان هەڵ ناگری...
- بێدەنگ بەقاحبە! ئابرووومان مەبە، سواربە زووکەدەی، بانەت تۆپێنم!

خەڵکەکە ناڕەحەت و سەرسام ڕاوەستاون، نازانن بڵێن چی، کیژۆڵەی بەستە زمانیش، هیوا براو ولێقەوماو، بەوپەڕی داماوییەوە هەرجارەی ڕوو دە پیاوێک دەکاو چاوە جوانە بڕلە فرمێسکەکانی داوای بەزەیی و یارمەتی‌یان لێ دەبارێ، سەری خەریکە بەئاوزینگانەوە هەڵقەنێ، بەدەم هەنیسکەوە خوا و هەرچی بێغەمبەر و ئیمام و پیاوچاک و حەزرەت و شێخ و مشایەخی بەمێشکی بچووک و ساکاریدا دێن، دەیانهێنێتە تکایە...
- کاک عەلی توخوا مەهێڵە! کاک حەسەن! کاک بابیز! ئەنگۆ لەڕێی خوای، بۆخاتری بێغەمبەری نەجاتم دەن! مەهێلن بم بەن! بەخوای بم بەن یاخۆم دەکوژم یادڵم دەتۆقی...!
دڵی بەرد بۆی دەبێ بەئاو! هەموو بینەرانی ئەودیمەنە دڵتەزێنە زگیان پێی دەسووتێ، تەنانەت هێنێدکیان فرمێسکیش دەچاوانیان دەگەڕێ. ورده ورده بۆڵە بۆڵ و ورتە ورت دەکەوێتە نێویان:
- ئەوبەستەزمانە زۆر منداڵە!
- بابم خوا هەڵناکری کوا وەختی مێردییەتی؟
- بۆوای لی دەکەن؟ جاری ڕاوەستن خۆهاوار نییە بابڕەکی دیکە گەورەبێ!
- بابە وەللا هی خوا هەڵناگری! ئەو بەستە زمانەی بۆ وا لێدەکەن؟
کاک عەلی غیرەت دەداتە بەرخۆی ودەچێتە پێشی:
- کاکە خوا هەڵناگری، خوشکەکەتان جاری زۆر منداڵە! لانی کەم یەک دووساڵی دیکەی لێ ڕاوەستن! ئەو بەستە زمانە کوابۆماڵە مێردی دەبێ؟
بارامە کەڕە و براکەی بەتوڕەیی‌یەکی دڕندانە و چاوی لەڕقان سوور هەڵگەڕاوە وە دەڵێن:
- ئەری کاکە بەنگۆ چی؟ خوشکی خۆمانە و بەژنمان داوە، خۆ کفرمان نەکردوە! تازە بووک هاتووە ودابەزیوە و ئەویش دەبی بڕوا، کەسیش هەقی نییە دەست دەکاری مە وەربدا....
خەڵکەکە بڕێک دەکشێنەوە، تەنانەت هێندێکیان خۆڕاناگرن، ناتوانن چی دیکە شاهیدی ئەودیمەنە بن، دەچنەوە ماڵێ. کاک عەلیش کەپیاوێکی گەڕیدە و دونیا دیتووە، کە دەبینێ قسەکەی بڕ ناکا و لەوانەیە تووشی شەڕیش بێ، بەچاوی بەفرمێسکەوە دەچێتەوە ماڵێ. لەڕێگادا بیر لەحاڵی ژن و کچانی کورد دەکاتەوە:

خوایە کچ بۆ وا بەدبەختن؟ ئەم منداڵە بەستەزمانە کە نموونەیەکە لە هەزاران کیژی چارە ڕەشی کوردەواری، هێشتا دەستی ڕاست و چەبی خۆی ناناسێی، هێشتا لەتەمەنی ١٢ ساڵیدایە، تازە لەنێومنداڵان ڕا هێناویانەتەوە. موورووی مووروێنەی هەربەدەستەوەیە. بۆدەبی بەزیندویی سەری بینێژن؟ ئاخر ماڵە مێردی بۆ لەقەبری ناخۆشترە! تاوانی چییە، هەرچونکوو مێینەیە؟ ئەو هەموو خەڵکە چاویان لێ بوو، هەرئەمن چوومە پێشی، وەختابوو دەگەڵ ئەو بێ ئەقڵانە تووشی شەڕیش بم! زیبا بەستەزمان! هەردەڵیی تاوانێکی زۆر گەورەی لەسەرە! تاوانی (مێیینە) بوون! هەر بەو تاوانەش لە بێدادگای دوور لە ویژدانی داب و نەریتە کۆن و ڕزیوەکانی کۆمەڵەکەماندا مەحکووم کراوە، ئەو بەکچی لەدایک بووە! ئەوتاوانە گەورەی هەر لە رۆژی لەدایک بوونی ڕا وەک بەڵەیەکی ڕەش بەنێوچاوانەوە نووساوە و قەت لێی نابێتەوە!؟ ئەگەر کوڕبا مامان بەوپەڕی خۆشحاڵی وشانازییەوە هەروەک بۆخۆشی دەستی دە خوڵقاندنەکەیدا بێ، مزگێنیی بۆ باوکی دەبرد:

- مزگێنین دەیە، شوکر خودا کوڕێکی دانێ! ماشەللا لەچاوی پیس بەدووربێ هەردەڵێی زێڕە!

دایکی منداڵەکە لەشاییان ئازارەکەی هەر لەبیر دەچۆوە. دەبوو بەخۆشی و بەزم وهەرا. گوێزەبانە دەدراو شیرینی دەبەشراوە. ئاخر کوڕ وەجاغە، چرای ماڵە، پشتە، تەنانەت لەسەر دایکیشی وەجواب دێ. هیچ ژنێک بەبوونی دە کوڕیش لەسەریەک تاوانێکی نەکردوە. خەمی نەبوونی کچ تەنیا ئەوەندەیە کە ماڵ کارەکەرێکی دیکەی نابێ و دایک دەبێ کوێرەوەری زۆرتر بکێشێ و یاکوڕەکان بۆ ژن هێنان تووشی گیروگرفت دەبن، ئاخر لەو کۆمەڵەدا بەبێ بنپشک ژن هێنان زۆر ئاستەمە و زۆر خەرج هەڵدەگرێ. زۆر بنەماڵەش بەبێ ژن بەژنە کچی خۆیان بەخۆڕایی نادەن. بەڵام ژنێک ئەگەر کوڕی نەبێ، هەر لەکچی دووهەمی ڕا بۆڵە و قسەی سووک دەست پێ دەکا:

- خوا قەوەتی نەدا هەر تۆلی پردەبێ دێڵێکی دەر دەفرتێنێ! بۆیەش کە ئەو لەدایک بوو مامان بە شەرم و ناڕەحەتییەکی زۆرەوە بەسەر شۆڕی و هەروەک ئەویش لەو تاوانە گەورەیداخۆی بەبەشدار بزانێ گوتی:

_ شوکر دایکی نەجاتی بوو!

_ ئاخر چی بوو؟

_ شوکر دایکی نەجاتی بوو!

دڵی باب دادەخورپێ، ژنەکەی تاوانێکی گەورەی کردوە! ئەو چاوەڕوان بوو وەجاخی ماڵێی بەکوڕێکی جوانی دیکە ڕوونتر بێتەوە بەڵام....

زیبا کیژۆڵەی جوان و خوێن شیرین دەبوو ببێتە قوربانیی هەوەسی برای ناحەز و شێت و شووری، کە بارامەکەڕەیان پێ دەگوت و لەبەرئاقل سووکی

ژنی وەگیر نەدەکەوت. کچی بەستەزمان تەنانەت دایکیشی بەزەیی پێدا نەدەهات. ئەویش هەر دەتکوت تۆڵەی ڕۆژی لەدایک بوونێی لێ دەکاتەوە.
_ کۆنە قاحبە بڕۆ سواربە دەی! چەقەچەقێ مەکە بێم لەبەرێکت هەڵ دەدڕم! هەزاری وەک تۆ بەقوربانی قامکێکی کاکە بارامت دەکەم، ناچم ناچم!؟ جوابی مەدەنەوە غەڵەت دەکا! سواری کەن جوابی مەدەنەوە! قاحبە جابزانە ئابروشمان نابەی؟ چاو چاو ئەو هەموو خەڵکەی وەسەر گێڕاوین! ئیشتیای لە بەرەڵڵاییەیە....!
دایکی هەر دەیگوت ودەیگوتەوە، هەرجنێوی دەدا و هەڕەشەی دەکرد. دەمارگرژی سەبارەت بەدابو نەریتە نالەبار و کۆنەپەرستانە و پڕ لە شەرم و شوورەییەکانی کۆمەڵەکە، تەنانەت هەستی بەزەیی و بەرپرسیاریەتیی دایکانەشی لەدڵی ئەو ژنە چارەڕەشەدا کوشتبوو. ئاخرئەویش بۆخۆی یەکێک لەقوربانییانی ئەو ڕەسمەبوو، ئەو چەشنە قوربانییانە لە کۆمەڵەکەیدا زۆر سروشتی و ئاسایی بوون، کێ دەیوێرا و دەیتوانی بەربەرەکانییان بکا؟
قادری براگەورەی زیبا لەداخان هەمووگیانی دەلەرزی، کورد کوتەنی (خەنجەرت لێدابا خوێنی لێنەدەهات). ڕقێکی توند و تۆقێنەر دایگرتبوو، دووچاوی سوورهەڵگەڕاوی لەداخان دەرپەڕیبوون، ڕەگی ملی هەستابوو و هەر پیشی دەخواردەوە.
_ زۆرباشە ئایشە گوو...، ئەو پەندەشمان بەسەر بێنە! لەبەرعەیبەی دونیا نەبا وەک سەگ دەم تۆپاندی! خوا بەقوربانی ئەو خەڵکەت کا لە دەورەمان هاڵاون دەنا یائاقڵم دەکردی، یا بەشەپ و پێلاقان دەمکوشتی...

زیبا بەناڵە و گریانەوە، لەحالێکدا دەنگی بەزەحمەت دەهاتە دەر و قسەی بەحاڵ بۆدەکرا، هاتە نێو قسەکانی:
_ کاکە گیان! .. جاکوا چاکەی وام دەگەڵ دەکەی؟ بۆ نامکوژی نەجاتیم بێ؟ خۆ مردنم زۆر پێ لەو حاڵەی باشترە...
بارامە کەڕە ترس دایگرتبوو کە نەکا زیبا نەچی و (ڕیسەکەی لێ ببێتەوە خوری) و بوکەکەی هەر بەکچی بگێڕنەوە ماڵە بابی و ئاواتی چەند ساڵەی ببێتە بڵقی سەرئاوێ و تازە قەت ژنی وەگیر نەکەوێتەوە. هەرجوێنی دەدا و خۆی ڕادەپسەکاند و هەڕەشەی دەکردن و بەکەس دەگرتن نەدەهات:
_ چاو چاو ئەو قاحبەی....! زمانی چەند درێژە!؟ حەیای بەتەواوی لەبەردا نەماوە، لێم گەڕێن بابی تۆپێنم! دێڵە سەگی وا ژینی بۆچییە و بەکاری چی دێ؟ ئای کە چۆنی ئابڕوو بردین....!
_ نا... بارام! ئەوسەیە بۆیە نابێ دەستی خۆتی پێ گڵاو کەی....
لەگەڵ ئەو قسانەدا، دوو چەنگی بەهێز لەپشتەوەڕا لەدووباسکی ناسکی کیژۆڵەی بێ دەرەتان گیربوون و وێڕای زنجیرەیەک جوێنی پیس لە حەرزییان هەڵقەند و فڕێیاندا نێو جێبە ڕازاوەکە و برازاوا هات و لەگەڵ میرزا ئەحمەدی دەنێوان خۆیان گرت. زیبا وردە وردە هەستی کرد سووک

دەبێ، دەفڕێ و لە هەموو دونیا دادەبڕێ. ئیدی هیچی هەست پێنەکرد. کەوتە نێو دەریای بێ ئازاری فەرامۆشی یەوە..

ماشێنی جێب وەک بارگینی تۆڕ لەپڕڕا وەهارە کەوت و لەجێی خۆی هەڵقەندرا و درێ بەخەڵکە نارەحەت و سەر سوڕماوەکە دا، تەپوتۆزی کۆڵانی تێکەڵاوی هەوای خەماویی گوندە بچکۆڵانەکە کرد و مینیبووسێک و جێبێکی دیکەش بەهارە هاڕ و هەڵڵا هەڵڵا کەوتنە سەری. خەڵکیش بەحەسرەت و خەفەتی ئەو دیمەنە دڵتەزێنەوە وردە وردە بڵاوەیان لێ کرد. چی وای پێنەچوو کە هەروەک هیچیش نەقەومابێ هەمووشتێکیان لەبیر چۆوە و زیباش لەبیر و مێشکیاندا چووە نێو دەریای نەبووەکان.

نێو ڕێگا

شایی گێڕان بۆ شینی چارە ڕەشێک!

لەسەر پێلووی چاوەکانی هەستی بەساردایی‌یەک کرد، هەڵلا و هاتوهاوارێکی زۆری تێکەڵاو لەگەڵ دەنگی دەهۆڵ و زورنا ورده ورده پەردەی گوێیەکانی لەراندەوە. دەتگوت ئەو دەنگانە لە دونیایەکی دیکە ڕا دێن. لەگەڵ زیندووبوونەوەی بیر و هۆشیدا، دەنگە دەنگە کە ورده ورده لێی نزیک دەبۆوە. سرتە سرتی چەند کەسێکیشی لە سەر سەری خۆی هەست پێکرد. پیلووەکانی چاوی ورده ورده سووکتر دەبوون، دەنگەکانیش هەر نزیکتر و ئاشکراتر دەبوونەوە. لەسەرەخۆ چاوی هەڵێنا، هەستا دانیشت، چاوێکی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕا، لەبن سێبەری دارێکی پڕلک و گەڵای بەساڵدا چوو، کە ڕەنگە تەمەنی زۆر لەئی باب و باپیری ویش زیاتربێ، لە قەراغ کانیاوێکی وەک چاوی قرژاڵی دایان نابوو، چەند ژن و کچ لێی هاڵابوون، دەیاندواند و ئاویان بەسەر و چاویدا دەپڕژاند. ژن و کچەکان بەحەسرەت و پەرۆشەوە چاویان لێدەکرد و بەسرتە پێکەوە دەدوان:

_ بەستە زمانە چەندەش منداڵە! خوا غەزەب لەبراکانی گرێ!

_ دایکی ! دایکی ! هەردەتگوت بەرازە، هیچ روحمی بەکچەکەی دا نەدەهات!

_ خۆ زاوای دەناسن، چ شێت و شوور و ناحەزێکە! ئەگەر وەختی خۆی ژنی دێنا ئێستا منداڵی لەوەی گەورەتری دەبوو!

_ ئای خوایە ژن و کچ چەندە بەدبەخت و چارە ڕەشن!

_ خۆ ناشکوری نەبێ ئافرەت هەموو گیانی هەر عەیبە، نە لەماڵە بابی هیچە و نەلەماڵە مێردی! لە هەرکوێ بێ هەر زوڵمی لێدەکرێ، وەک حەیوان دەفرۆشری و سەودای پێدەکرێ، بەچاوی سووک چاوی لێدەکرێ، هەموو شتێک هی پیاوە و ژن هیچی نییە، ژن نۆ مانگان منداڵی دەزگی خۆیدا دەگێڕێ، ژانی لەسەر دێنێ، گیانی هەمیشە لەخەتەردایە، تادەیبێ دونیای دیکە بەچاوی خۆی دەبینێ، کە بووشی زەحمەتی گەورەکردن و شەونخوونییەکانی هەر لەسەر خۆیەتی، بەڵام کە هاتە حیسابێ، منداڵ هەر هی بابە و ماڵە بابی مێرد هەمووکارەن و ماڵە بابی ژن هیچکارەنین.

_ کچ خۆ بەناشکوری وە ناڵێم هەر بەدبەختە، گەورەکردنی هەردەردی سەرە، تادەچێتە ماڵە مێردی دڵی دایک و باوک هەر دە خورت و پرتدایە و ناحەسێتەوە، چۆنی گەورە کەی، چۆنی پێ بگەیێنی وئاگات لێی بێ و چۆن بەحەیا و بەشەرەفەوە تەحویلی ماڵە مێردی دەی کە ئابروو و شەرەفت نەچێ.... و پاشان ئەگەر گەیشتە ماڵە مێردیش دڵت هەر ناحەسێتەوە،

هەمیشە نیگەرانی کە لەوێ چۆنی ڕەفتار دەگەڵ دەکرێ، سورە و تورەی مێرد هەمەکارەن، دەست دە ژیانیان وەردەدەن، بەڵام کەس و کاری ژن هیچکارە نین، کچ بێدەستەڵات و فەقیر و بەستەزمانن، زەعیفەن و ناتوانن لەسەر خۆیان بکەنەوە، پیاو دەستەڵاتدار و بەهێزە و ژن پێیناوەستی، بۆیەش ژن هەمیشە زوڵمی لێ دەکری.

_ ئاخر هەر بۆیەشە پیاوان هێندە لە بوونی کچ دەترسێن! ژنان زۆر جاران لەسەر بوونی کچ لۆمە دەکرێن، دەکەونە بەر تیر و توانج و پللاری سورە و تورەی مێرد و زۆرجاریش هەر لەسەر ئەوەندەی تەڵاق دەدرێن یا ژنیان بەسەردێ.

کچێکی زۆر جوان و شۆخ و شەنگ هەڵیدایە و قسەکانی پێ بڕی:

_ دا خوشکێ لەو قسانە گەڕێن، بەناشکوری نەبێ چارەنووسمان هەر ئەوەیە! بابڕۆین داوەتەکەمان لەقیس نەچێ!؟

ئەو ژن و کچانەش هاوبەند و هاوئازاری بوون، دەردەکەیان بەباشی دەناسی، دەیانزانی چی بەسەر هاتووە، داغی ئەو دابە بەدڵی بەشی هەرە زۆری ئەوژنانەوە بوو و سەری داغەکە دە ئاگردانی چەوسانەوەی ژندا وەک پۆلووی ئاگر سوور بۆتەوە و ئامادەیە هەردەم دڵی یەکێکی دیکە لەو کیژانەش نیشانەبکا. لەو کۆمەڵەدا کچ حیسابی ئاژەڵی بۆ دەکرێ و ئەگەر بۆ نیشانە کردن و ناسینەوە ئاگر بەگوێچکە یا سمی ئاژەڵەوە دەنێن، دڵی کیژان ئامانجی داغی نیشانەیە. ئای کە ئەو داغە چەندە بەژانە! جێ داغی نیشانەی ئاژەڵ زوو چاک دەبێتەوە و جێ برینی سووتاوەکە سارێژ دەبێتەوە و ژانەکەشی دەشکێ، بەڵام نە داغی دڵی ئەو ژنانە قەت سارێژ دەبێتەوە و نەژانەکەشی هەرگیز دەشکێ.

ئەو پیاوانەی زیبا هانای بۆ بردن و داوای بەزەیی ویارمەتیی لێ کردن، بۆخۆشیان دەو تەونە جاڵجاڵۆکەیەدا حاسێ بوونە کە لە داب ونەریتی دەستکردی خۆیان پێک هاتووە و ڕێگای دەربازبوونێکی تێدا نابیننەوە. ئەوان کەوتوونە ژێر تەمی ماتەمی ڕەنجی حاستەمی ئەو کیژۆڵە بێتاوانە، بەڵام چارەیەکیان نیە جگە لەوەی بێتاوانی خۆیان بە تاوانبار کردن و سزادانی ئەو بەستەزمانە بێدەستەڵاتە بشۆنەوە. ئەوان سەرەڕای ئەوەی بەدیتنی دیمەنی قوربانی کرانی زیبا فرمێسک دەچاویاندا قەتیس مابۆوە و خەفەت و هەستی بەزەیی دڵی داگرتبوون و تەنانەت هێندێکیشیان بۆی گریان، بەڵام داب و نەریتەکانی باب و باپیرانی خۆیان وای زمان بەستبوون کە وشەکان دەگەرووياندا پەنگاویان دەخواردەوە و دەبوونە کولەگروو و خەریک بوو بیان خنکێنن، بەڵام لەترسان دەرەتانی دەرباز بوونێک شک نابەن و ناوێرن ببنە هاوارێک و خۆ بەپەردەی گوێچکەی دایک و براکانی زیبا و هێوەر و دەزگیرانە زۆرە ملی یەکەی دادەن و ویژدانیان بزرینگێننەوە. بۆیەش هەر بەشێوەی چەند سرتە و پرتە و بۆڵەگەلێکی بێکەلکی بن لێوان خۆ دەنوێنن و دوایەش زوو دادەمرکێنەوە.

ئەو وشانە تەنانەت لەزمانی کاک عەلی بەدەنگی بەرز بەڵام کورت و بێ ئاکام و بێپشتیوان دەر دەپەڕن و بەس. ئیتر هەرگیز نابنە ئیقدامێکی کاریگەر و ناتوانن بەربەستی ئەو کردەوە جینایەتکارانەی برا و دایکی ئەو کیژە خێر لەخۆ نەدیوە بکەن. بۆ وان وا هاسانترە و بەرژەوەندیشیان لە بێدەنگیدایە. چونکە هەر وەک مردن ئەوەش وشترێکە و لەدەرماڵی هەموانیان دەکەوێ، بۆیەش سەرەڕای ناڕەحەتی و هەستی بەزەیی هەر بە چەند ورتە و بۆڵەی سووک و کورت و کپ لێی دەبڕنەوە، کیژی بەستەزمانیش دەماشێن داویشترێ و بێهۆش دەبێ.

ماشێنەکان بەبۆرە بۆر و هات و هاوار و سیگناڵ لێدانی تێکەڵاو دەگەڵ چەبڵە و گورانی کوڕان و کچان لەنیوەی ڕێگادا گەیشتنە سەر ئەو کانیەی باسمان کرد و بۆ پشوودانێک و ڕەشبەڵەکێک و لەراستیدا شایی گێڕان بۆشینی چارەڕەشێک ڕاوەستان. خەڵکەکە بەپەلە دابەزین. چەند ژن و کچ زیبایان خێرا برد و لەسەرکانیاوەکە درێژیان کرد و بۆ وەهۆش هێنانەوەی کەوتنە خۆ و ئاویان بەسەرو چاوی داپرژاند. ئەوانی دیکەش پاش ئەوەی ئاوێکیان بەسەرو چاوي خۆ داکرد، خێرا خێرا لەدەوری چاوەشەکاندا کۆبوونەوە، کە لە گۆڕایی یەکی لەبار بۆ داوەتێ لەنزیک کانیاوەکە دایان کوتابوو، دەهۆڵکوت دەهۆ لی بەزەبری گۆچان وەگرمە خست و زوڕناچیش دە زوڕنای تووڕاند و سەری دەحەوای کرد، هەردەتگوت دەیەوێ هاوار و ڕۆ ڕۆی زیباش تێکەڵاو دەگەڵ گرمەی دهەۆڵ و دەنگی بەرز و بەهێزی خۆی تەحویلی حاسمانی بێسنووردا، تارۆژ و مانگ و ئەستێرەکان لەو کارە درندانە و نائینسانییەی ئینسانەکان ئاگادار کاتەوە و پێیان بڵێ: (ئینساف، دادپەروەری و مرۆڤایەتی) هەر قسەن و ساکار خەڵەتێنن و تەنیا بۆ دڵخۆشی لاوازان ساز کراون، دەنا دەستەڵاتدار هەرگیز گوێی پێیان نابزوێ و تەنیا ئەگەر باسیان دەکا بۆپاراستنی ڕوالەتە و دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی.....

زیبا ئیدی حەبەسابوو، فرمێسکی لێ بڕابوون، تەنانەت گریانیشی لێ تۆرابوو و ئامادەنەبوو تۆسقالێک لەخەفەتی برست بڕی نێو دەرونی لەگەڵ دڵۆپەکانی خوێنی جەرگی بەنێوان پیلووی چاوەکانیدا وەدەرنێ و تێکەڵاوی ئاوی زوڵاڵی ئەو کانیاوەیان کا، تا نەکا ئەو دڵۆپانە بگەنە چۆمە گەورەکان و چیرۆکی ئەو کارەساتە بۆ ماسییەکان بگێڕنەوە و ئەوانیش ئەگەر بۆیان کرا لە تۆڕی ڕاوچییان دەربازبن و ڕێگایان کەوتە دەریای بێسنوور، بەگوێچکەی هەموو ماسیەکانیدا بچڕێنن و یالەگەڵ خۆیاندا بیبەنە نێوزگی تیمساحێکی برسی و وەگریانی خەن.

بە بەرز بوونەوەی دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا، کیژ و کوڕی شۆح و ڕازاوە خێرا کۆبونەوەو دەستیان تێک گرت و کردیانە شایی و هەڵڵا و پێکەنین، دەتگوت هەرلەبیریشیان نییە کە چەند کەس لەوانیش چارەنووسێکی ئاوا چاوەڕوانیانە. هەر لەبیریشیان نەمابوو لەو کۆمەڵەیدا کە تێیدا دەژین،

ئەوین کوژراوە و خۆشەویستی سەر بڕاوە، کەم کچ هەیە بەدڵی خۆی بچێتە ماڵە بارام و تەنانەت بەشێکی زۆر لە کوڕانیش زۆرجار ناچاردەبن چاو لەدڵداری بپۆشن و ژاری تاڵی ژیانێکی نەخوازراو و نابەدڵ بنۆشن.

لەکۆمەڵی ئاوادا بەرژەوەندیی بنەماڵەیی هەموو بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دادەپۆشێ. هەرچەند ڕاستە کە ئەوان پیاون و دەستەڵاتدار، بەڵام بەند و بەستی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی، زۆر جاران ئەوانیش دەگرێتەوە. دیارە پیاو بۆ هەمیشە ناچارنییە بەو بەندەوە بناڵی و کۆمەڵ ڕێگای دەربازبوونی زۆری بۆ هێشتۆتەوە.

دەردی کچ هەر ئەوەندە نییە، لەکاری ماڵدا، لەخوێندندا، لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، لەسەرەتای هاتنە دونیایەوە هەتا مردن هەر دەچەوسێتەوە. بەشی هەرە زۆری ژنان نەخوێندەوارن، لەکوردستاندا ڕادەی نەخوێندەوارانی ژن لەسێ هێندەی هی پیاوانیش زیاترە. لە ڕابردوو دا زۆر جار حاجی و پیرە پیاوان تووشی پیاوێکی بوون کە کچەکەی دەباتە مەدرەسەی، هەر ئەوەندی بەسەر ڕۆیشتوون و پێیان گووتوە: (دەچیتە مەدرەسە بێحەدەب دەبێ، سەری ڕووت دەکا، نامە بۆ جحێڵان دەنوسێ و....) تا پەشیمانیان کردۆتەوە. زیبا تازە پۆلی سێی سەرەتایی تەواوکردبوو کە بابی مرد. ئەو چوار برای لەخۆی گەورەتری هەبوون، قادری براگەورەی و بارام هەرنەیان خوێند. ئەحمەد و رەسووش هەر تاپۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندیان و نەیانتوانی بۆخوێندن بچنە شاری و دەستیان هەڵگرت، بەڵام دوو برای لەخۆی بچوکتری، مەحموود و مارف دەیان خوێند. بابی تا مابوو سەرەڕای قسە و قسەلۆکی پڕ و پیرێژنان و پیرە پیاوان و دەمارگرژانی دی، بەویشی خوێندبوو و جوابی کەسی نەدابۆوە. باوکی ئاواش جارجار لەبنەماڵەیەکی گوندی دا هەڵدەکەون بەڵام بەداخەوە نموونەیان زۆر کەمە. پاش مردنی باوکی، قادر سەرپەرشتیی ماڵێی بەدەستەوە گرت. ئەو ژن و سی منداڵی وردی هەبوون، تابابیان مابوو هەردایکی و براژنی کاری ماڵێیان دەکرد.

زیبا هەرلەکاتی پشوودانی هاوینانی قوتابخانەدا دەچووە مەزرا و کار و بەرخی دەلەوەڕاندن. بەمردنی بابی کاکە قادری دەستی پێ لەخوێندن هەڵگرت و گوتی: " کچ خوێندنی بۆچیە؟ خۆ ببێتە دکتۆریش هەر دەبێ مێردي بکا، لەماڵێ بێ و ببێتە کابانێکی باش زۆر چاکترە، لێشمان بەد عەمەلیش نابی!!"

ئەوجار ئەویش کەوتە ژێرباری چەوسانەوە و کاری زۆر سەختی ماڵ و مەزرا. جا براژنیشی لەبەر منداڵەکانی کەمتر وەکاری ماڵی ڕادەگەیشت و قورسایی زۆرتر دەکەوتە سەرشانی دایکی و ئەوژنە بەستە زمانەش پشتی لە ژێر کاردا چەمابۆوە. ماڵێکی خاوەن زەوی وزار و مەڕو ماڵاتی دێ، بەتایبەتی ئەگەر چوارپیاوی کارێ و سی منداڵی سەر و پێچکە و دوو منداڵی مەدرە سەشی هەبن، کاری ئەوەندە زۆرن کە ژن لە ژین بێزاردەکا و

هەلی حەسانەوەی بۆ ناهێڵێتەوە. قادر زۆر لەسەر ژنەکەی وەجواب بوو، بۆیە دایکی قەت نەیدەوێرایە و داخی بووک و هەموو کوێرەوەری و بەدبەختیەکانی خۆشی بەزیبای بەستەزمان دەڕشت. ئەو کچە کڵۆڵە یا دەبوو بەشەیتانی و دووزمانیی براژنی بکەوێتە بەر شەب و پێلاقەی بێبەزەییانەی کاکە قادری و براگەورەکانی دیکەی و یا چەپۆک و بەد ئەخلاقیەکانی دایکی تەحەمول بکا. بەیانان پێش ڕوناک بوونی هەوا لە خەوێیان هەڵدەستاند و خۆی دەپێچاوە و توند و تۆڵ دەکرد. هەربارانی پرتە و بۆڵە و قسەی سووکیش بوو کەلەزاری دایکی و براژنی ڕا بەسەری دا دەباری:

- هەستە هەستە دەی کۆنە قەحبە! ئەوە نوێژی نیوە ڕۆیە خانم هەر قوونی دەجیی دایە! دەک داوەشێی وەختی مێردیەتی هەر لاسای منداڵان دەکاتەوە!

- کچێ سبەینی داخوا ماڵە چ قوڕبەسەرێکی بەقوڕێ دەگرێ! هێندەتان ڕوو داوەتێ هەر بەتەواوی بێکەلک بووە! منداڵ ئەگەر نازدار فێر بوو قەت نابێتە حیسان! هەستە هەستە دەی ئەدی بۆ بۆ نێو کوڕ و کاڵان هێندە ئازای؟

- زووکە وەرە دەر کۆنە ماکەر! تاکەنگێ خۆ دەگنخێنی؟ ئێستا پیاوەکان لە مزگەوتێ ڕا دێنەوە، دەبێ نان و چایان بۆ حازرکەین، یاڵڵا زووکە ئاومان نییە، بچوو دوو کەڕەتان لە کانییەڕا بێنە!

- زیبا بەپەلە دەچوو دووکەڕەتی ئاو لەکانی ڕا دێنا، پاش نان خواردنیش دەبوو قاب و ئیستکانان بەرێ و لەکانی بیان شوا، جا هاوار بۆ ئەو ڕۆژەی ئیستکانێکێشی لەدەست شکابا.... ئەو جار دەبوو پەڕۆوپاڵی منداڵەکان بەرێتە کانی و بیانشوا، شوشتنی قاب و ئیستکانی نیوەڕۆیە و هێنانی پێنج شەش کەڕەت ئاوی دیکەش لەکانی ڕا هەرلەسەرە وی بوو. لە وەرزی کار و مەزرادا هاتوچۆی مەزراشی دەکرد، بەڵام لە وەرزەکانی دیکەدا ئەگەر جارجار هەڵی بۆ هەڵکەوتبا، خۆی دەگەیاندە نێو منداڵان و قوماری دەکرد، لەسەر ئەوەندەش یابراکانی دەهاتن و بەجوێن و لێدان دەیان بردەوە ماڵێ، یان دەنا ئەگەر بۆ خۆشی گەڕاباوە ، ئەوە بەشەیتانیی براژنی لێدانێکی وێ دەکەوت.

تەڵقینی پێش مردن!

ئێوارێ درەنگ گەیشتنەجێ. دابەزین و بووکیان بەلاکەلاک وەپێشخۆ دا. برازاوا و کەسێکی دیکە بن پیلیان گرتبوو. خەڵک بەپیریانەوە هاتن. دڵی گەنجان بە دەنگی دەهۆڵ و زورنا دەکەوتە سەما. ژنێک ئاوێنەیەکی لەپێش بووکێ ڕاگرتبوو، دەتکوت دەیەوێ ئەو خەفەت و کارەساتەی بۆ دووقات کاتەوە کە بەو پەیوەندە ناپیرۆزە بەسەریان هێنابوو. چەند ژن و کیژیش بە چەپڵەڕێزان و سەما وەپێشیان کەوتبوون.

- تەدارەک بێ مبارەک، زاوا بووکت مبارەک!

لە پڕ ڕا بارانی شیرنی و وردە پووڵ بەسەر بووکێدا باری، منداڵان بۆ هەڵگرتنەوەی چەند قڕانێک و چەند دەنکە شیرنیاتێک سواری سەری یەکتری بوون. بوو بە قریوە و هەرایەک، هەرمەپرسە!

بووکیان بردە ژوورێ، لە سەر کورسییەکیان دان، ژن و کچ دەورەیان دابوو. بەستەزمانە هەر دەتکوت لە بن تیخی جەللادە و ئەو خەڵکە وەک لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا باوە، بۆ پەند وەرگرتن لە چارەنووسی مەحکووم بە مردنێک بانگ کراون. بووکیش وەک ئەو مەحکوومە دەتکوت چاوەڕوانە هەردەم شیری تیژی خوێنڕێژ ملی بپەڕێنێ یا تەنافێ لە ملی هاڵێ و لەشی بێگیانی بەجەڕی سەقیلێکەوە وەجۆللانە کەوێ. سەری سووڕ مابوو، نەیدەزانی چ بکا! ئەوکی گیرابوو، بە ئاستەم هەناسەی دەهات، هەر دەتگوت بە دوودەستی بەهێز گەرووی دەگوشن و دەیانەوێ بیخنکێنن. زاری ئیشک بووبوو، چاوی سوورهەڵگەڕابوون و دەبرژانەوە، خەمێکی زۆر گران، بەقورسایی قەندیل و ناڵەشکێنە لەسەر دڵی باربوو. مردنی بەئاوات دەخواست. لەبەر خۆیەوە بەئەسپایی دەپاڕایەوە دووعای دەکردن:

- خوایە گیان! ئەی خوای ژووری سەر! ئەی خالقی حەرزوحاسمانان! چۆن هەڵدەگری، ئەو هەموو زوڵمەم چۆن پێ ڕەوادەبینی، ئاخر سووچ و تاوانم چیە؟ چ بەردێکم بە کابەیداداوە؟ خۆ وەڵڵاهی لە موورویندا قەت فێڵم لەکەس نەکردووە! لەترسی گول و کوێر بوونیش خۆ قەت سوێندی بەدرۆم نەخواردووە! خۆ قەت کفرێکم لەزاری نەهاتۆتەدەر! بۆ خاتری هەموو پێغەمبەر و پیاوچاکان یا ئەمن بکوژە یا ئەودێوەزمەی بەزۆری بەئەستۆیان دابڕیوم!

هیچ هۆشی لەسەرەخۆی نەبوو، دەفکران ڕۆچووبوو، لەدڵی خۆیدا هەر تووک و دووعای لە خۆی و زاوای دەکردن. ئاواتەخوازی مردن بوو، چونکە مەرگی کوتوپڕی بەتەنیا ڕێگەی ڕزگاریی خۆی دەزانی. نانیان هێنا، لە بەیانییەوە هیچی نەخواردبوو. بەنابەدڵی پاروویەکی چووکی دەزاری نا، چەندی هێنای و بردی بە ئەوکیدا نەدەچووە خوارێ، تا بەهەزار حاڵ قووتی دا، دنیای

دیکەی بەچاوی خۆی دیت! چەندی بەبەریدا هاتن و چوون، چیدی بۆ نەخورا. دوو قومی ئاو خواردەوە. سفرە خڕ کرایەوە و ژنان و کچانیش یەکیەک و دوو دوو بەجێیان هێشت. دەمێکی کورت بەتەنێ بەجێما، سەماوەرەکە لە سووچێکی ژوورەکەدا قش قش دەکوڵی، دەرگا لەپڕ کرایەوە. زاوای زەبەلاحی ناحەز و مۆن وەژوور کەوت. ئەو دێوانەی هاتنە بەرچاو کە لەچیرۆکە کۆنەکاندا بۆیان گێڕابۆوە. وەبیری هاتەوە چۆن بەفێڵ ڕازیان کرد بەبێ هات و هاوار دەگەڵیان بچێتە سەفەرە شوومەکە. تا نەگەیشتنە ماڵە مەلای نەیزانی ئەو دێوەزمەیە زاوایە، نەک ئەوەی دی کە لەڕاستیدا برای زاوابوو. زاوا هێندە دزێو و مۆن و نالەبار بوو کە هیچ کەس لە لای خۆیان شووی پێ نەدەکرد. نەزانرا چ بەدکارێک بوو بە سەبەبکار، خوا چاکەی بۆ نەکا و غەززەبی لێ بگرێ کە ماڵە وانی نیشان دان و تووشی ئەو داوەی کرد. وەبیری هاتەوە چۆن کاکی وەختابوو بە چەقۆ سەری ببڕێ. ئەودەمی لە ئێستاش منداڵتر بوو. زۆر لە چاوە زەق و سوور هەڵگەڕاوەکان و چەقۆی دەستی ترسا! ئەو بیرەوەرییە هێندەی دیشی لە زاوا بێزار کرد.

زاوا خەریک بوو لێی نیزیک دەبۆوە و خۆی دەگەیاندێ. برووسکەیەک بەمێشکیدا هات. لە پڕڕا دەرپەڕی و خۆی هاویشتە لای سەماوەرەکە و هەڵی گرت و دانیشت و لەنێو لاقەکانی خۆی داینا. بیری کردەوە:

- خۆ ئەگەر ئەو بەرازە دەستم لێدا، دڵم هەر دەتۆقێ! مردنم زۆر پێ باشترە! خۆم دەسووتێنم، بەڵکوو بەیەکجاری نەجاتم بێ.

کابرا بەسەریدا نەڕڕاند:
- ئەوە چ دەکەی هەی بێ مێشک، شێت بووی؟ بەوخودایەی سەرت دەبڕم!

کچە یەک بەخۆ قیژاندی:
- مەیە پێش! بمکوژن پێم باشترە نەوەک دەستی تۆم وێکەوێ! هەر دەستم لێدەی ئەو سەماوەرەی وەسەرخۆم دەگێڕم!

میرزا ئەحمەد بەودەنگەدەنگە هاتە ژوور:
- حەمەدەمین لەسەرەخۆ! ڕاوەستە خۆت شیت مەکە! بڕۆ دەرێ بۆخۆم قسەی لەگەڵ دەکەم!

زاوا بەناڕەحەتی ژوورەکەی بەجێهێشت. میرزا ئەحمەدی برای هات بە ئەسپایی لەلای بووکێ دانیشت. ئەو پیاوێکی ژیر و لەسەرەخۆ و قسەخۆش بوو. لاواندییەوەو دڵخۆشیی داوە:

- تکات لێدەکەم وەرە کچێکی باش و ئاقڵ بە، ئابڕوومان مەبە! تووشی عەیبەمان مەکە! ئابڕووی خۆشتی پێوە دەچێ! ئەمن بۆتۆمە، حەمەدەمین زۆر قەڵسە دەتکوژێ! خۆ ئەویش نەتکوژێ براکانت لێت قبووڵ ناکەن! ئەوان دەتکوژن! بۆخۆت بارامی برات باش دەناسی چەند تووڕەو تۆسنە. هەر

بزانێ سەرت دەبڕێ! حەمەدەمینی مەش لەوی لەسەرەخۆتر نیە، مینەشێتی پێدەڵێن! بت کوژێ و ئاوێ بخواتەوە پێی هەر وەک یێکە!

- کاکەگیان! پیاوی چابە نەجاتم دە، بەوخودایەی بێشەریکە مینە دەستم لێدا خۆم دەسووتێنم. ئەو ئاوەی وەسەرەخۆم دەگێڕم! وەرە مەردی خودای بە مەیەڵە لێم نیزیک بێتەوە! بشم کوژن پێم خۆشترە نەوەک ئەو شێت و شوورە دەستم لێدا.

میرزا ئەحمەد زۆری حەول دەگەڵ دا. نە بە هەڕەشە و تۆقاندن و نە بە قسەی خۆش و لاواندن نەیتوانی بیهێنێتە ڕەدایە. ناچار وەدەرکەوت و لەپشت دەرگا لەگەڵ مینەی دەستیان کرد بە قسان. گوێی لێبوو مینە کوتی:

- کاکە فایدەی نیە! با بیبەین لەنێو مێشەیدا شورتوگومی کەین!

زیبا بەدەنگێکی بەرز قیژاندی:
- جا کوا پیاوەتیی واتان لەدەست دێ! وەرن بۆ خاتری خوای ئەو پیاوەتییەم دەگەڵ بکەن، جا چانیە بۆخۆم نەجاتیم دێ؟ ئێستا هەر وادەزانم بە زیندوویی سەری دەبن گڵیان ناوم، هەر بەمردوویی بچمە بن گڵی باشترە! چانییە لەو عازابەی ڕزگار دەبم؟ ئای خوایە چم کردووە وام بەسەر دێنی، بۆ دنیای خۆشت لێ کردووم بە جەحەندەم؟
میرزا ئەحمەد بە تووڕەیی ڕووی دە براکەی کرد و کوتی:
- بێدەنگ بە ماڵت خرانەبێ بۆ بێعەقڵیت! هەتیوە شێتوشوورە جا بزانە ئەو پەندەشم بەسەر ناهێنێ؟ وەڵڵا دەستی بۆ درێژکەی دەستت دەبڕم!

ئەوجار مینەی لەدەرێ بەجێهێشت و هاتەوە ژوورێ. دیسان دەستی کردەوە بە لاواندنەوە و دڵخۆشیدانەوەی زیبا:

- ڕۆڵەگیان مەترسێ! هەر وەک کچی خۆم دەتپارێزم. کەس ناتوانێ دەستت بۆ درێژکا. هەرچی بۆلات بێ چاوی دەردێنم! بەڵام ڕۆڵەگیان ئەتۆ تازە مارەکراوی، بەحوکمی شەرعی خوا و پێغەمبەری حەڵاڵی مینەی، وەرە بۆ خاتری خوا و پێغەمبەران نە ئابڕووی مە بەرە و نە ئی خۆت. تازە کار لەکار ترازاوە، سەری خۆت دانوێنە و وەک ژنێکی ئاقڵ خەریکی کاری ماڵ و مێردی خۆت بە! ...

زیبا بەناڕەحەتی قسەکەی پێ بڕی:
- کاکەگیان بەوخوایەی بێشەریکە ئەگەر قوڕقوشمم دەزاری کەن، هێشتا نایەڵم ئەو دێوەزمەیە تخوونم کەوێ. بم بە لای خۆت. هەر لەپەنا خۆت بم نوێنە. دەگەڵ ئەو کابرایەی دەدیوێکیدا نابم. بۆلام بێ ئەو ئاوەکوڵیوەی وەسەرخۆم دەگێڕم!

- باشە ڕۆڵەگیان! ئەمن دەڕۆم بەجێت دێڵم، نایەڵم ئەوشۆ مینەش بێتەلات، ئەتۆش کچی چابە، ئاقڵانە بیر لە حاڵی خۆت بکەوە! ڕۆڵە گیان لە

قەدیمەوە کوتوویانە "سواری کەرێ عەیبێکە، هاتنەوەخواری دوو عەیب!" جا بۆخۆت دەزانی!

زیبا هیچی نەکوت. سەماوەرەکە هەر دەنێو لاقانیدابوو. هەردووک دەستی بە دوو هەنگڵی گرتبوون تا ئەگەر لێی نیزیک بنەوە و بیانەوێ بیگرن، وەسەری خۆی گێڕێ. سەماوەرەکە قشقش دەکوڵی. ئەو ئازاری خۆ ئاوەکوڵ کردن و مردنی پێ باشتر بوو لەوەی مینە تخوونی بکەوێ. میرزائەحمەد مینەی وەپێشخۆدا و بردی. دەنگی پێیانیان دهەات کە وردەوردە دوور دەبوونەوە. کچی بەستەزمانیش هەناسەیەکی هاتەوەبەر. هەستا لە ژوورێ ڕا دەرگاکەی داخست. سەماوەرەکەشی خەفەکرد تا نەفتی لێ نەبڕێ و نەکوژێتەوە. ئەو بڕیاری خۆی دابوو. "ئەگەر بیانەوێ بەزۆری بیگرن، سەماوەرەکەی وەسەرخۆی دەگێڕێ!"
میرزا ئەحمەد ژن و منداڵی هەبوو. دووساڵیش لەمینەشێتی چووکتر بوو، بەڵام بۆخۆی کەیخودای ماڵێ بوو. مینە قەت لەقسەی دەر نەدەچوو. لە نێو دێش دا زۆر بەنێوبانگ و جێگای ڕێز بوو. سەرەڕای ئەوەی تەمەنی تازە گەیشتبووە ٣٢ ساڵی، خەڵکی دێ پرس و ڕایان پێدەکرد و دەوری ڕیش سپیەکیان دابۆیە و بە کەیخودای خۆیانیان دانابوو. زیبا پاش ئەوەی لە ڕۆیشتنیان دڵنیا بوو، لەپەنا سەماوەرەکەی دانیشتەوە. پاڵی وەدیواری دا و دەفکران ڕۆچوو. دیمەنی ئەو چەندمانگەی ڕابردووی وەک فیلمی سینەما بەپێش چاویدا تێدەپەڕین. پەڕاوی بیرەوەرییەکانی لە مێشکیدا هەڵدانەوە و پێیاندا چۆوە.

****

ڕۆژێکی خۆشی کۆتایی مانگی خاکەلێوەبوو. حاسمان وەک زێوی پاک وابوو. گەرمای وزەبەخشی تیشکی خۆری هەوەڵ بەهار، دەلەشی بوونەوەرانی ئەو ناوچە سەرسەزە دەگەڕا، کە تازە لە خەوی بن لێفەی بەفری زستان هەستابوونەوە. پەڵەپەڵەی ئەو بەفرە هێشتا بە شاخەکانی دەوروبەرەوە هەر دیاربوو. ئەو دەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی بۆ خڕکردنەوەی گیادۆکوڵیو چووبوونە مەزراکانی قەراغ دێ. هەوا ئەوەندە ساف و خۆش بوو کە حیسان لە هەڵمژینی تێرنەدەبوو. مەزرا و کێو و دەشت و دۆڵ تا چاو هەتەری دەکرد، بە فەڕشێکی نەرمی سەوزی پڕ لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ ڕازابۆوە و دڵی لەبینەران دەڕفاند. لێرە و لەوێ پۆل پۆل ژن و کیژ بە جلکی ڕەنگاوڕەنگ و ڕازاوە خەرێکی خڕکردنی گیابرژیوە بوون و ئەوانیش بەشی خۆیان خستبووە نێو دیمەنە ڕازاوەکەی دەرودەشتی سەرەتای بەهارانی ئەو ناوچەی کوردستان. زیبایش کە دوومانگی دیکە پێی دەنایە تەمەنی دوازدەساڵان، دەگەڵ هاواڵانی بەشێکی بچووکی ئەو دیمەنە بێوێنەیە بوون. مارفی برای کە دووساڵ لەخۆی چووکتربوو، لەپڕا بەدوایداهات.

- زیبا! هۆی زیبا! وەرەوە دایکم بانگت دەکاتەوە، دەڵێ میوانمان هەیە با بێ کارانمان دەگەڵ بکا!

زیبا دڵی لەو هەوا خۆشە و گەرما گیانبەخشەکەی هەتاو و دیمەنە جوانەکەی دەوروبەری و گالتە و پێکەنین و قریوەقریوی ئاواڵانی بەرنەدەبوو، بەڵام ناچاربوو دەبوو چووباوە دەنا لێی تووڕە دەبوون و لێدانیش کە هەر قسەی لێ ناکرێ! چونکە کچ و زەعیفە بوو، بەهەموو براکانی، تەنانەت ئەوانی لەخۆی چووکتریشی بیانوویان پێدەگرت و بەسەریان دادەدا. مارف کە لەهەموان چووکتر بوو، جارجارە زگی پێی دەسووتا. مەحموودیش هەرچەندە جارجار وێڕای ئەوانی دیکە ئازاری دەدا، بەڵام هێشتا لە گەورەکان باشتر بوو و هێندێک جار ئەویش بۆی ناڕەحەت دەبوو و دڵخۆشیی دەداوە، بەڵام ئەو دوانەش هەرگیز نەیاندەوێرا لەسەری وەجواب بێن.

کیژۆڵەی بەستەزمان بەنابەدڵی منداڵەکانی دیکەی بەجێهێشت و بەپەلە گەڕاوە ماڵێ. مەحموود کە لەپەنا دەرگا ڕاوەستابوو، هەر کە زیبا بەتەنیشتیدا تێپەڕی نەقورچێکی داوەشاندێ کە وەخالیگەی کەوت و برووسکێکی تێوەستا، بەڵام چاری نەبوو، هەر نرکەیەکی لێ هات و هیچی نەکوت تا لێی دوورکەوتەوە. ئەوجار ئاوڕێکی وێداوە و زمانێکی لێ دەرێنا و چەمەڵۆکێکی لێنا. مەحموود لەداخان ئاوری گرت و کوتی:

- قاحبە باشە با ئی من و تۆ بمێنێ! دێڵەسەگ! با میوانەکان بڕۆن جا قەزات لەگیانم. بزانە چۆنت بە قەڵا پێ دەگێڕمەوە! کۆنەماکەر چاک هار بووی!

زیبا هیچی نەکوت. ئەو گوێی بەو هەڕەشە و گوڕەشانە ڕاهاتبوو کە پیشەی هەموو براکانی بوو. زۆر سروشتی بوو کە بەچاوی "دێڵەسەگ" یا "کۆنەماکەر" چاوی لێکەن! بەهەموویان دەیان کوتا و جنێویان پێدەدا. ئێستاش پێش قیستی جنێوەکانی ئەوڕۆی وەرگرتبوو! ئەوپەڕەکەی پاش ڕۆیشتنی میوانەکان دوو شەپی مەحموودیشی وێدەکەوتن! ئەو دەگەڵ کوێرەوەری، لێدان، جنێو، سووکایەتی و چەوسانەوەی جۆراوجۆردا ڕاهاتبوو. ئەگەر ڕۆژێک جنێوێکی پێنەدرابا، نەکەوتبا بەر نەقورچی یەکێک لە براکانی، یا شەپێکی وێنەکەوتبا، قازانجێکی گەورەی کردبوو! ئەگەر ڕۆژێکی لەماڵی بەهەڵکەوت گۆشتێک لێنرابا، نەرمەکە ئی پیاوەکان و ئێشکە ڕەقەکانیش ئی ژنەکان بوون، جا ئەگەر توانیبای نیسکە گۆشتێک لە بەشە ئێسکی خۆی پەیداکا و بیان کڕووسێتەوە، ئەوەشی قازانجێکی گەورەبوو! هەر دەبزووتەوە پێیاندەکوت: ئەتوو دێڵی، هەر بەچاوی دێڵە سەگیش چاوی لێدەکرا! جا ئەگەر یەکێک لەماڵێ لێی تێکچووبا و بە مێهرەبانی و وەک ئینسانێک ناوی هێنابا، ئەوەشی قازانجێک بوو! بەکورتی هەموو ژیانی لەسەر ئەو قازانجانە ساغ ببۆوە!

زیبا چۆوە ژوورێ، دایکی بە مێهرەبانییەکی چاوەڕوان نەکراوەوە کوتی:

- کچم! ئەمن دەستم گیراوە، میوانمان هەیە، چایەکیان بۆ ببە!

ڕیزە چایەکی تێکردو و بەخاوێنی و ڕێکوپێکی لەسەر کەشەفێکی دانان و هەڵی گرتن و بردنیە وەتاغێ. چونکە تاقانە کچی ماڵێ بوو باش بەکاران ڕاهاتبوو. لەو تەمەنە کەمەشیدا کابانێکی تەواو بوو و هەموو کاری ماڵێی دەزانین. کە وەژوور کەوت، چاوێکی بەمیوانەکاندا خشاند. دوو پیاوی نەناسراوی لێبوون، کە وە ئی لای خۆیان نەدەچوون. یەکێکیان جوان و خاوێن و ڕێک و پێک، لە لای سەرەوە لە کن کاکە قادری دانیشتبوو بەگەرمی پێکەوە دەدوان. ئەوی دیکەشیان خوار و خێچ و ناحەز و مۆن و بێدەنگ لە خوارتر دانیشتبوو. بە وەژوور کەوتنی زیبا، هەردووک سەریان هەڵێنا و بە چاوێکی کڕیاری تێیوەڕامان! کیژۆڵەش بەشەرمەوە بەخێرهاتنی کردن و یێکی چایەکی لەپێش دانان. کاکی بە مێهرەبانییەکی بێوێنەوە کوتی:

- بارەقەڵلا! ڕووت سپی بێ خوشکم!

عەججایەب!! دەبێ جی ڕوویدابێ! کوردەکوتەنی دەبێ کەری کێ لەگاڕانێ نەهاتبێتەوە!؟ ئەو هەموو مێهرەبانییە لەناکاوەی لە دایک و براکەی پێ سەیر و دوور لە چاوەڕوانی بوو. دایکی کە پشتی لەژێر کاری زۆر و قورسی ماڵ و مەزرادا چەمابۆوە و لەگەڵ ژنی کاکە قادریشی هەر کێشەیان بوو، زۆر کەم دەپەرژا ئاوڕێکی وێداتەوە و هەر ئاگای لە کچۆڵەی بەستەزمانی نەمابوو. لەبەر دەردی خۆی هەر لەبیریشی نەبوو تاقە کچۆڵەیەکی هەیە و دەبێ موحیببەتێکی پێ بکا! کاکە قادریشی پاش مردنی بابی، هەموو قورسایی کار و بڕێوەبردنی گوزەرانی بنەماڵەی کەوتبووە سەرشانی. لەبەر ماندوویەتییان هەمیشە مۆن و بێ حەوسەلە بوو. شەیتانییەکانی ژنەکەشی لەوێ ڕاوەستن. هەربۆیەش زۆر کەم هەڵدەکەوت دوو قسەی خۆش دەگەڵ خوشکی خۆی بکا. تا ماوەیەک ئەوانەی بۆ بوونە فکر، بەڵام هەر زوو لەبیرخۆی بردنەوە. دایک و بران، خۆ دوژمن نین! ئەمنیش کچی تاقانەی ماڵێم، خۆ کفرنیە ئەگەر جارێکی ئاواش بمدوێنن! دایک و کاکن، تووڕەش دەبن و خۆشەویستیشیان هەیە کێ عەولادی خۆی فڕیداوە، با وەک داکیشم دەڵێ دێڵیش بم!؟

زیبا هەر ئەوەندەی بیر لێکردەوە و فکر و هۆشی چۆوە سەر قوماری منداڵان، هەڵبەزدابەزی دەستەخوشکانی، خۆشیی مەزرا و.... ئەوەی بەبیریشیدا هەر نەدەهات، ئەو چارەڕەشییە بوو کە بۆی دەبۆسەدابوو، ئەو پیاوانەش کوندی شوومی ئەوکارەساتە بوون.! ئەوان هاتبوون تا لەسەر کاولی ڕووخاوی هیوا و ئاواتەکانی بخوێنن!...

کاکی هەرای کرد:

دایە! وەرە نانێکیشمان دەیە لەسەر سەفەرین، با وەدرەنگی نەکەوین، دەنا وێڕاناگەین ئەوڕۆ کارەکەی تەواو کەین!

ئەوجار ڕووی دە زیبایێ کرد:
- بەرخم ئەتۆش زوو نانی بخۆ و خۆت سازکە! دەچینە سەفەرێ، جلکێکی خاوێن دەبەر کە!

کچە سەری سووڕما، دەبێ چ ڕووی دابێ؟ ئەوڕۆ هەر شتی سەیر سەیر دەبینێ! مێهرەبانییەکانی دایک و کاکی، سەفەری دەگەڵ کاکی، ئەویش بەپەلە! هەرگیز وانەبووە! جلکی جوان بۆچی؟ بۆکوێ دەچن؟ ئەوانە و دەیان پرسیاری دیکە دە مێشکی ساکاریدا خولیان دەخوارد. کێ چووزانێ؟ ڕەنگە بچنە شاری، بەڵام بۆ ئەوی دەگەڵ خۆیان دەبەن!؟ براکانی و میوانەکان لە وەتاغێ و ئەو و دایکیشی لە متبەقێ نانیان خوارد و بەپەلە سفرە خڕ کرایەوە. زیبا تەشتێکی چکۆلە و مەسینەیەکی ئاو بۆ بردن، ئاوی بەدەستی کاکی و میوانەکان دا کرد، دەستیان شوتن و تەشت و مەسینەکەی بردەوە متبەقێ. کاکیشی بەدوایدا وەژوور کەوت.

- ڕۆڵەگیان ئەو پیاوانە هاتوونە خوازبێنیت! ماڵێکی زۆر باش و دەوڵەمەند و بەنێوبانگن. ئەتۆش کچی، هەمووگیانت عەیبە، هەتا زوو مێردی بکەی باشترە! پیاوی لەوە باشتریشت وەگیر ناکەوێ! قسەمان لێ کردووە، بۆ کاکە بارامت بەژن دەچی، زاواش کوڕێکی جوان و باش و ڕێک و پێکە، نێوی حەمەدەمینە، ئەوەی لەسەرەوە لەکنەمن دانیشتبوو و قسەی دەگەڵ دەکردم، هەوە.
کچە دڵی داخورپا، حەبەسا، ئەو هەر مێردکردنیشی بەبیردا نەهاتبوو، کوا وەختی وەی بوو؟ هێشتا زۆر منداڵ بوو! دایکی ئەگەر جارجار بەگاڵتە دەیکوت بۆ براکانت بەژن دەدەم، تووڕە دەبوو، خۆی هەڵداویشت و جارجارەش لەحەیفان دەگریا! بەڵام وا وێدەچوو ئەوجار بەگاڵتەیان نەبێ! بەشەرمەوە و لەسەرەخۆ لەبن لێوان کوتی:

- کاکەگیان ئەمن قەت مێردی ناکەم، هەر لەکنەنگۆ دەومێنمە و قەرەواشیتان دەکەم!

کاکی قسەکەی پێ بڕێ. دەپێشدا ویستی بەقسەی خۆش ڕازیی بکا، بەڵام کچە هەرچەند کاکی پێیکوت و لاواندییەوە، هەر لەسەر قسەی خۆی سوور بوو. ئەوجار دایکی لێی وەجواب هات و بەتووڕەییەوە کوتی:

- گووی دەخۆی مێردی ناکەی! دێڵەسەگ! بەقوربانی کاکە بارامت دەکەم! هەردووک چاویشت دەرێ هەر دەبێ بۆی بەژن بچی! کچی ئەو زەمانەی هەر حەیایان تکاوە! بۆیە دەڵێن ئاخرزەمانە! ئەمن هەر پرسیشیان پێنەکردم، لەبابتیان مارەکردم. هەتا نەگوێزرامەوە و نەهاتمە ئەو ماڵەش هەر

نەمدیتبوو! بە کاکتم کوت پرسی پێ مەکە بڕۆ مارەی کە، بەقسەی نەکردم. دێڵ چیە پرسی پێ بکەی....؟

ئەو جار کاکی چاوی لێ دەرپەڕاند و خۆی لێ مۆڕ کردەوە:

- کچەتتیوە سەیە غەڵەت دەکەی! دایکت ڕاست دەکا نەدەبوو پرست پێ بکەم! فێر بووی جوابە جەنگیشمان دەکەی؟ وەڵڵا باشە هەر ئەوەندەمان مابوو! وەڵڵاهی دێڵەسەگ، ئەوە دەچینە کن مەلای، بڵێی ڕازی نیم، شەوێلاکەت هەڵدەدڕم. زووکە خۆت سازکە دەی!

کچی بەستەزمان لەترسان وەک مێژووکەی دەلەرزی، فرمێسک گوڕگوڕ بە چاوانیدا دەهاتەخوار. خۆ ئەو ماڵە بۆ وی هەر کوێرەوەری بوو! هەر جەهەننەم بوو! لەو دنیا پان و بەرینەدا هەر خاڵەمەلای هەیە کە زۆر جاران لەسەری وەجواب دێ. لە بەدبەختییانی خۆ ئەویش بەسەفەر چووە! جا ئەگەر لەماڵیش با چۆن پەنای بۆ دەبرد؟ خاڵە مەلای دوو ساڵان لەدایکی چووکتر بوو. مەلایەکی ڕووناکبیر و بەنێوبانگ بوو. لەگوندێکی دراوسێی گوندەکەی خۆیان پێش نوێژی مزگەوت بوو. تا بۆ سەردان هاتبا ماڵیان ماچی دەکرد و دەستی بەسەردا دهەێنا و دەیلاواندەوە. زۆری خۆش دەویست و هەمیشە دایک و براکانی ئامۆژگاری دەکرد:

- ئافرەتە! زەعیفەیە! خوا لێتان هەڵناگری، هێندەی مەشکێننەوە و سەرکوێری مەکەن! ئەویش وەک کوڕ هەر خوا خەلقی کردووە. نابێ فەرقیان بۆ دانێن! نابێ ناشکوریی پێ بکەن! خوا هەڵناگرێ، گوناحتان دەگاتێ! خۆشبەختیی کوڕەکانتان چەندە پێ خۆش بێ، دەبێ بۆ کچەکەشتان هەر وا بن!

خاڵە مەلا زۆر دژی ژن بە ژنە و کچ بەچکۆلەیی بەشوودان بوو. دەیکوت:
- چوار دڵ قەت یەک ناگرنەوە، کچ ئەگەر ڕازی نەبێ مارەی نایە. کچ بە چووکەیی بەمێرد دان لە ویژدان و ئینسانیەت بەدوورە و کچی نابالغ قەت مارەی نایە...

خاڵە مەلای دەگەڵ هێندێک مەلای هەلپەرست و کۆلکە مەلای ناوچەکە زۆر لە بەربەرەکانیدا بوو. زۆر قسەی ڕەد دەکردنەوە و لە باسکردندا زوو مەحکوومی دەکردن و دەڕۆستی نەدەهاتن. هەر لەبەر ئەو ڕەفتارە بەجێ و هەقانەی ناوی کەڵبەشیان وەدوا خستبوو و دەیانکوت لە دین وەرگەڕاوە... بەدەم گریانەوە دەوفکرانەدا بوو، کاکی تێڕاخوڕییەوە:

- بەسە دێڵەمەیموون، چیدی فینگەفینگێ مەکە! دەی زووکە دموچاوت بشۆوە با بڕۆین!

کچی بەستەزمان هەستا، دەستی لەگریان هەڵگرت، ئاوێکی بەسەروچاوی خۆیداکرد و بە دەسماڵێک ئیشکی کردەوە و خۆی دڵخۆشی دایەوە:

- کابرا وە پیاوێکی باش دەچێ و خۆ ناحەزیش نییە. دەوڵەمەندن، بێ سۆرە و تۆرەن، هەر دوو بران کە یەکێکیان ژنی هەیە. با بەقسەی کاکم بکەم. مێردی بکەم باشترە. چانییە لەو جەهەننەمەی نەجاتیم دێ؟ ئیدی براکانم بەچەپۆکان کوێرم ناکەن. بەڵکوو خوابکا ئەوێ بۆمن باشتر بێ، وەک خاڵە مەلای هەمیشە دەڵێ: "ئینسان دەبێ شوکرانەبژێر بێ! هەرچی لەسەر سەبرانە لەسەر خێرانە! دوای تەنگانان فەرحانییە! خوا غەفوور و ڕەحیمە، ئەگەر دەرکێکی بگرێ هەزاری دەکاتەوە!" بەڵکوو ئەوجار خوا ڕوحمێکم پێ بکا و هێندێک خۆشی لە ژینی خۆم ببینم! ئەوەی تێیدام ماڵ نییە، جەحەندەمێکە لەسەر حەرزی، قەت ئاوێکی بەڕەحەتیم بە ئەوکێدا ناچێتە خوارێ، دایکم هەر دەڵەی خەتای منە بەچووکەیی بەزۆری داویانە بە بابم و هەر بەچاوم دادەداتەوە! ڕقی براکانیشم بەمن دەردەکا! کاکیشم هەر لەوان باشتر نییە، قەت جارێکی دەستم بەسەریدا ناهێنێ، ئەو کێوەی بۆ لەسەر ئەوکێوەی دانێم قەت ناڵێ بارەقەڵڵا و هەر لێم ڕازی نابێ! وەک قەرەواشێک هەمیشە دەخزمەتی براژنیشم دام، پەڕۆ بەگووی منداڵەکانی بۆ دەشۆم، دەیانخافڵێنم، لەکۆڵێیان دەکەم تا نەگرین، هێشتاش هەر خەتابارم، شەیتانییانم لێدەکاو بەلێدانم دەدا. خۆ ناشکوری نەبێ بابیشم نەماوە....

ئاوا دڵی خۆی ڕازی کرد و تەسلیمی چارەنووس بوو. بۆ سەفەرێکی نادیار دەگەڵ کاکی سازبوو. نەیدەزانی بەرەوکوێ وەڕێ دەکەون. کاکیشی زۆر بەپەلە بوو تا مەلاڕەحیم لەماڵێ نییە و پێی نەزانیوە، کارەکەی تەواوکا. ئەگەر خاڵە مەلا لێرەبا و پێی زانیبا، بەو زمان و بەیانەی هەیەتی هەزار شێر و ڕێویی بۆ دەهێنانەوە و بە ئایەت و حەدیس هەموو ڕێی لێ دەبەستنەوە و نەیدەهێشت کارەکەیان سەربگرێ. ئەو زۆر عالمە، مەلاکانی ئەو ناوچەیە لێی دەترسێن، هیچیان باشاری ناکەن و لەترسی وی ناوێرن زیبایێ مارەکەن، جا هەر بۆیەش دەبێ بچنە شارێکی دیکە و کارەکەیان بە مەلایەکی دوور جێبەجێ بکەن. لە ماڵێ وەدەرکەوتن، شارە دێیەکیان لێ نیزیک بوو، چوون جیبێکیان بەدەربەست گرت. پاش دوو سەعاتان گەیشتنە شاری شنۆیە. بردیانە کن مەلای. لەوێ زاوای ڕاستییان لێ ئاشکرا کرد. کابرای مۆنی گابۆڕەیان پیسیان نیشان دا و کوتیان:

- لەوەت مارە دەکەین!

زیبا بەندی دڵی پسا. هەر دەتکوت ستڵێکیان ئاوی سارد وەسەرگێڕا! تازە زانیی چ کڵاوێکیان لەسەری ناوە! دەستی کرد بە پاڕانەوە و هات و هاوار. مەلا کە چاوی بەو حاڵە کەوت، کوتی:

- کاکە ئەوە مارە ناکرێ! نە مارەی دێ و نە ئەمنیش دەوێرم مارەی کەم. بزانن دەمگرن!

لەماڵە مەلای وەدەرکەوتن. کاکی زۆر تووڕە بوو، خەنجەرت لێدابا دڵۆپێکی خوێن لێنەدەهات! وێرابای هەر لەوێ سەری دەبڕی! ماشێنێکیان دەربەست گرت، چوونە کوێرەدێێەکی لای ورمێ. کچەکە نەیدەزانی کوێیە. کاکی لە ڕێیەدا زۆر هەڕەشەی لێ کردن و ترساندی. چەقۆی لێ دەرکێشا، دوو چاوی وەک دوو گۆمی خوێنێیان لێهاتبوو. کیژۆڵەی بەستەزمان هەر تۆقی!

- دێڵەسەگ هەر ئێستا سەرت دەبڕم! فێربووی قسەم لە قسەی دەکەی؟ میرزائەحمەد چەقۆیەکەی لێئەستاند.

- کاک قادر بابە وانابێ، ئەوکچە منداڵە! غەڵەتێکی کرد نەیزانی، تازە لەقسەت دەرناچێ!

- نانا کاکەمیرزا، لێم گەڕێ با بیتۆپێنم! ئاگات لێنەبوو چۆنی ئابڕوو بردم؟

ئەوجار شۆفیریش وەجواب هات:
- نانا کاکە! خۆ کوشتنی ئەو بەستەزمانە هیچ دەردێکت چارە ناکا! مار بەزمانی خۆش لەکونێ دێتەدەر.

قادر قسەکانی بڕێ.
- کاکە ئەنگۆ ئەو سەڵیتەی ناناسن، ئەو بەستەزمانە! زمانی ئەوەندە درێژە! ئەدی ئەگەر زمانی کراباوە چی لێدەکردین؟ زمانی خۆشی چی؟ هەر زمانی خۆش وا بێحەیای کردووە! خوشکی خۆمە باشی دەناسم! ئەو مارە زمانی خۆشی لێ دەکارکەی ڕاست بەسەری زمانت وەدەدا! مردووی خۆمە دەزانم چ گۆڕبەگۆڕێکە! لێم گەڕێن با سەری گۆشاوگۆش ببڕم!
میرزائەحمەد کوتی:

- کاکە وانابێ! زیبا کچی چاکە! ئیدی قسەت لە قسەی ناکا!

ئەوجار دەگەڵ شۆفیرەکەی کەوتنە ئامۆژگاریکردنی زیبا:
- کچی خۆم وانابێ! ئەو برایە ڕاست دەکا! چۆن لەقسەی گەورەی خۆت دەردەچی؟ ئەتوو ئێستا منداڵی، مەسڵەحەتی خۆت نازانی! باب و باپیرانمان هەر ئاوا کچیان بەمێرد داون، کچ چۆن دەبێ لە عەمرو گوێی گەورەی خۆی دەرچێ؟ ئێستا کە بابت بەڕەحمەتی خوای شادبووە، کاکت وەلیتە! خوا غەززەبت لێدەگرێ لەقسەی دەرچی!

- کچی خۆم وانابێ! ئەو برایە ڕاست دەکا، چۆن لە قسەی گەورەی خۆت دەردەچی؟ تۆ ئێستا منداڵی، مەسڵەحەتی خۆت نازانی! کاکت زۆر پیاوێکی چاکە، ئێستا ڕقی هەستاوە بۆیە وادەڵێ، دەنا هەر خۆشبەختیی تۆی دەوێ! چ برایەک پێی خۆشە خوشکی بەدبەخت بێ؟ سپەینێ بچییە ماڵە مێردیش دەردیسەریت بۆ وی هەر دەمێنێ، لەوێش بی دڵی هەر ناحەسێتەوە، هەمیشە نیگەرانی چارەنووستە! ...

هـەر بـارانی وشـە و ئامۆژگـاری بـوو کـە بەسـەر و مێشـکی ئـەو بوونـەوەرە بەستەزمانەدا دەباری. ئەویش سەری بـەردابۆوە، تەنانـەت گریانیشـی لـێ تۆرابـوو. هـۆش و بیریشـی وەهـیچ ڕانەدەگەیشـت. نەیـدەزانی چ بکـا، نەیدەزانی چ بڵێ، نەیدەزانی پەنا بۆکێ بـەرێ. مـات ببوو، وەک مێژۆکـەی دەلەرزی. ترس، دڵەخورپە، نیگەرانی، ناڕەحەتی و ئازارێکی زۆر دەروونـی ساکار و بیگەردی دابووە بەر هێرشی بێبەزەییانەی. سەعاتێکی بۆ بەساڵێک دەڕۆیشت. گەیشتنە کوێرەدێیەکە. ماڵەمەلایان بە پرسیاران دیتەوە. کچـە ئیدی لەترسان بەتەواوی تەسلیم ببوو. نەیدەوێرا زیاتر سەربزێوی بکا.

مەلا لێی پرسی:
- کچم ڕازیی لە حەمەدەمینی حاجی حەسەنت مارەکەم؟
کچە نەیتوانی زاری هەڵپچڕێ، بەوپەڕی بێزارییەوە سەرێکی لەقانـد. هـەر کەس نەیزانی نیشانەی "ئا" بوو یان "نا"! قادر بەپەلە وەدەنگ هات:
- مامۆستا، خوشکم شـەرمێ دەکـا دەنـا زۆری پێخۆشـە! بۆخـۆی پێـی کـوتم ڕازییە! با نێوی خوای لـێ بێنین و ئەو کارە خێرەی زوو تەواوکەین!!
مـەلا کـە تـەماحی پـووڵ پێشـی چـاوی گرتبـوو و ویـژدان و ئیمـانی لـەبیر چووبۆوە، خۆی بەوەی قانع کرد کە گۆیـا کچەکـە لەشـەرمان دەنگـێ ناکـا و مارەی کرد و دەتگوت هەر بۆخۆشی نازانـێ چ جینایەتێکی کردووە و شیرنیی خۆی وەرگرت!

کچی بەستەزمان نەیدەزانی چۆن دەیانەوێ زیندەبەچاڵی کەن. نەیدەزانی ئەوپرسیارەی مـەلای و ئـەو وشـە عەرەبیـیانـەی لـە دیـوی وەتـاغێ ڕا (کـە دەلاقەیەکی بەسەر متبەقێدا دەکراوە)، لەزاری مەلای دەبیستن و هیچی لـێ تێنەدەگەیشـت، ئەوانـەی مامۆسـتا دەیکـوتن و میـرزا ئەحمـەد و کـاکی دووپاتیان دەکردنەوە لەڕاستیدا تەڵقینی وی بوون! بەڵێ ئەگەر مردوو پاش نێـژران لەقەبریـدا تـەڵقین دەدرێ، ئـەو زیندەبەچاڵـە چارەڕەشـانە بـە زیندوویی سەری و پێش نێژرانیش تـەڵقینی خۆیـان لـە زمـانی ئـەو چەشـنە مەلایانەوە دەبیسن. ئاخر ئەوانە بۆ پاروەنانێک تەنانـەت ئامـادەن هـەموو ویژدان و ئیمانی خۆشیان بنێژن، جا چ دەگـا بـە کیژۆڵەیـەک یـا هـەزاران کیژۆڵەی بەستەزمانی هاوبەند و هاودەردی زیبا. ئەوان تەنانـەت ئامـادەن نەک هەر خەڵک، بەڵکوو خۆشیان فریودەن. مردن هەقـە! چوونـە نێوقـەبری هەقە، پرسیاری نەکیر و مونکیر هەقە! زیندوو بوونەوەش دوای مردن هەقە! حیسـاب هەقـە! .... بـەڵام بـەمێرددانی منـداڵێکی چارەڕەشـی کـەمتر لـە دوازدەساڵانییش بە فێڵ و درۆ و زۆرەملی و تۆقاندن و ژن بەژنەش هەق!؟

موورویٚنـه

ویژینگێک بڕێک بەلایداهێنا و زنجیرەی بیرەکانی بڕی. هێندەی نەمابوو بەسەر سەماوەرەکەدا بکەوێ و داپلۆخێ. خۆی گرتەوە، نەیوێرا بنوێ، مەبادا وەخەبەر نەیە. ئەو خەوی زۆر گران بوو. زۆریش ماندوو بوو. گریانی زۆریش پیلووی چاوەکانی قورس کردبوون. دەترسا ئەگەر بنوێ، ئەوان دەرکەی بەجۆرێک بکەنەوە و دەستیان وێی ڕابگا. دیسان دەفکران ڕۆچۆوە... ماوەیەکی کورت دوای مارەکردنەکەی، هەر لەبیریشی نەما چیان بەسەر هێناوە! کاری ماڵێ و قوماری منداڵان هەموو شتێکی لەبیر بردبۆوە.

ڕۆژێکی نێوەڕاستی مانگی خەزەڵوەر بوو. هەوای خۆش و تیشکی هەتاوی دوای بارانی ئەومانگە بەوپەڕی دڵڕفێنییەوە خۆشیی دەخستە دەروونی مرۆڤ. چەند ڕۆژ بوو باران دەباری. هەوای نەختێک ساردکردبوو، دوێنێ نیوەڕۆیە باران لێی کردبۆوە. حەرز هێندێک کزر ببۆوە، زیبا تاریک و ڕوونی بەیانی هەستابوو، سێ کەڕەتی لەکانی ڕا ئاو هێنابوو، پەڕۆی منداڵەکانی براژنیشی شوشتبوون، پیاوەکان لە نان خواردن ببوونەوە، وڵاخ بەردرابوون، تاو لەقوونەبانی ماڵانی دابوو، بەپەلە قاپ و ئیستیکانەکانی بردنە سەرکانی و شوشتنی و هێنانیەوە لە ماڵێی دانان. خۆی لە دایک و براژنی دزییەوە و ڕووی دەقەراغ دێ کرد کە مەیدانێکی بەرینی لێبوو و نەکرابووە زەوی و هەر چیمەن بوو. زستانان مەڕیان لێ دانگەدەدا و لە وەرزەکانی خۆشی دا جێگای قوماری منداڵانی گوندەکە بوو. کە گەیشتێ چوار کچی هاوڵی خەریکی هەڵبەزدابەز بوون.

- وەرن با موورویٚنەی بکەین!
- باشە با بیکەین، ئەتوو چەند موورووت پێن؟
- ئەمن پێنج، ئەدی ئەتوو؟
- وەڵڵا ئەمن لەماڵێ لێم بەجێ ماون، دوان لە زیبایٚ قەرزدەکەم!

زیبا خێرا قووڵکەیەکی بە چیلکە هەڵقەند، بڕێک دوور لە قووڵکەکەش خەتێکی کێشا:
- با تەڕمانە ئیشکێ بکەین!
بەردێکی پانیان دیتەوە، لایەکیان بە تفێ تەڕکرد.
- تەڕ یا ئیشک؟
- ئیشک!
- تەڕەخیچای!
- تەڕ یا ئیشک؟
- ئیشک!
- ئیشکە ئەتوو مەڵڵای!

-.....

زیبا مەڵڵا بوو (واتە مافی وی بوو دەپێش ئاواڵانیدا دەست پی بکا). خێرا موورووییەکی خڕی سوور و جوانی دەرێنا، لەسەر خەتەکەی دانا، بەپتە لێیدا و موورووەکە کەوتە نێو قووڵکەکەی. ئامین بەدوای ویدا بەپتە موورووەکەی خۆی ڕادا و ئی وی کەوتە قەراغ قووڵکەی. زیبا موورووەکەی خۆی لە قووڵکە دەرێنا و لە قەراغ قووڵکەڕا بە قامک خێشکاندی. وە موورووەکەی فاتمی کەوت. هەردووک موورووی هەڵگرتنەوە، ئەوجاریش موورووییەکی هاویشت. کەوتە نێو قووڵکەکە،. ئەستیش موورووی خۆی هاویشت، کەوتە قەراغێ، زیبا ئی ویشی بردەوە. لەگەرمەی ئەو قوماره خۆشەدا بوون کە دەنگی ماشێنان هات. سەریان هەڵێنا، سێ ماشێن هاتنە نێو دێ. ئەوان کە دڵیان لەکایەکەیان بەرنەدەبوو، گوێیان پێ نەدا و خەریکی قوماری خۆیان بوون. زیبا موورووییەکی دیکەشی بردەوە. لەپڕ ڕا مارفی لێ پەیدابوو:

- زیبا! هۆی زیبا! کچێ ئەوە لەکوێی؟ وەرە دایکم بانگت دەکا! لەسەرت مەحتەلە!

- باشە مارف ئەتوو بڕۆ ئەمنیش دێمەوە!

- وەرە قاحبە! دایکم لەسەرت مەحتەلە! زووبە دەی!

زیبا دڵی لە قوماری منداڵان و تاوی گەرم و خۆش و هەوای ئەوڕۆژە بەرنەدەبوو. بەڵام بەدوایدا هاتبوون، ناچاربوو بڕوا! ئەگەر زوو نەچووباوە، دەردی سەیانیان پێدەکرد! بە بێوازی موورووەکانی هەڵگرتنەوە و کوتی:

- ئامین! لەبیرت بێ دوو موورووم پێ قەرزداری ها!

ئەوەی کوت و هەڵاتەوەماڵێ. هەرکە گەیشتەوە دیتی حەشیمەتێکی زۆر لە پێش دەرکە و حەساری ماڵەکەیانە، ئاپۆڕایەکی زۆر ساز بووە و خەڵکێکی زۆر تێکەوەداوێن و هاتوچۆ و قەرەباڵغییەکی زۆرە. پێی سەیربوو و نەیدەزانی چ باسە! بەیانی کە بۆ قوماران وەدەر دەکەوت هیچ باسێک لەگۆڕێدا نەبوو، ئەدی ئەوە چیە!؟ چۆوە ژوورێ، دایکی بە مۆڕەیەکەوە چاوەڕوانی بوو، پیلی گرت و کوتی:

- کۆنە فرتۆڵ ئەوەلەکوێی؟ لەبەیانییەوە لێت دەگەڕێین! زووکە دەی خۆت بگۆڕە! ماشین بووکی هێناوە، هاتوون ئەتۆش بەرن!

کچە دڵی داخورپا، دەمێک حەبەسا و پاشان لەپڕمەی گریانی دا! خۆی بەحەرزیدادا و هاواری کرد:

- بشم کوژن نارۆم!

- بێدەنگ بە قاحبە! ئابڕوومان نەبەی ها! کاکت دەتکوژێ!

- دەمکوژێ چش، بمکوژێ پێم خۆشترە!

- دەی زووکە ئەو جلکە تازانە دەبەرکە!

- ئائا مەگەر تێیان بڕیم! وەڵڵا کفنی دەبەر دەکەم بەڵام ئەوانە ناچنە بەرم!

کچە وەک کێچ خۆی هەڵداویشت. دەگریا و خۆی دەحەرزی دەگەوزاند و سەروچاوی خۆی دەڕنیەوە. بەگریان و پاڕانەوە و تووک و دووعا، دونیای وەسەرخۆ گێڕابوو! بەستەزمانە کافری بۆ موسوڵمان دەبوو! چەندجاران بەزۆری جلکی بووکێنییان دەبەرکرد، دایکەندەوە و یەقەی کراسەکەی هەڵدڕی. کاکیشی لێکدالێکدا هەڕەشەی کوشتنی بۆ دەناردەوە. سەرەنجام بە کۆنەجلکەکانی خۆی سازیان کرد. هەرچۆنێک بێ تارایان لێ قایم کرد. هێندەی خۆ بێرە و بەوێ دادابوو، ئەوەندەی سەروچاوی خۆی ڕنیبۆوە و هێندە گریابوو و خۆی ماندووکردبوو، لەپەل و پۆ کەوتبوو. بەحاستەم نووزەی دەهات. هەموو بینەرانی ئەو دیمەنە دڵتەزێنە بێجگە لە دایک و براکانی خۆی زگیان پێی دەسووتا. تەنانەت هێندێکیان فرمێسکیشیان دەچاوان گەڕابوو! زیبا بەتەواوی داماو و پەرێشان و بێ پەنا و پشتیوان بوو. هیچ ڕێگایەکی دەربازبوونی بەدی نەدەکرد. واشیان خافڵگیرکردبوو کە نەیتوانی بۆ هیچکوێ هەڵێ. یا دەبوو بەتارای سوور ڕووی خۆی داپۆشێ یا دەخوێنی خۆیدا سووربێ و شەربەتی نەمان بنۆشێ! پیلیان گرت و بە ڕاکێش ڕاکێش بردیانە دەر. خەڵک وەک پەنجەی دەستان لەسەیرێ ڕاوەستابوون. نالەو هاواری دەچوە تەشقی حاسمانێ. ماڵەبابی دەیانزانی وادەکا، هەر بۆیەش بەیانی ئاگاداریان نەکردبۆوە! ئەوان حیسابی هەموو شتێکیان کردبوو، بۆیەش بەپێچەوانەی دابی بووک گۆڕینەوە، تا بووکیان نەگەیشتەجێ و دایان نەبەزاند، کچەکەی خۆیانیان بانگ نەکردەوە.

گۆڕەوشار

سیوادی نەدابوو هەستا، دەرکەکەی کردەوە و چوو لەکن سەماوەرەکەی دانیشتەوە. مەلا بانگی دا. گویی لە دەنگی پێیەک بوو، سەماوەرەکەی نەختێک هەڵداو دەنێو لینگی خۆی ناوە. میرزا ئەحمەد وەژوور کەوت. کە چاوی بەوحاڵەی کەوت، زۆری بەزەیی پێداهات. دەەستی کرد بە ئامۆژگاری کردنی:

- ڕۆڵەگیان! ئەتۆ بۆ وادەکەی؟ تازە کارە هاتووە، ئەتۆ مارەکراوی حەمەدەمینی، وەرە بۆخاتری خودای ئابڕوومان مەبە! هەموو گیانت دەزێڕی دەگرم، نایەڵم هیچ کەمایەسیەکت هەبێ، چۆن دەڵێی وادەکەم، بەڵام شەیتانی بەنەحلەت کە! حەمەدەمین کوڕێکی باش و فەقیرە، هەرچەند براگەورەشمە لەقسەم دەرناچێ. هێندێک مۆن دیارە، بەڵام دڵی پاکە. ئەو مۆنیە هەر عادەتیەتی. تازە بتەوێ و نەتەوێ بۆ ویمان هێناوی، دەبێ دەگەڵی ڕابوێری، ئەتۆ حەڵاڵی ئەوی.

ئەو قسانە وەک نەشتەر جەرگی زیبایان دەسمی، هەناویان هەڵدەدڕی و دەروونیان شەقارشەقار دەکرد. هەر بیستنی ناوی حەمەدەمین بۆ وی لە عازابی قەبری خراتر بوو. لە مەلای بیستبوو کە مردوو دوای چوونە ژێر گڵی گۆڕەوشار دەدرێ. ئەو هەموو ئەوانەی لەسەر گۆڕەوشار بیستبوونی، لەسەر خۆی هەستی پێدەکردن. ئەو خەریک بوو دەهاڕدرا، تێک و پێک دەشکا، ورد دەبوو و لەناودەچوو. ئەگەر خەڵک لەشی دەمرێ، ئەو ڕووحی مردبوو. ئەگەر خەڵک لەشی گۆڕەوشار دەدرێ، ئەو ڕووحی دەگۆڕەوشاردا بوو. ئەگەر خەڵک دوای مردن دەچوونە نێو قووڵکەیەک کە قەبریان پێدەکوت و دوو میتر خاکیان بەسەردا کەڵەکە دەکرا، ئەو ئەو ماڵەی لێ ببو بە قەبر کە پێیان دەکوت ماڵەمێرد. ئەگەر مردوو قورسایی دوو میتر خاکی لەسەر بوو، ئەو هەستی پێدەکرد کە ڕووحی کەوتۆتە ژێر قورسایی خاکێک بە بارستایی ئەو جێگایەی ناوی ماڵە مێردیان بۆ لەسەر دانابوو، تا دەگاتە ئەستێرەکانی حاسمانێ! بەڕاستی و بەدڵەوە هەستی بەو هەموو قورسایی و گوشار و ئازارە دەکرد و بۆ دەربازبوون لەو مەرگەساتە مردنی بەئاوات دەخواست.

هێوەری درێژەی بە قسەکانی دا:

- ئێستا کچی چابە! تاکەنگێ دەتوانی ئەو سەماوەرەی لە باوەشتدا ڕاگری؟ نەفتی لێ دەبڕێ و دەکوژێتەوە، ئاوەکەی یا بەکوڵین تەواو دەبێ یا بەکوژانەوەی سەماوەرەکە سارد دەبێتەوە، خۆ هەتاهەتایە ناتوانی هەر وابی، ئەوجار چ دەکەی؟

- کاکە میرزاگیان! دەزانم ئەتوو ڕاست دەکە، بەوخودایەی ئەتووم لە حەموو براکانم خۆشتر دەوێ و لەجێی باوکمت دادەنێم، بەڵام چ بکەم، دڵم بەهیچ جوورێک ناسەکنێ! هەرچەندی دەیبینم، دەڵەی چاوم بەبەرازی دەکەوێ. بەهیچ لەونێک ناکەوێتە بەردڵم. ئاخر با کچیش بم و بێدەستەڵات، حیسانم و وەک هەموو بەشەرێک دڵم هەیە، ئەمنیش وەک هەمووکەس خوا خەلقی کردووم، خۆ ئەگەر نێرینە نیم تاوانی خۆم نیە، خوا وای لێکردووم. براکانم چۆن بۆ هەوەسی برای شێت و شوورم بە زیندوویی سەری دەقەبریان نام؟ بەوخوایەی دەیپەرستین، ئەو ماڵەم زۆر لە قەبری تەنگ و تاریک پێ ناخۆشترە! وەرە مەردی خودای بە یا بمکوژە با ئاسوودەبم یا لەو بەندە ڕەهام کە! پێت وایە ئەمن نازانم تا ئەبەد ناتوانم هەر بەو حاڵە بمێنمەوە؟ لەوەتا فامم کردووە کاری کابانێکیان پێ کردووم، خاڵە مەلاشم ئەوەندەی نسحەت کردووم کە چاکە و خراپەی خۆم بزانم، باش دەزانم سەماوەر چۆن نەفتی لێ دەبڕێ و چۆن ئیشک دەبێ، دەش زانم ئاوەکەی چۆن ئیشک دەبێ، بەڵام دەستی ئەو دێوەزمەم وێکەوێ، دڵم هەر دەتۆقێ! خۆ دڵیشم نەتۆقێ خۆم هەر دەکوژم! بە خۆ خنکاندن یا چەقۆ یا هەر شتێکی تیژی دیکەبێ! خوێنی بەناهەق ڕژاویشم لەئەستۆی ئەنگۆیە، لەودنیای لەسەر پردی سیراتێ بەربینگوو پێ دەگرم. لە ڕۆژی مەحشەرێ شکایەتوو لێدەکەم.

میرزا حەمەدەمین زۆر زگی پێ سووتا. دەیزانی زیبا ڕاست دەکا، تاڕادەیەک هەستی بە ئازارەکەشی دەکرد بەڵام تەونە جاڵجاڵۆکەی داب و نەریتی باو دەست و پێی بەستبۆوە. نەیدەزانی چ بکا و چۆن یاریدەی ئەو بەستەزمانە بدا. زمانی خەڵک، حەمەدەمینی برای بەستەزمانی، دایک و براکانی زیبا و.... هەمووی ئەوانە بەوی چارەسەر نەدەکران. سەرەنجام کوتی:

- باشە ڕۆڵەگیان! چی دەڵەی وادەکەم، ئەتۆ سەماوەرەکەی بەردە، هەرچی بڵێێ دەیکەم، بەڵام تازە گوێزراویەتەوە، خۆ ناتوانم بەڕێت کەمەوە ماڵە بابت. لەوێش ڕات ناگرنەوە و ئابڕووی بەهەزار ساڵیشمان دەچێ! قەولت پێدەدەم تا بۆخۆت ڕازی نەبی نایەڵم مینە بۆلات بێ!

- کاکە گیان! ئەمن ناوێرم بەتەنێ بنووم، سوێندم بۆ بخۆ لەکنە خۆتانم بنوێنی و نەیەڵی دەستی ئەو کابرایەم وێکەوی. جا چی دەفەرمووی وا دەکەم. قەرەواشیت دەکەم، قەرەواشیی ژنەکەشت دەکەم، هەر مەیەڵە ئەو دەستم لێدا، چیدیکەم ناوێ!

میرزائەحمەد دەفکران ڕۆچوو، زۆری زگ بەو کچۆڵە بەستەزمانە سووتا. هێشتا زۆری مابوو خۆی بناسێ کە ناردبوویانە ماڵە مێردی، ئەویش چ مێردێک! زۆرەملی، نابەدڵ، ناشیرین و مرچ و مۆن و سەرشێت! بەزەیی بەحاڵی داهات. کافر بۆی دەگریا، بەردی بۆ دەبوو بەئاو! چ بکا؟ چۆنی یارمەتی بدا؟ تازە چی دەگەڵ دەکرا؟ ژن بە ژنە بوو، گرێ کوێرەیەکی کۆمەڵی کوردەواری! ئەگەر وا نەکرابا نە بارامەکەڕی حاجی ڕەحیمی ژنی

وەدەست دەکەوت و نە مینە شێتی براشی کەس مێردی پێدەکرد! ئەو کیژۆڵە ناسکە بەستەزمانە دەبوو فیدای ئەو دوو دڵە بێ! ئەو یاسایەی ئەوی ئاوا نامرۆڤانە محکووم کردبوو، یاسای کۆنی ڕەقی دژە مرۆڤانەی نێو کۆمەڵگاکەی خۆی بوو. ئەو دابە هەر لەو سەردەمەی ڕا هاتبوو کە کچ وەک ئاژەڵ و تەنانەت زۆرجاران بەکەمتریش سەیری دەکرا و دەکەوتە نێوبازاڕی ئاڵوگۆڕ. ئەوبازاڕەش هەر ئەو یاسایە دەیگرتەوە کە بۆ نموونە ٥ بزن بە وشترێک دەگۆڕاوە یا کیلۆیەک گەنم دەدرا بە دوو هێشووەترێ!

نەک هەر لەو کۆمەڵگایەدا، بەڵکوو تەنانەت لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ئەورۆش دا باسی مافی یەکسانی بۆ ژن و پیاو هەر لەسەر کاغەز و بۆ کەلک لێوەرگرتنی زیاتری پیاوان دێتە گۆڕێ، جا با لە دووهەزار سەرۆک کۆمار یەکیش ژن بێ، یا لەسەدان سەروک وەزیر یەکێکی مێیینەش هەبێ، یا وەزیرێکی ژن بۆ دیکۆر دانێن! ئەوە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و گرنگ لە دەقی بابەتەکەدا پێک ناهێنێ. ژن هەر وەک کاڵا ڕەفتاری دەگەڵ دەکرێ و تەنانەت ڕەفتار و جۆڵانەوەکانی خۆشی هەر کاڵا ئاساییین. لەگۆڕەپانی کردەوەدا هیچ بایەخێکی سەرەکی بۆ ئەو هاوکێشەیە بەدی ناکرێ، نە لەلایەن پیاوانەوە و نە تەنانەت لەلایەن خودی ژنانیشەوە. ژن هەر کاڵایەکە بۆ دابین کردنی خۆشیی پیاو. دەبێ خۆ بڕازێنێتەوە و خۆ ڕووت کاتەوە و بچێتە بازاڕ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی پیاو بۆ ئوتوومۆبیلێک یا ئامێرێکی جوان لەپەنای ڕاوەستێ و هەرچی نازی و نووزی فێری کراوە بی نوێنێ تا بازاڕ بۆ فرۆشتنی پەیداکا. ئەو ڕەفتارە و دەیان ئاکاری لەوبابەتە لە دنیادا ژن دێنێتە ڕێژەی کاڵا لەبازاڕدا. زۆر داب و ڕەفتار و خەبەری سەیر و سەمەرەی دیکەش لەمەڕ ژن تەنانەت لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکانی جیهاندا دەکەونە بەرچاو و لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تەلەڤیژیۆنەکان و تۆڕەکانی میدیای ئەلەکترۆنیدا بەشێوەگەلی جۆراوجۆر دەنگ و ڕەنگ دەدەنەوە.

لەکۆمەڵی ئێمەدا، بارودۆخی ژنان لەوپەڕی خراپیی خۆیدایە. ژن لە شێعری شاعیران دا، لەگۆرانیی شەیاراندا، لە چیرۆکی ئەڤیندارانداو لەباسی دڵداراندا لەوپەڕی ڕازاوەیی و جوانیدا دەنگ دەداتەوە. پیاو تا دەستی وێی‌ڕانەگەیوە، هەموو هیوای ژیانیەتی، نوور و سۆمای چاوانیەتی، ڕووحیەتی، ماڵیەتی، گیانیەتی، لێدانی دڵیەتی، مایەی مانیەتی و.... لەماڵەخۆی ڕا دەسەری دەگێڕێ تا "سەهەند و سەهۆڵان"، خۆی بەقوربان دەکا، دایک و باب و کەسوکاری دەسەر دەگێڕێ، بۆی دەسووتێ، گڕەمەشقەڵی لەسەر هەڵدەستی و خۆڵەمێشەکەشی با دەیبا! گەڕەکە ماڵێک کە هیچ هەرێمێک و مەڵبەندێکیشی دەسەر دەگێڕێ، "ڕێزە ماڵێکی خۆش دەوێ هەر چونکە بەماڵە دڵدارەکەیەوەیە"، "دەبێ بەقوربانی دوو چاوی بازی"، "بەماشێنی جیب دەچتە پێشوازی"، یا دەزانێ نایدەنێ و دەبێ بۆ وەدەستهێنانی حەولێک بدا، ئەوجار چارەیەک بێجگە لە هەڵگرتنی نابینێ،

"باریکەی خاسەکەوە، هەنیەت مانگی یەکشەوە، هەستە ڕەگەڵم کەوە!" تەنانەت بۆ وەدەستهێنانی مەترسیی لەسێدارەدانیش وەئەستۆ دەگرێ: "لەسەر باڵای لێو ئاڵێ بابمدەن لەسێدارە!" یا لە حەسرەتی وەدەستهێنانی چاوەکانیدا دەڵێ: "قەبرم هەڵقەنن لەڕێگای کانی، بەڵکوو پێیدابێ دووچاوی جوانی!" . بەڵێ، ئەو ئامادەیە بۆ مردن تا لەسەر ڕێی کانی بی‌نێژن، هەر ئەوەندە جارجار بەسەریدا بێ چاوەجوانەکانی! ئەوانە زۆری لە شوێنی خۆیدا ڕاستن. بەدەیان کوڕ یا پیاو لەسەر ئەڤین بەکوشت چوون، هەرچەند ئەوە بۆ کچ و ژنان زۆر زۆرتر ڕوویانداوە.

بەڵام زۆر لەوانە فشەن. هەر تا کچەکە دەکەوێتە بەردەستی دەیانڵێ و دەیان لێتەوە، چی تێدەچێ؟ خۆ بەشی هەرە زۆری ئەو فشەفشەشی هەر لەسەر حیسابی خەڵکی دیکەیە! گوللە و دەرمانی بایزاغا و تەق لەکەندالی! ڕاستە ئەڤین زۆرکەسی شێت کردووە، زۆر کارەساتی لەسەر قەوماون و بەخۆڕاییش نییە ئەو هەموو چیرۆکانەی لەسەر کوتراون. ئەڤین بناخەی ژیانە، بەڵام بەداخەوە لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکەماندا ئەو هەستە ناسکە لەزۆربەی زۆری جارەکاندا هەر تا پێک گەیشتن خۆ دەگرێ و دوایە ژنی بەستەزمان دەکەوێتە بن باری چەوسانەوە و بێڕێزی و بێدەرەتانی. زۆران هەر کە کچەیان درایە، چاوەجوانەکانی شەڵاڵی فرمێسک و دڵە ناسکەکەی شەڵاڵی خوێن دەکەن. ئەو پێهەڵاکوتن و خۆ دەبەرمراندنە هەر ئەوەندە کار دەکا تا ژن دەگاتە ماڵە مێردی. شەقی مێرد و هێوەر و خەزوور و تیر و توانجی خەسوو و خوشکەمێرد و ئاوجا و ژنان کوتەنی "سۆرە و تۆرەی مێرد" جێگای دەگرنەوە. سووکایەتیی پێدەکرێ و لە هەموو مافێکی مرۆڤایەتی بێبەش دەبێ و هیچ پرس و ڕایەکی لە بوارەکانی ژیاندا پێ ناکرێ و ئەگەر جارجارە پرسیشی پێبکەن، بەقسەی ناکەن. پێشینییان دەڵێن "ژن پرسی پێ بکە و بەقسەی مەکە!"

ستەم لە ژنان و بەنابەدڵی بەشوودرانیش لە گۆرانی و شێعر و کەلەپووری کوردەواریدا ڕەنگی داوەتەوە و کێژۆڵەی جوان و نەرم و نۆڵ و نەشمیلانەی کوردەواری ئاواتەکانیان بە دەنگی ناسکیان ئاوا دەردەبڕن:

"لێفە و دۆشەگی چاردەمسقاڵی، سەری وێناکەم دەگەڵ گەمباڵی، حەیران بەدڵی خۆت بێ حاشا لە ماڵی!" بەڵێ میردی نابەدڵ و زۆرەملی لە ڕوانگەی ئەوانەوە گەمباڵە (واتە سەگ) و بەڵکوو زۆر خراپتریش! حەزکردنی ژنی بەمێرد لەبێگانە، ڕەدووکەوتنی و زۆر فەسادی کۆمەڵایەتی، زۆربەی هەرەزۆری ئەو کارانە ئاکامی ئە دیاردە ناحەزەن. بڕوانە دەردی دڵی ژنان لە مەشکەژاندندا کە چۆن باسی ڕەنج بەخەساری و ماڵی مێردی نابەدڵیان کردووە:

"مەشکەم مەشکەی مانگا قوڵە، دەنگی دەڕوا وەک زەنگوڵە، ئەو مێردەم چەند نابەدڵە، خۆشم ناوێ خەرتەتوڵە!"

ئەو مێردی خوێنتاڵی نابەدڵی بەئەستۆدا بڕاوە، خۆشی ناوێ، لەپێش چاوی وەک خەرتەتوڵەیە، بەڵام هەرچی دەکا و دەکرێنێ، لەدەستانی دەرباز نابێ. ئاخر یاسا و داب و نەریتەکە ئەو داینناون، بۆخۆشی دەستەڵاتدارە و بە سوودی خۆی پەسندی کردوون و هەر بۆخۆشی جێبەجێکاریانە و بێگومان لەبەرژەوەندیی خۆشیدا!

یا نموونەیەکی دیکە لە بەند و باللۆرەی کچان کە دەڵێ: "ترێی تایفیمە، خوشکی تفەنگچیمە، قابیل بە گولەی نیمە!" وەک ترێی تایفی جوان و خوێن شیرنە، براکەشی تفەنگچییەکی بەدەستوبرد و لێهاتوویە، بەڵام دەزگیرانەکەی "گولە"یە، ئەوی بە قابیلی خۆی نازانێ، لەپێش چاوی وەک "گول" ناحەز و بێ ڕابەتە، جا کیژە کە بەئاواتی دەرباز بوونە لەدەستی ئەو "گولە"یە، دەردی خۆی چۆن چارەکا؟ ڕەدووکەوتن واتە پێکهاتن و هەڵاتن لەگەڵ ئەولاوە شۆخ و شەنگەی کەوێ، کە بەدڵی خۆیەتی و بۆتە دڵداری و لەپێش چاوانی "گولە" نیە و پاشانیش لێی نابێتە خەرتەتوڵە و گەمباڵ!! ئەو یا دەبێ ڕەدووکەوێ، یا تا لەژیاندا ماوە ددان بەجەرگی خۆ داگرێ و بسووتێ و بسازێ و جەرگ و هەناوی بە ئاوری خەفەت و بێبارامی هەڵکزێ و "گولە یا خەرتەتوڵە یا گەمباڵ"ەکە وەک تۆقی نەحلەتێ هەر دەگەردنی دابێ!

میرزا ئەحمەد پیاوێکی تێگەیشتوو بوو، ئەوانەی هەموو دەزانی، بەڵام ئەویش ئەندامێک بوو لەو کۆمەڵە، تەسلیمی بێ ئەملا و ئەولای داب و نەریتەکانیشی بوو. بەرژەوەندیی خۆشی هەر لەوەیدا دەدیت. وەک زۆر ڕووناکبیری بێموبالاتی دیکە دەیەویست لە ژێر باری ئەو بەرپرسایەتییە دەرباز بێ، خۆی بەوەی دڵخۆشی دەدایەوە:

- ڕاستە، هەمووی ئەوانە دەزانم، ڕاستییە حاشا هەڵنەگر و لەمێژینەکانی کۆمەڵەکەمن. بەڵام خۆ ئەمن دام نەناون، تا بەرپرسیاریشیان بم! ئەو دابە بەتەنێ بەمن هەڵناوەشێتەوە! ئەمنیش نەیکەم سەتی دی هەن! خۆ ئەمن تاوانێکم دەو کارەدا نییە، زیبا بۆ مینەش نەبا، خۆ هەر بنپشکی بارامی بوو، مینە نا یەکێکی دی، جووزانم تووشی خراپتریش نەدەهات؟"
لەو فکرانە بۆوە و ڕووی دە زیبا کرد:

- ڕۆڵەگیان! دەبێ بزانی کە چارەنووسەکەت هەر ئەوەیە، ئێمەش نەباین یێکێکی دی دەبوو، بارامی برات ئاوا نەبایە ژنی وەدەست نەدەکەوت! چ مەعلوومە تووشی خراپتریش نەدەبووی؟ مینە کوڕێکی زۆر فەقیر و بێ ئازار و بەکارە، هێندێک مۆنە، ئەوەش عادەتی هەمیشەییەتی، قدیلکەی بدەی پێکەنینی نایە! ئەگەر قینی هەستا قسان دەکا، وەک ئەوەی شەوێ بیستت، بەڵام هەر قسەیە! مێروولەش ئازار نادا، لەبەر منیش هیچت پێ ناڵێ، سەری خۆت بەردەوە و وەک کچێکی باش خەریکی کار و ماڵ و ژیانی خۆت بە!

زیبا قسەکەی بڕی:
- کاکەگیان بەخوای ئاوی حەیاتێش بێ بەئەوکمدا ناچێتەخوار، دڵم هیچ بۆی ناچێ، چبکەم، مردنم لە ژین دەگەڵ وی پێ باشترە! کەوشانت ماچدەکەم، قەرەواشیت دەکەم، ناشچمەوە ماڵە بابە وێرانبووەکەم، چی دەڵێی وادەکەم، بەڵام سوێندم بۆ بخۆ نەیەڵی ئەو کابرایە دەستم لێدا و هەر لەکنەخۆت بمنوێنی!

میرزائەحمەد دەمێک دەفکران ڕۆچۆوە: "وا باشترە چەند ڕۆژێک سەبری لێ بگرین، ئەو کچە بەستەزمانە زۆر منداڵە و هێشتا ماویەتی خۆی بناسێ، با قەولی پێ بدەم مینە تخوونی نەکەوێ تا بە قسەی خۆش و لاواندنەوە وردەوردە دڵی نەرم دەکەم. کار بەپەلە ناکرێ، هەرچی لەسەر سەبرانە لەسەر خێرانە! ...."

ئەوجار سەری هەڵێنا و کوتی:
- باشە ڕۆڵەگیان، چۆنت پێ خۆشە با وابێ! سوێندت بۆ دەخۆم تا بۆخۆت ڕازی نەبی نایەڵم مینە لێت نیزیک بێتەوە. هەر لەکن کاکی خۆت بخەوە، کەس ناتوانێ دەستت لێدا. ئێستاش هەستە کچی چابە، ئەو سەماوەرە بەرەوە جێی خۆی، بڕۆ ئاوێک بە دموچاوی خۆت داکە! بەستەزمان! لەدوێنێوە هیچت نەخواردووە، ئاوا دەمری! مینەش دەنێرمەدەرێ و وەدوای کارێکی دەخەم، تا ئێوارێ نایەتەوە. جا ئەتۆش بچوو، نانی بخۆ، هێندێکیش بحەسێوە، جا بیرێکیش لە حاڵی خۆت و وەزعی ئێمە بکەوە! دیسانیش بەخودای تا بۆخۆت ڕازی دەبی، هەر لەکنە خۆمت دەنوێنم، هەستە دەی ڕۆڵە زووکە دەی!

ئەو قسانە تا ڕادەیەک سوکنایی‌یان خستە دڵی زیبا. کاکە میرزا قسەکانی ئەوەندە بەدڵەوە و بە مێهرەبانی دەکردن، کە کاریان لە دڵی کرد. نەیتوانی باوەڕیان پێنەکا، هەتاو تازە گزنگی دابوو. هەستا سەماوەرەکەی لە جێی خۆی داناوە،
- باشە کاکەمیرزا، ئەمن تا دەمرم هەر قەرەواشی تۆم، زۆر خەجاڵەتم، ڕووم ڕەشبێ ناڕەحەتم کردی!

- نا ڕۆڵەگیان! وادیارە کچێکی زۆر ئاقڵی، ئافەرین بەرخم ڕووت سپی بێ. ئەمن ئەوە دەڕۆم براژنت تەندووری هەڵکردووە. زوو ئاوێکی بەچاوان داکە و وەرە متبەقێ. ئەوڕۆ نوێژەکەشمان چوو!

میرزائەحمەد وەدەر کەوت و زیبایش سەرەڕای بێهێزی و بێخەوی و ماندووبوونێکی زۆر، بەگورجی هەستاو دیوەکە خڕ کردەوە و چووە سەراوێ، ئاوێکی بە سەروچاوی خۆیداکرد. دڵی دەخێڵەکەوە دەهات. گێژ و وڕبوو و سەری دەسووڕا، تازە بەخۆی زانیبوو چەندە برسی‌یە! چووە متبەقێ، ژوورێکی پاک و خاوێن بوو کە سەلیقە و بەکاریی کابانەکەی دەنواند. بەڕەیەک و دوو لباد لە قەراغ تەندووری ڕاخرابوون. یەکێک لە لبادەکان

مجوحمەیەکی بە قاپێکی بەتاڵ و هێندێک نانی کوت و لەتەوە لەسەربوو. کتری و چادانێک لەقەراغ تەندووریێ بووون. وادیار بوو پیاوەکان نانیان خوردبوو و وەدوای کاری خۆیان کەوتبوون. لە سووچێکی متبەقی دوو منداڵی چووک دە شیرن خەوێدا بوون. ئاوجاکەی لەدەرێ ڕا هاتەوە. وڵاخەکانی بردبوونە گاڕانێ. زیبای وەک کچی خۆی دەباوەش گرت و ماچی کرد. زیبایش دەستی ماچ کردەوە. ئەو هەموو مێهرەبانییەی لەکەس نەدیبوو. وادیار بوو ئەو ژنە زۆری زگ پێ سووتابوو! ژنەکە بەپەلە مجوحمە نانێک و قاپەماستێکی هێنا، داینا و کوتی:

- کچم دە بیسمیللا نانی بخۆ! با تۆزێک بێیەوە سەرەخۆ دوایە پێکەوە دادەنیشین تێر قسان دەکەین. پێم خۆشە هەر وەک دایکی خۆتم چاو لێکەی.

- باشە براژن گیان، ئەرێوەڵلا بەقەرەواشت بم، وەک دایکی خۆمی، چۆن بڵەی وادەکەم.

- ڕووت سپی بێ کچم!

ئەوەی کوت و هەردووکیان لەسەر مجوحمەی دامەزران و نانیان خوارد و چەند چایەکیان هەڵقوڕاند. زیبا هێندێک هاتەوە سەرەخۆ، بەڵام هێشتا هەستی بە ماندوویەتی و بێهێزییەکی زۆر دەکرد. سەرەڕای پێ داگرتنی ئاوجاکەی، نەحەساوە و هەستا لەگەڵ ویدا دەستی کرد بەکارەکانی ماڵێ. ئەو کچی کار بوو و بە کار و کوێرەوەری ڕاهاتبوو.....

مۆتەکە

ئــەوێ ڕۆژێ ئاوجاکــەی زۆری دڵخۆشــی داوە. زۆری باســی بەدبــەختی و چارەڕەشیی ژنان بۆکرد.

- ڕۆڵــەگیان! ئــافرەت بەناشکوری وەنــاڵێم زۆر چارەڕەشــن. چــی ستەم و سووکایەتییە پێیان دەکرێ و هیچ جێگایەکیشیان نییە پەنای بۆ بەرن. کەس لەسەریان وەجواب نایە، بە دەیان و سەدان کچی بەستەزمان تەنیا بەتاوانی خۆشەویستی کوژراون و شورتوگوم کراون. خۆشەویستی و دڵداری هــەر مــافی پیاوانــە و بــۆ ژنــان باســی ســەرە! ڕۆژێکــی کابرایــەکی دیــوی گەرمێنێمان میوان بوو. بە شانازییەوە بۆی دەگێڕاینەوە "کوڕێک هاتبوو بۆ خوازبێنیی کچەکەم. لێم پرسی داخوا ڕازییە بیدەین بەو کوڕە؟ کوتی ئا، فەوری زانیم لەپێشدا پێکەوە نێوانیان هەبووە، ڕۆژێک بەبیانووی سەفەر کچەکەم بردە چۆلەوارێکی، لەوێ کوشتم و دەبن گڵیم ناو بەجێم هێشت و شەرەفی خۆم کڕییەوە! " ئای کچی خۆم، دەردی ژنان زۆر گرانە! هەر لە لای سەردەشتێش لەو بەینانەدا کوڕێک دەچێتە خوازبێنیی کچێک، برای کچەکە لێی دەپرسێ داخوا ڕازییە شوو بەو کوڕە بکا، کچی بەستەزمانیش دەڵێ ئەگەر براکانم ڕازی بن ئا، هەر لەسەر ئەوەندەی کوڕە ڕیزە فیشەکێک بە خوشکەکەیەوە دەنێ و دەیکوژێ، چیە، بەخۆڕایی نییە دەڵێ ڕازیم، حەتمەن پێشتر نێوانی دەگەڵ ئەوکوڕە هەبووە. بەخۆشییەوە ئەو خوشکی خۆ کوژە لەلایەن پێشمەرگەی کوردستانەوە گیراو دوای مەحاکەمە کوشتیان. ئاوا بەســزای تــاوانی خــۆی گەیشــت. نموونــەی زۆر هــەن لەســەر ستەم و چەوسانەوەی دەرهەق بە ژنان کە بەداخەوە جارێ وەختم نییە بۆتی بگێڕمەوە. ئەوانە بۆیە دەڵێم پێت وانەبێ هەر تۆ زوڵمت لێکراوە. ئێستاش کچی خۆم، لەسەرەخۆبە و هێندە خۆت مەخۆوە. میرزا ئەحمەدی مە پیاوێکی زۆر باش و تێگەیشتوویە و نایەڵێ مینە ئازارت بدا و منیش ئاگام لێت دەبێ و وەک کچی خۆم چاوەدێریت دەکەم!

- زۆرت مەمنوونم براژن، هەتا مردن هەر قەرەواشیی کەوشەکانت دەکەم. بەناشکوری وەناڵێم خۆ دایکم هەر نەبا باشتر بوو، ئەو خۆ لەبراکانیشم زۆر خراپتر بوو. جا مەگەر بۆخۆت وەک دایکێک ئاگات لێم بێ!

زیبا و ئاوجاکەی تا ئێوارێ پێکەوە کاروباری ماڵێیان جێبەجێ کرد. چەند ژن و کچیش هاتن بۆ سەردانی بووک و زۆریان دڵسۆزی دەگەڵدا نواند و دڵخۆشــیان داوە. مینــە تــا پــاش نــوێژی شێوان نەهاتــەوە. کــە گەیشــتەوە ماڵێش مۆن و مرچ بوو. ماندوویەتی لە سەر و سیمای دەبــاری، لــەبن لێوان سڵاوێکی کرد و بەبێدەنگی نــانی خوارد. ماوەیــەک دەفکران ڕۆچوو، کــەس

نەیدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە. جارجار لەبنەوەڕا چاوێکی لە زیبا دەکرد. پاش نوێژی خەوتنان چوو لە وەتاغی لێی نوست. خێزانی میرزا ئەحمەدی جێگای خۆیانی ڕاخست. جێگایەکیشی هەر لەپەنا ئی خۆیان لەگەڵ منداڵەکان بۆ زیبا چاکرد. هەموویان زۆر هیلاک بوون. لێی درێژ بوون. زیبایش کە لە هەموانیان ماندووتربوو، چاوی لەسەرێک دانان و بوو بە مەلەوانی دەریای بێبن و بێسنووری خەو...

****

دەنگێکی بەرزی نامۆی تۆقێنەر لەدوورەوە دەهات. وردەوردە لێی نیزیک دەبۆوە. دڵی داخورپا. دێوێکی زەبەلاحی بەهەیبەت، لەوانەی بە چووکەیی، شەوانی زستان لە حیکایەتەکانی بن کورسیدا بۆیان گێڕابۆوە و زۆر شەوان تابەیانی لەترسانیان خەوی لێنەکەوتبوو، بە دوو شاخی وەک شاخی کەڵی لە حاسمانێ ڕا بە نەڕەنەڕ پەیدابوو و لە نیزیک وی لەسەرپێ دابەزییە سەر حەرزی. شاخەکانی زۆر گەورەبوون. زنجیرێکی جوان بە دوو زەنگوڵەی زێڕەوە لە دووشاخی بەسترابوو. کلکێکی درێژی پێوەبوو کە وەک ئی ئەو شێرانە دەچوو کە لە کتێبە دەرسییەکانیدا دیتبوونی. دم و چاوی تەواو وە ئی مینەی دەچوو، بەڵام باڵای سێ هێندەی وی بوو. هەموو لەشی بە مووی درێژی ڕەش و سپی داپۆشرابوو، کە خاڵی چووک چووکی بەقەرا پێنج قڕانیەکیان پێک هێنابوون. دوو چاوی سووری گەورە و دەرپەڕیوی پڕ لەخوێنی دەزیباێ بڕین. کیژۆڵەی بەستەزمان زۆری باسی دێوان و بەسامیی ئەوان بیستبوو، بەڵام قەت نەیدەزانی ئەوەندە بەسام و تۆقێنەرن. هەر وەختابوو زراوی بچێ! دێوە زاری داپچڕی ، دووڕیز ددانی گەورەی تیژی زەرد ودزێوی وەدیار کەوتن. بۆگەنیوی زاری هەموو وڵاتی داگرت. زیبا هەر وەختابوو بەو بۆگەنیوە بخنکێ. هەناسەی بەئاستەم دەهاتەدەر. زاری دێوەکە هێندە گەورە بوو کە دەیتوانی سەری وی بە قەپاڵێک لێ بکاتەوە. قاقایەکی توندی لێدا کە حەرزی وەک بوومەلەرزە لەرزاندەوە.

- ها زیبا، جا ڕوحی خۆت بۆکوێ دەبەی؟ چۆن لەبەر دەستانم هەڵدێێ؟

کیژۆڵەی بەستەزمان زەندەقی چوو، ئەژنۆی لەرزین و قەڵەمی دەست و پێیانی شکا! ئارەقە چۆڕچۆڕ لە لەشی دەچۆڕاوە. دەنگی نووسابوو. دێوە وردەوردە لێی وە نیزیک دەکەوتەوە. چۆن ڕوحی دەر نەچوو؟ زۆری پێ سەیر بوو! بەناهومێدیەوە چاوی بەولا و ئەولای خۆیدا گێڕا. خاڵە مەلای بێدەنگ لەپەنای ڕاوەستابوو. هەرچۆنێک بوو تەکانێکی دا بەرخۆی، دەستی بۆ لای خاڵی درێژ کرد، بەڵام ئەویش وردەوردە لێی دوورکەوتەوە. بوو بە پەڵەهەورێکی سپی و وەحەوای کەوت. دێوە خەریک بوو بیگرێ. بۆلای داهاتبۆوە. لەهەیبەتان تینیدا بەرخۆی. هەناسەیەکی بەزەحمەت کێشا و

زمانی کراوە. یەک بەخۆی قیژاندی. بەقیژەی خۆی وەخەبەر هات. میرزا ئەحمەد و ژنەکەشی ڕاپەڕین.

- ئەوە چی بوو ڕۆڵە بۆ قیژاندت!؟

- دێوەکە! دێوە بەڵەکە گەورەکە!

- دێوی چی ڕۆڵە!؟

کچۆڵەی بەستەزمان تفی بەزەحمەت قووتدا و کەمێک ڕاوەستا، ئەوجار لەسەرەخۆ کوتی:

- کاکە میرزاگیان، خەونێکی زۆر ناخۆشم دی، وەختابوو زراوم بچێ!

- هیچ نیە کچم! مۆتەکەبووە، شادەوئیمانێکی بێنە و بخەوە، مەترسێ! دا نەختێک ئاوی بۆ بێنن!

ئاوجاکەی ئاوی بۆ هێنا، زیبا چۆڕێکی خواردەوە و شادەو ئیمانێکی هێنا و بڕێک هاتەوە سەرەخۆ. میرزا ئەحمەد نەیهێشت چراکە خەفەکەن، کوتی:

- با ماڵەکە ڕووناک بێ، ئەو بەستەزمانە خۆفێ دەکا!

هەموویان خەوتنەوە، هەر زیبا دوو سەعاتان لەنێو جێگادا جینگڵی دان. هەر خۆی دڵخۆشی داوە و نێوی خوا و ڕەسوولانی هێنا و هەرچۆنێک بێ خەوی لێکەوتەوە.

****

لە نێوەڕاستی دەشتێکی چۆلی وشکی بێ ئاودا مابۆوە، بەهەرچواردەوری دا تا چاو هەتەری دەکرد نە ئاو دیاربوو نە ئاوەدانی و نە هیچ شیناوردێك. هەموو وڵات خیزێکی شینی گەرم و ورد بوو، هەتاوی گەرم خەریك بوو مێشکی دەکوڵاند، ترسێکی بەهێز دایگرتبوو. لەنەکاو دەنگە بەرزە نامۆیەکەی هاتەوە گوێ، دیسانیش ئەژنۆی ڕەق بوون، تف دەزاریدا ئیشك بوو، بۆگەنیوەکەی گۆرین هەناسەی بڕیبوو، خەریك بوو دەخنکا، هەموو گیانی وەلەرزین کەوت. ددانی ددانی نەدەگرت، سەری هەڵێنا. دێوەی گۆرینی لەهەوای ڕا لێ پەیدابۆوە، ئەوجاریش لە نیزیك وی لەسەرپێ هاتەخوار، زاری کردەوە، قاقا تۆقێنەرەکەی لێداوە، بۆلای هات، ددانەتیژەکانی دەچیڕەوە بردن، بەغەرەزێکی زۆرەوە کوتی:

ـ کچەتتیوەسەیە! ئەوجار ڕوحی خۆت بۆکوێ دەبەی، بۆکوێ لەدەستم هەڵ دێی؟

بەهیوابڕاوی چاوێکی لەم لا و ئەولای خۆی کرد، میرزائەحمەد زۆر نیزیك بەلای دەستی ڕاستییەوە ڕاوەستابوو. دەستی بۆ درێژ کرد کە داوای یارمەتیی لێ بکا، بەڵام ئەو وردەورده چووك بۆوە تا وەك مێرووڵەیەکی

لێهات و لەیەرچاوانی ون بوو. ئاوڕێکی داوە، دایکی لەپشتی ڕاوەستابوو، قەڵافەتی زۆر گەورە ببۆوە، تەنانەت لە هی دێوەکەش گەورەتر! هۆشێکی هاتەوەبەر، تروسکەی هیوایەك لە دڵی پڕژانیدا پەیدابوو، زمانی کراوە، هێز و تینیکی دەلەشی گەڕا، خۆی هاویشتە بەرپێی دایکی، لاقی ماچ کرد، دامێنی گرت و پێی هەڵڕووسکاو لەبەری پاڕاوە:
ـ دایەگیان! تو و خوا، تو و پێغەمبەر! مەهێڵە ئەو دێوە بم بات!

بەڵام دایکی مۆڕەیەکی لێکرد، بەقەڵسی داوێنی خۆی لەدەستی ڕاپسەکاند، زیبا لەسەردم وەعەرزی کەوت، هات ڕاست بێتەوە، دێوەکە توند گرتی. لەحەجمەتان لەخەوێ ڕاپەڕی، هەمووگیانی شەڵاڵی ئارەقە بوو، بەزەحمەت شادەوئیمانێکی هێنا، دەمێك لەسەر جێی خۆی دانیشت، هەناسەیەکی هاتەوەبەر، بڕێك هاتەوە سەرخۆ، چاوێکی لەدەرێ کرد بوولێڵ داهاتبوو، کەڵەبابی بەیانی دەیخوێند. هەستا خۆی توند کردەوە. چوو لەسەر کانی دەستنوێژی هەڵگرت و هاتەوە ماڵێ. میرزائەحمەد و خێزانیشی هەستابوون، خێرا نوێژەکەی کرد و نوێن و بانی کۆکردنەوە. ئاوجاکەشی بەگورجی تەندووری هەڵکرد و کتریی وەسەرنا، ئەویش گەسکێکی لەماڵێ داو لبادێکی بۆ پیاوەکان ڕاخست و مجوحمەی نانی بۆ دانان. مینە و میرزائەحمەد بەبێدەنگی نانیان هوارد و سەرو دوو چایان هەلقوڕاند و وەدوای کاری خۆیان کەوتن. ژنەکانیش بۆچێشتانێ لەکاران بوونەوە.

وردەوردە ژن و کچی گەڕەکێ پەیدابوون. هاتبوونە سەردانی زیبایە. هەموویان بەسەرهاتەکەیان بیستبوو و بەپەرۆشەوە سەیریان دەکرد و زگیان پێی دەسووتا. هێندێکیان تەنانەت وێنەی چارەڕەشیی خۆیانیان دەچاوەکانی ئەو بوونەوەرە بەستەزمانەدا بەدی دەکرد. ئەوبوونەوەرەی بەڕواڵەت بەمرۆڤ دەژمێردرێ و هەموو ئەرکەکانی مرۆڤێکی لەسەرشانە بەڵام لەهەموو مافەبنەڕەتییەکانی ئینسانێك بێبەش کراوە. کیژەکان زۆریان لە چارەنووسێکی وەك هی ئەو دەترسان. ئاخیان بۆ هەڵ دەکێشاو دڵسۆزیان بۆ دەنواند و دڵخۆشییان دەداوە.....

****

ڕۆژ بەدوای ڕۆژدا تێدەپەڕی، بەشی هەرە زۆری ژنان و کیژانی گوند لەگەڵ زیبا بووبوون بە ئاشنا. بەتایبەتی لە نێو کچەکاندا دەستەخوشکی زۆری پەیداکردبوون. دەهاتنە سەردانی و ئەویش ئەگەر بێکار دەبوو سەرێکی لێدەدان و سفرەی دڵیان لەلای یەکتری دەکردەوە. بەشی هەرە زۆریان دڵ پڕ زووخاو بوون.

سوعدا ژنێکی حوان و ڕێك و پێك و خوێن شیرین بوو. تەمەنی ٣٥ ساڵ دەبوو. مێردەکەی بیست ساڵان لە خۆی گەورەتربوو. دەیگێڕاوە:

ـ حەڤدەساڵانە بووم. ساڵ و نیوێك بوو دەگەڵ کوڕێکی بیست ساڵەی جوان و ڕێك و پێك یەکتریمان خۆش دەویست. وەختابوو بۆ یەك شێت بین. بابم و

براکانم بەدزیی من دەگەڵ ئەو مێردەم پێك هاتبوون كە بۆ براگەورەكەم ژن بەژنەم پێ بكەن. حەسەنی مێردم ژنێك و دوو كچ و ڕەسووی براگەورەشم دووكوڕ و كچێكی هەبوون. ڕۆژێكی بەیانی لە كانیی ژنان زانیم كە باب و براكەم شەوێ بەبێ پرس و ئاگای خۆم مارەیان كردووم. ئەوكوڕەی خۆشیشم دەویست پیی زانیبوو، ئێوارێ خەبەری لێناردم شەوێ خۆ سازكەم هەڵم دەگرێ. شەوێ دوای ماڵ خەوتنان وەدەر كەوتم، دەگەڵ كوڕەی بەماشێنێكی جیبی دەربەست چووین بۆ شاری (ش). لەوێ دوو مانگان لەماڵە مەلای بووم. ئەوجار پەنامان بردە بەر ماڵە مەلایەكی بەنێویانگی شارێكی دیكە. ئەو مەلایە ناوبانگی بەوەی دەركردبوو كە دژی ژن بەژنە و كچ بە منداڵی و یا بەبێ ڕەزامەندیی خۆی مارەكردنە. پێیان دەكوت كەڵبەشە و لەدین وەرگەڕاوە، هەر چونكە دەیكوت: "هەركچێكی بەمنداڵی یا بەبێ ڕەزامەندیی خۆی مارە كرابێ ڕەگەڵ هەر كەسێكی كەوێ وەباڵ بەئەستۆی خۆم مارەی دەكەم!" زۆر كچی لێقەوماو پەنایان بۆ بردبوو و نەجاتیی‌یان ببوو. هیچ مەلایەكیش نەیدوێرا ڕووبەڕوو شەرحی دەگەڵ بكا، هەمووی دەبەزاندن. مانگێك لەوێ مامەوە هەر بەڵكوو باب و براكەم لەكەری شەیتانی بێنە خوار و بمدەن بە خۆشەویستەكەم، بەڵام ئەوان هەر لەسەر قسەی خۆیان سوور بوون. ئۆ.....وەی ڕەببی بابە دەوێشدا نەحەسێیەوە و هەموو شەوت شەوی هەوەڵێ بن! ڕەببی كاكە قەت خێر و خۆشی لەخۆت نەبینی و ڕووڕەشی دەرگای خودای بی چۆنتان بەدبەخت كردم! ... بەڵێ كچی خۆم! سەرت نەئێشێنم ڕۆژێكی نازانم بۆچی بۆ بەدبەختی‌یانم ماڵە مەلای چۆل بوو، هەر ئەمن و پیرێژنی دایكی مەلای لەماڵێ بووین. لەپڕ بابم و ڕەسووی برام وەژوور كەوتن، كاكم لێی هەڵكێشامە خەنجەرێ و لەسەر سەری ڕاگرتم و چاوی لێ دەرپەڕاندم و ددانی دەچیڕەوە بردن و بە تووڕەیی و غەرەزێكی زۆرەوە كوتی: "كافر! دەگەڵم دێیەوە یا بەو خەنجەرەی ئەنجن ئەنجنت كەم؟" كە چاوم بەچاوی كاكم كەوت ڕوحم دەبەردا نەما، خوێن لەچاوانی دەباری، كەسیش نەبوو هانای بۆ بەرم، هەموو گیانم وەك مێژووكەی دەلەرزی، بەناچاری خۆم هاویشتە سەر پێیانی و بەكەوشەكانیدا نووسام و پاڕامەوە: "كاكەگیان! بەقوربانت بم! گووم خوارد! غەڵەتم كرد! چۆنی دەفەرمووی وادەكەم، مەمكوژە!" لەترسی گیانم ڕەگەڵیان كەوتم، یەكسەر بردیانمە ماڵە ئەو مێردەم كە هەر لەوشارەی بوون. هەر ئەو وەختی ڕانەوەستان، بەپەلە خوشكە مێردەكەشمیان سواری جیبێك كرد و بردیانە ماڵەبابم. وادیار بوو پێشتر كاكە و برالەی خۆیان كردبوو. ئەمن ئیدی بەتەواوی بەسترامەوە و تا خۆشەویستەكەم پێی‌زانی كار لەكارێ ترازابوو و هیچ نەدەكرا. لەتاوان شەش مانگان دەجێیدا كەوتم. حەسەنی مێردیشم هەرچەندی خەڵك و خزم و كەس و دۆست و برا لۆمەیان كرد كە "چۆن ئەو ژنەت قبووڵ دەكەی كە پێش گوێستنەوە ڕەدووی یەكێكی دی كەوتوە؟ كوا ئەوە پیاوەتییە؟ عەیبێكی زۆر گەورەیە! بێشەڕەفییە! چۆن

شانت هەڵدەگرێ؟ ..... " کوردە کوتەنی "شانم کردوە کۆمە و لەخۆم گرتوە لۆمە!" گوێی خۆی لێ ئاخنی و هەر دەتکوت دەگەڵ ویشیان نییە! ئێستاش کە شەش کچ و دوو کوڕم لێی هەیە هەر وادەزانم بەرازە دەیبینم، تا چاوم پێیدەکەوێ هەزار دووعای لە باب و کاکم دەکەم، ڕەببی خوای من بیانگرێ و لەدونیا و قیامەتان نەحەسێنەوە چۆنیان هەناسەسارد کردم!.... ئەو کارەساتە وا کاری لە مێشک و هەناوم کردووە کە ئێستاش هەر نەهاتوومەتەوە سەرەخۆ ونەخۆشیی خەمۆکیم هەیە و هەر دەبێ حەبان بخۆم و بە دەرمانان ڕاوەستاوم...

سوعدا دەمێك دەفکران ڕۆچوو، تەمی خەمێکی قووڵی کۆن بە ڕوخساریەوە دیار بوو، دەتکوت ئەو کارەساتە گورچووبڕەی دەچێژێتەوە کە دەوری هەژدەساڵ پێشتر بەدەستی باب و براکانی بەسەری هاتبوو. سەری هەڵێنا و ئاخێکی بەسۆزی هەڵکێشا و درێژەی بە قسەکانی دا:

ـ بەڵێ کچی خۆم! وادیارە چارەنووسی کچانی چارەڕەشی مە هەروایە و هەر واش دەبێ. پیاوێك جیرانمان بوو، حەسەنی وەستابرایمیان پێدەکوت. کوڕێکی هەبوو بەناوی سمایل و کچێکی بەناوی فاتم. فاتم ساڵێك لە سمایلی چووکتر بوو. فاتمی کڵۆڵ دووساڵانە بوو کە دایکی لەسەر منداڵی چوو، کوڕێکی دیکەشی لەپاش بەجێما. ئەو کوڕە نەنکی وەئەستۆی خۆی گۆت و بەخێوی کردو ئێستاش هەر لەکنیەتی. فاتم و سمایلیش بەئەستۆی بابی بێکابانیاندا مانەوە، کەس نەبوو بۆ بەخێوکردنیان یاریدەیەکی بدا. پاش ساڵێکی حەسەن ژنێکی بەمێردی هەڵگرت و فاتمی سێ ساڵەی بە بەرخوێن لە مێردی ژنەکەی مارە کرد. ژنەش هەر سێ ساڵان دانیشت و دوایەش بەجێی هێشتن. حەسەنی چارەڕەش دیسانیش بە دوومنداڵی سەروپێچکەوە بێکابان ماوە. پاش دووساڵان شەڕێکی قورس لەناوچەدا قەوما. دێیەکەمان بە تۆپ بارانێ وێران بوو. حەسەن پیلی منداڵەکانی گرت و ئاوارەی گەرمێنێ بوو. لەوێش پاش حەوت ساڵان بەنەخۆشیی دڵ عەمری خوای کرد. ئەو کابرایەی فاتمی لێ مارەکرابوو چەند جاران بەدوایدا نارد. بەڵام ئەو جوابی نەداوەو کوتی مارەم لێی نەهاتوە و مێردی پێ ناکەم. حەسەن هێندێك خزمی لە گەرمێنێ هەبوون، حوکمیان لە فاتمێ کرد دەبێ مێردی بە کابرای بکا چونکە لێی دەترسان. بەڵام کچەکە بەهیچ ڕازی نەدەبوو و لەترسی هەڕەشەی خزمەکانی نەیدەوێرا مێردی بەکەسێکی دیکەش بکا. ئەو کچە بەستەزمانە ئێستاش هەر ئاوارە و سەرگەردان ماوەتەوە و بەبەندی کابرای بەتەمتنتر لە بابی خۆیەوە دەناڵێنی و لە ترسی خزمەکانی ناوێرێ شکایەتیش بکا.

زۆرکچ و ژنی دیکەش زۆر بەسەرهاتیان بۆ گێڕایەوە، تا بە دابەش کردنی خەمەکان بارێکی لەسەرشانی سووك کەن.

ـ خاتوون، بەمندالی لەسەر پشتی لانکێ مارە کرابوو، دەزگیرانەکەی ژنی هێنابوو ئەویشی نە دەگوێستەوە و نە ئازادی دەکرد.

ـ حەلیم بەبەرخوێنی برادەرێکی بابی درابوو. مێردی نابەدڵی زۆریشی دەگەڵ بێحەیا بوو و دڵ پیسیشی لێدەکرد. ڕۆژنەبوو چینێکی نەکوتێ، حەزلێکردنیشی لەسەر دەکردو زۆریش بەچاوی سووك تەماشای دەکرد.

ـ فاتم بابی بە منداڵی پیاوەتیی پێوە کردبوو، هێشتا مانگێك نەدەبوو گوێزرابۆوە مێردەکەی ژنێکی دیکەی هەڵگرت و پشتی دەوی کرد. ئەویش پاش ساڵێك ژینی سەگەمەرگی ماڵەمێردی بەحێهێشت و منداڵێك بەباوەشەوە چۆوە ماڵەبابی. ئێستا دەساڵە بە مارە و تەڵاقی کابرایەوە لە ماڵە بابیەتی، مێردەکەشی نە لێی دەپرسێتەوە و نە تەڵاقیشی دەدا. بابی فاتمێ چەندجار داوای تەڵاقی بۆ کچەکەی کردوە، پیاوەکەش دەڵێ تا سەت و پەنجا هەزار تمەنم بۆ وەئەستۆی خۆی نەگرێ تەڵاقی نادەم. فاتمیش پێی غەدرێکی زۆر گەورەیە. دەڵێ مێردم پێم ڕازی نییە، بەدڵی خۆشم مێردم پێ نەکردوە و بەزۆری داویانمێ. چۆن خوا هەڵدەگرێ خۆشمی بۆ بفرۆشم؟ حاسمان خۆ لەحەرزیدا قڕانێکی بۆ وەئەستۆ ناگرم و مارەیی و نەفەقەشم دەوێ. ڕدێن سپی و پیاوماقووڵ نەماون بەنێوانیان ڕانەگەن، کابرا سواری کەری شەیتانی بوە و دانابەزێ. بابی فاتمێ دەڵێ هەیهاوار خەڵکینە چۆن وادەبێ؟ ماڵم یەسێچەپی قوڕێ گیرێ بۆ چاکەی کردم، خۆم شەرمەزاری ویژدانم و کیژی بەستەزمانم کرد، ئەوەش هەقی چاکەم!؟

ــ خەیاڵ مەگەر جوانییەکەی هەر دەخەیاڵ دابێ. بابی لەتەمەنی ١٧ساڵیدا داویەتی بە کابرایەکی پەنجا و پێنج ساڵەی دەوڵەمەندی لرخنی ناحەز و سێسەت هەزار تمەن شیربایی وەرگرتووە. کابرا ئێستا پاش دەساڵ بۆتە پیرێکی زەلیلی بەدئەخلاق، بەسێ منداڵی سەروپێچکەوە بەسەردەستی خەیاڵدا ماوەتەوە. سەرباقی هەموو دەردان دڵپیسیشی لێدەکا و سەت ناو و ناتۆرەشی لێ هەڵ دەدا. ئەو ژنە چارەڕەشە هەتا بەوەڕەزی بێتە دەر و سەرێکی دەروحیرانان بدا، دەبێ کە گەڕاوە ماڵێ چاوەڕوانی هەزار قسەی سووك و ناڕەوا بێ.

ئاوا زووخاوی دڵیان لەلای زیبا هەڵدەڕشت و دڵخۆشییان دەداوە تابەڵکو تۆزقاڵێك لە باری خەفەتی سووك کەنەوە، بەڵام زووخاوەکان ئەوەندە زۆربوون کە بەو هەڵڕشتنانە بنەیان نەدەهات و باری خەفەتیش ئەوەندە قورس و پشت چەمێن بوو کە ئەو سووك کردنانە هیچ کارێکیان تێ نەدەکرد. باسی شیرنێیان بۆ دەکرد:

- ژن بەژنەی پێکرابوو، مێردەکەی بەدڵ نەبوو، خەسوو و خەزووریشی وەرهەمیان پێ هەڵێنابوو، تابی نەهێنا و ڕەدوای جحێڵێکی شۆخ کەوت، مێردەکەی بەدوایاندا چوو، شیرنی وەگیرکەوت، ئەو چارەڕەشەی بە

خەنجەران کوشت و بۆخۆشی هەڵات بۆ گەرمێنێ. باربەهای شیرنێش دانەنیشت و چۆوە ماڵەبابی. دووماڵ ئاوا تێك چوون!

باسی چەند ژن بەژنەیان بۆ کرد کە چونکو یەکێك لە باربەهاکان بە مێردەکەی خۆی ڕازی نەبوە، دانەنیشتوە و باربەهاکەی دیکەش سەرەڕای ڕازی بوونی بە ماڵ و مێردی خۆی لەسەرداوا و پێ داگرتنی براکەی بەپێی داب و یاساکانی ژن بەژنە چۆتەوە ماڵەبابی. هەروەها باسی چارەڕەشی و بێنازیی ئەو منداڵە بەستەزمانانەی بۆ کرا کە بە هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوبەشی دایك و بابیان لە ژیانی نیو خێزانێکی پڕ لە خۆشەویستی دایك و باوکانە بێبەش بوون. باسی کچێکیان بۆکرد کە حەزی لە لاوێکی زۆر ڕێك و پێك دەکرد، کوڕەش وەختابوو لە سوێیانی شێت بێ، چەند جاری ناردەسەری نەیاندا، ئاخیری برای کچەکە ژنی هەڵگرت و ئەویان بۆ بە بەرخوێن دا. ڕۆژێکی بە چەقۆ لەسەر سەری ڕاوەستان و وەکیلایەتییان لێئەستاند و مارەیان کرد. پاش شەش حەوت مانگان ڕاست لەوشەوەی دا کە وەسپەینێڕا قەرار وابوو بیگوێزنەوە، پاش ماڵ خەوتنان هەستا چوە دەرێ تەنەکەیەك نەوتی وەسەرەخۆی گێڕا و ئاوری دەخۆ بەردا، تا گەیشتنەسەری بوو بەخەڵووز، کوڕەش لەتاوانی گێژ و وڕ بوو، ئێستاش پاش چەند ساڵان هۆشی لەسەر خۆی نییە و مات و بێدەنگە و خەفەت لە چاوانی دەباری.

ژنی گەڕاوە و تەنانەت پیرێژنەکانیش جارجار پرێسکەی دڵیان لەلای دەکردەوە و بەوکارە هەم سێبوور دەبون و هەم ئەویشیان دڵخۆش دەکرد و تاڕادەیەك سێبووریان دەخستە دڵی.

هێندێکیان دەیان کوت:

ـ دەبێ ددان بەجەرگی خۆت داگری! تەسلیمی چارەنووسی خۆت بی! سەبرکەی! هەرچی لەسەر سەبرانە لەسەر خێرانە! چت لەچارەی نووسرابێ ڕەدبوونەوەی بۆ نییە! پیاو دەستەڵاتدار و بەهێز و ژن زەعیفەیە! دەبێ سەر دانەنوێنی و بەبێ چۆن و بۆچی و ئەگەر و مەگەر دە عەمر و گوێی پیاوان دابی. کوا ژن بۆی هاتوە قسە لە قسەی پیاوان بکا؟ خوا وای کردوە و هەرواش دەبێ.

هێندێکانیش، کە بەشی هەرەزۆریان خوێندەواریەکیان هەبوو، بەپێچەوانە هانیان دەدا و دەیان کوت:

ـ ئەگەر زەعیفە و بێدەستەڵات و زوڵم لێکراوین هەمووشی هەربەتەنێ سووچی پیاوان نییە، بۆخرشمان تێیدا تاوانبارین، مریشك بۆخۆی خۆڵ وەسەری خۆی نەکا بەکەسی وەسەر ناکرێ! بۆ مەسەلەن ئەوژنانەی بەسەر ژنێکی دیکە دێن کەمتر لەو پیاوانە تاوانبارن کە ژن بەسەر ژنەکەیان دێنن؟ ئەوان بۆچی لەجیاتی بەربەرەکانی دەگەڵ ئەو دابە ناحەزە بۆخۆشیان پەرەی پێ دەدەن؟ پاشان ژن واش نیە کە هەر زەعیفە بێ، زۆرجار دەستی داوەتە کاری پیاوانە و تەنانەت لە پیاوانیشی باشتر

بەڕێوەی بردووە. نموونەی ئەو ژنانە چ لەمێژووی جیهاندا و چ لە مێژووی کوردەواریی خۆماندا کەم نین. بێجگە لەو هەموو وەزیر و وەکیل و سەرۆك وەزیرە ژنانەی جیهانی ئەوڕۆ، لە ڕابوردووی دووریش دا نموونەیان زۆربوون. بۆوێنە دوور نەڕۆین، خانزادی سۆران یەکێك لەو ژنە دەستەڵاتدارانەی کورد بوە کە ماوەیەك بەوپەڕی تواناو لێوەشاوەییەوە، دەستەڵاتی خۆی لە بەڕێوەبردنی میرنشینی سۆراندا نواندوە و بە هەزاران پیاوی گەورە لەژێر فەرمانیدا بوون. یا ئەو شێرە ژنەی بردوویانە سەر تەرمی کوڕانی ئیعدام کراوی، لەپێش چاوی زەقی جەللادانی سەرسووڕماو، بەبێ ئەوەی دڵۆپێك فرمێسك بەچاوانیدا بێتە خوار و یا شیوەن و ڕۆڕۆ بکا، دەستی بەخوێن دەکا و بە ڕوخساری کوڕەکانی دا دێنێ و بە دەنگی بەرز دەڵێ: "با ڕووی کوڕەکانم دوای مردنیش سووربێ و دوژمن ڕوویان بەزەردی نەبینێ و نەڵێ لە ترسی مردن زەرد هەڵگەڕاون!" بەڵێ هەر لە مێژووی گەلەکەماندا ژنی گەورەی شانازی خوڵقێن زۆرن کە دەبێ سەرمەشقمان بن. ئەگەر هەر تەسلیم بین و دەست لەسەر دەست دانێین و هیچ هەوڵێك نەدەین و بەربەرەکانی نەکەین، لانیکەم هاواریش نەکەین و ئەو ستەمەی لێمان دەکرێ لەقاوی نەدەین و ویژدانی مرۆڤایەتیی پێ نەهەژێنین، لەوەمان باشتر نایەتە ڕێ.

ڕۆژێکی پیرێژنێکی جوانی خوێن شیرنی خۆش مەشرەب هاتە سەردانی. بەمیوانی لەشاری ڕا هاتبوو، ئامینێ مەلایان پێدەکوت. زۆر قسەخۆش بوو. ڕوخساری جوانی نیشانەی جوانییەکی بێوێنەی سەردەمی لاوەتیی پێوە دیار بوو. کوڕێك وکچێکی هەبوون، کوڕەکەی دەرسی دەخوێند و کچەکەی دەستی لەخوێندن هەڵگرتبوو و لە ماڵێ شتی بۆ فرۆشتن دەچنی. پیرێژنیش جلکی دەدروون و هەرچۆنێك بێ خۆیان بەڕێ دەبرد. کوڕێکی گەورەتریشی جوانەمەرگ ببوو. بۆی گێڕایەوە:

ـ بابم مەلا بوو، پیاوێکی لاتی چەقۆکێشی ئارەق خۆر هات و چۆی ماڵی دەکردین. دەگەڵ بابم زۆر ڕەفیق بوون، زۆرم پێ سەیر بوو، چەندی دەم هێنا و دەم برد نەمدەزانی دۆستایەتیی ئەو دوانە چۆن دەگونجێ ! قادری ناو بوو، ماشێنێکی کۆمپرێسیی هەبوو کاری لەسەر دەکرد. وەك بابم دەیگێڕاوە قەدیم پێکەوە جیران بوون. لە منداڵییەوە لەگەڵ باوکم پێکەوە گەورە ببوون، تا بابم چووبوە حوجرەی فەقێیان و ئەویش بوبوو بە شاگرد شۆفیر. هەر هەلێکی بۆ هەڵکەوتبا سەرێکی بابمی دەدا. درەنگ ژنی هێنابوو. کوڕێکی هاوتەمەنی منی هەبوو، ناوی برایم بوو، دەگەڵ خۆی کاری دەکرد. ئەمن منداڵی پاشەبەرەی دایك و بابم بووم. دایکم پاش بوونی من بە نەخۆشییەك لەزگ وەستابۆوە. ژنی قادری لەسەر برایمی چوو. برایمیش تا وەختی کارکردنی هات لەماڵە باپیری گەورەبوو. بابی غەزەب لێگرتووم ڕۆژێکی لەزاری دەرپەڕی و ئەمنی پێشکێشی قادری کرد. هەموو گیانم مرد! تەمەنم شازدەساڵان بوو. دەگەڵ کوڕێکی یەکترمان زۆر

خۆش دەویست. چەندی گریام و پاڕامەوە، بەخۆم دادا، خوا و پێغەمبەرم هێنا تکایە، بابم کوتی : "تازە قسێکە کردوومە چۆنی دەخۆمەوە؟ قسەی پیاوان یەکێکە و نابێ بەدوو!"

پیرێژن دەتکوت گەڕاوەتەوە ئەو ڕۆژە ڕەشانە! تەمی خەمێکی قووڵ، ژانی کولانەوەی برینێکی کۆن، روخساری مێهرەبانی داگرتبوو. ئاخێکی پڕحەسرەتی هەڵکێشا و کوتی:

ـ ئۆ... وەی ڕۆڵە ژن چەندە بەدبەخت و هەناسەساردن! هەتا مەلاش بەپێچەوانەی قسەکانی نێو مزگەوتێیان دەگەڵیان دەبزوونەوە. دەڵێن کچ بەزۆری مارەی نایە بەڵام سووراوسوور دەزانن کچێکی چارەڕەشی بێدەستەڵات بەزۆریی خەنجەرێ وەکیلایەتیی لێوەرگیراە، چاوی لێدەقووچێنن و مارەی دەکەن. سووراوسوور دەیزانن چواردڵ یەك ناگرنەوە، بۆ خۆشیان دەڵین لەچواران یەك هەر نارازییە بەڵام مارەشیان دەکەن و دەبنە هۆی سەرگرتنی ڕێ و ڕەسمی دزێو و نا ئینسانانەی ژن بەژنە بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ویستی کوڕ و کچەکان. لەو نێوەدا کاری بابم لە ئی هەموان ناحەزترە، ئاخ..... بابە! ڕەببی دەوێش دا نەحەسێیەوە، هەموو شەوت شەوی هەوەڵێ بن، ئازا و ڕزگاری دەرگای خوا نەبی، لەڕۆژی مەحشەرێ خوداگیرم بی، چۆنت بەدبەخت کردم! ڕەببی ئاهی من بتگرێ و لەو دونیا دا گرفتاری عازابی خوای بی چۆنت چارەڕەش کردم!
ئامین ئیستێکی بێدەنگ بوو، دەتگوت نێو هەگبەی بیرەوەرییە تاڵەکانی دەکۆڵێتەوە. ئەوجار کوتی:

ـ بەڵێ بابم، بابی مەلا و خوێندەوارم ئاوای قوڕ وەسەری کردم! بەبایی بەخەساردانی جوانی و جحێڵیم، بەبایی وێران کردنی ماڵی هیوا و ئاواتم، ماڵی کابرایەکی ناحەزی لاتی ئارەق خۆری پەنجاساڵەی پێ ئاوەدان کردمەوە، تا ماوەیەکی لەلای گیرنەدەبووم، دەڕۆیشتم، بەڵام بابم هەمووجارێ بەهەڕەشە و زۆری و ئامۆژگاری دەیناردمەوە، تا کوڕێکم لێی بوو، ئەوجار کوردە کوتەنی ڕیخۆڵەم دە ڕیخۆڵەی هاڵا و بەسترامەوە. هیچ دەراوێکی ڕوونم شك نەدەبرد، کەس نەبوو هانای بۆ بەرم، ناچار داسەکنام و ددانم بەجەرگی خۆم داگرت. قادر کەم وەماڵێ دەکەوتەوە. یا خەریکی کار و سەفەرێ بوو یا شەڕێکی دەکرد، چەقۆیەکی دەوەشاند و ماوەیەکی دەگیرا. ئەمنیش زۆر کەم ڕووم دەدایە. خواخوام بوو قەت نەیەتەوە چاوم پێی نەکەوێ...

پیرێژن دەمێکی مات و بێدەنگ بوو، دەتکوت سەرلەنوێ هەموو ئەو بەدبەختییانەی بەسەری هاتوون دەیان چێژیتەوە، پاشان ئاخێکی هەڵکێشا و کوتی:

ـ برایم زۆر کوڕی چاك و بەئەدەب و لەسەرەخۆ بوو، هەمیشە دەگەڵ بابی کێشەیان بوو، زۆرم لەسەر وەجواب دەهات. قادر سەرەڕای ئەو حاڵەش دەماڵێدا زۆر بەدئەخلاق بوو، زۆرجار شەوێ درەنگ بەمەستی دەهاتەوە و دۆ و دۆشاوی لێك دەدا. خواخوام بوو قەت چارەی نەبینم. کە دەچوە سەفەرێ هەزاردووعام لێدەکرد بەشکوو نەگەڕێتەوە. زۆرجار لێی دەپاڕامەوە و دەمگوت: "کوڕە وەرە بۆخاتری ئەو خوایەی ڕزگارم کە!" لە جوابم دا دەیگوت: "ئائا! تەڵاقت دەم بچی مێردی بەکابرایەکی جحێڵی مل ئەستوور یکەیەوە؟ وەڵڵا ناەیبینی! تادەمری هەر ئەوە جێتە! کچێك و کوڕێکی دیکەم لێی بوو. ئیدی بەتەواوی تەسلیمی چارەنووسی ڕەشی خۆم بووم. برایم دوای تەواوکردنی سەربازی ڕووی دەماڵێ نەکردەوە و بوو بەشۆفیر و پاشان ماڵ و حاڵێکی بۆخۆی پێکەوەنا. قادریش پیر بووبوو، هێندێك دامرکابوو، کەمتر بەشەڕدەهات، زۆۆتر دەهاتەوە ماڵێ، زۆرجاران دەیگوت: "ئامین! زۆرم زەجرداوی، ئەتۆ ئازادم نەکەی قەبر وەخۆم ناگرێ! کارێکی زۆر هەڵەیە پیاوی پیر ژنێکی منداڵکار بێنێ و بەخۆیەوە ببەستێتەوە، خوا هەڵناگرێ، باشە ئەمن هیچ، وەك قەدیمیان دەڵێن جاهیل بووم نەمدەزانی، خۆ بابت عالمە، خوێندەوارە، ئەو چی، ئەدی بۆ وای کرد؟ کوڕی گەورەم ئەمیر حەڤدەساڵان بوو کە قادر ماشێنەکەی لە هڵدێرێکی بڵیند ڕا هەڵدێرا و کەس قسەی لێ نەزانی و ماشێنەکەش تێك شکا. قەرزدار دەسەرمان بوون و چی مابوو بردیان و ئێمەش کەوتینە سەر ساجی عەلی. دایکت کوێربێ ئەمیر! دەستی لەخوێندن هەڵگرت و بۆ بەخێو کردنی من و خوشك و براکەی دەستی کرد بە فاعلەیی. ئەمنیش کاری خەڵکیم دەکرد و هەرچۆنێك بێ بەڕێدەچووین. بابیشم پاش ساڵێك مرد. براکانم هەر لێیان نەدەپرسیمەوە، تەنیا برایم جارجار سەری لێدەداین و پێمانەوە ماندوو بوو.

پیرێژن تاوێك بێدەنگ بوو، تەمی خەمێکی گەورە نێوچاوانی داپۆشیبوو، فرمێسك لەچاوانیدا قەتیس مابوو، دیاردەکانی وەبیرهێناتەوەی بیرەوەریەکی تاڵی بەڕوخسارەوە دیاربوو. کوڵی گریان گرتبووی بەڵام هەرچۆنێك بێ خۆی ڕاگرت و درێژەی بەقسەکانی دا.

ـ ڕووخانی ڕێژیمی شا تا دەهات نیزیکتر دەبۆوە. خۆپێشاندانەکان دەستیان پێکرد. شا وێستا هەڵ نەهاتبوو، ئەمیری کوڕم ڕۆژێکی چوەدەرێ و تێکەڵاوی خۆپێشاندان بوو، بۆ بەدبەختییان بەڕەش هەر لەلای تەنکی ڕا دەدڕێ. کوڕەکەم دەوێدا کەوتە بەر گوللەی دوژمنانی گەل و سارد بۆوە. دایکی کوێربێ تازە پێی دە بیست ساڵەی نابوو شەهیدیان کرد. ئێستا ئەمن ماومەتەوە و حەسرەتی ڕابردوو و کۆڵێك خەفەتی ژینی پڕژانی ئەوڕۆم و دوو منداڵی بێباب...

مێرد و منداڵ

زیبا نیزیکەی حەوت مانگان هەر لە دیوی میرزا ئەحمەدی نوست و نەیهێشت دەستی مینەی بگاتێ. لەو ماوەیدا کاکە میرزا زۆری موحیببەت پێکرد، دڵخۆشیی داوە و لاواندیەوە. کەسوکاری هەر نەوێرابوون بێن سەری بدەن. ئەوان تەنانەت بەپێی ڕەسم و دابی کوردەواری بۆ سێ ڕۆژانەی نەهاتبوون. دەترسان گڕنە بگرێ و دەگەڵیان بگەڕێتەوە. قسە و ئامۆژگاریەکانی میرزا ئەحمەد سەرئەنجام دڵی زیبا ی نەرم کرد. مینەش لەو ماوەیەدا هیچ دەردیسەرییەکی بۆ سازنەکردبوو. بەیانی دەچووەکارێ و ئێوارێ دەگەڕاوە ماڵێ، ماندوو و مردوو نان و چایەکی دەخوارد و لێی دەنوست. هەمیشە مۆن بوو، زۆر کەم دەدوا. جارجارەش قسەی وای دەکرد هەر دەتکوت فڕیشی بەدونیایەوە نییە!

زیبا لە وەزعی خۆی زۆر ناڕازی و ناڕەحەت بوو. نە ڕێگای ماڵەبابی هەبوو و نە لەوێش دڵی بەتەواوی دامەزرابوو، هیچی نەبوو دڵی پێ خۆش کا، خۆی هەر بەمیوان دەزانی. ڕۆژانە یاریدەی ئاوجاکەی دەدا و هەموو کارەکانی ماڵێی دەگەڵ دەکردن. ئەو کارانە دەیان خافڵاند و بۆماوەیەکی کورتیش بێ بۆی دەبوونە هۆی فەرامۆشی. قەت لەسەر ئەوەی ڕانەدەوەستا پێی بڵێن جا کارێکی بکا، هەرکارێکی کەوتبا بەردەستی خێرا ڕایدەپەڕاند. بارێکی زۆری لەسەرشانی ئاوجاکەی کەم کردبۆوە. ئەگەر بێکاریش دەبوو خۆی بەکایە دەگەڵ منداڵەکانی هێوەری و حاواندنەوەیان خەریك دکرد. بەکورتی بووبووە وەرگێڕکەیەکی بەگوێ و بەکار بۆ ماڵێ، هەر بۆیەش ئاوجاکەی زۆری لێ ڕازی بوو، لەلایەکی دیکەوە زگیشی پییدەسووتا. جا وەك دایکێك موحیببەتی پێدەکرد. ئەگەر بێکاریش دەبوون جارجار بەوەڕەزی یا ئەوان دەچوونە سەردانی ژنان و کچانی دەور و جیران، یا جیرانەکان دەهاتنە سەردانیان و بەپێی عادەت عەرش و قورشیان لێك دەدا، سفرەی دڵیان لەلای یەکتری دەکردەوە، غەیبەتیان دەکرد، لەچەنگ زەمانەی دەیان ناڵاند، تاڵاویان لەدەستی خەسوو و خەزوور و هێوەر و مێرد و خوشکەمێرد هەڵدەڕشت، خەسوو و خوشکەمێردەکانیش هاواریان لەدەست بووك و براژنەکان هەلدەستا. لەونێوەدا هەموویان لەتەبایی ئەودوانە سەریان سووڕمابوو و هەمیشە پاشملە باسیان دەکردن:

- ماڵتە چاو ئەو بەخت و شانسەی! بووکی مە تا نیوەڕۆیە قوونی دەخەوێدایە، لەکنەخۆ بەدڵی خۆشی میردی کردووە، کاکیشم وەختە ... بخوا، ئەوە زیبا یش هەمووکەس دەزانێ بە چ زەلالەتێکیان هێناوە. مێردەکەی لەبەرازی ناخۆشتردەوێ، هێشتا تخوونی خۆی نەکردووە، ماڵە

بـابی ئـەوە چەندمانگـە کچەکـەیان گوێزراوەتـەوە لەوترسـانەی مـەبادا لەگـەڵیان بگەڕێتـەوە و لـەکن مێردەکـەی گیرنـەبێ هـەر نەشـهاتنە سـێ ڕۆژانەی. بـەڵام بۆکـاری مـاڵێ هـەر دەڵـەی ئـاورە، بەومنداڵییـەی خۆیـەوە ئەوەندە بەمشوورە هـەر مەگـەر خـوا بزانـێ، هـیچ کـاران وەبـەر ئـاوجاکـەی ناهێڵێتـەوە، قەت نـەیهێشتوە بـەیانان کەس دەجێیدا بیبینـێ.

- ئـەمن بۆخـۆم لـەگـەڵ بـووم خوشـکێ، بـۆ هێنـانی بـووك چووبـووین، ئـای ئەودایکەی چ کارەساتێکی کرد! هەردەتکوت چاوەشی چاکە ئەوەی دەیکوت نەیدەکوتەوە. هەر قسەی سووك و ناو و ناتۆرە بوو بەسەر ئەو بەدبەختەی دادەباراند. کافر زگی پێیدەسووتا، ئەو هەر مەنزووریشـی نـەبوو. کەسێك بۆخۆی نەیناسیبا دەیکوت زڕدایکە!

- خۆ ماڵتە بەناشکوری نەبێ هەر دایکی نەبا باشتربوو. کوا دایك؟ وەك باسی دەکەن قەت باوەڕناکەم دایکی خۆی بـێ. حەتمـەن زڕە، دەنـا چـۆن دایك هێندە بێڕوحم دەبـێ! پێم وانییە ئەو کچە لەهەناوی خۆی بووبـێ، خـۆ ئەو لەکوڕەکانی زۆر خراپتر بوو!؟

- کچێ دایکی بەدبەخت چ بکا؟ کوڕێکی شێت و شووری بەسەردەستیـیەوە مابۆوە، چی دەیکرد ژنی وەگیر نەدەکەوت، ئاوای نەکردبا چی کردبا؟ ئەدی کوڕەکەی هەروا بێژن ماباوە؟ خوا وای کردوە! دەبـێ هـەر کـچ بـەقوربانی کوڕان کرێن!!

- دایکم کوڕ و کچ فـەرقیان چیـە، هـەردووك هـەر خـوا نـەیداون؟ ئـاخر ئـاوا بیردەکەینەوە بۆیە قوونمان ئاوا خاوێنە!!

- باشـە ئـەوە واشـمان بیرنـەکردەوە، چمـان لـەدەست دێ و چدەکـەین؟ خـوا هـەروای دانـاوە، پیـاو بـەهێز و دەسـتەڵاتدارە و ژن زەعیفەیـە. لـەو دونیایەشدا کەس لای تێشکاوی نییە، ئـەوەی دەستەڵاتداڕتربـێ دەیباتـەوە، ژن بۆیە هەردەبـێ زەلیل و ژێرچەپۆکی پیاوان بن چونکە پێیان ناوێرن!

- نـاوەڵلا دایکـم واش نییـە! بـۆ چمـان پێنـاکرێ؟ بۆخۆمـان هـیچ نـین، بـۆ وەلانـانی ئـەو دابـە پیسـانە هـیچ ناکـەین، نـەك هـەر ئەوەنـدە، بـەڵکوو بۆخۆشمان بۆ داسەپاندنیان یاریدەی پیاوەکان دەدەین. چاو لێکەن! خۆ ئەو دایکـە بـەرازەی زیبـا لـەجیاتی ئـەوەی زگـی بـەو منداڵـە هـەتیوە بەسـتەزمانەی بسـووتێ و نەیـەڵێ ئـەو زوڵمەگـەورەی لێبکـرێ، بۆخـۆی لەبراکانی زیاتر دەگەڵی بێڕوحم بووە، بـەڵام دایکم! لـەکاری ئـەو دایکـەی سەیرتر کاری ئەو مەلایانەیە کە ئـەوجۆرە کچانـە مارەدەکـەن. بـۆ خۆیـان دەڵێن گەورە بە چووکە مارەی نایە، بۆخۆیان دەڵێن کچ ئەگەر بۆخۆی ڕازی نـەبێ مـارەی نایـە، بـەڵام لەبـەر تـەماحێ پشـت دەشـەرحەکەی خۆشـیان دەکەن. هەر ئەو مەلایەی زیبا ی مارە کردووە خۆ ئەگەر وای دانێن نەشی زانیبـێ بەزۆری بەمێرد دەدرێ و بۆخۆی ڕازی نییـە مـارەی کـەن، ئـەدی خـۆ

ئـەو بەستەزمانە هێشتا بلـووغی نـەبووە لـە ماڵـە مێردیـیـە، ئـەویش چ مێردێك! خوا بە نسیبی کەسی نەکا، شێتوشوور و دەعومری بابیدا!

- خوشکێ با لەوقسانە گەڕێین! وەڵڵاهی ئەوە بەمە چاك نابێ بەڕاستی پێتان سەیر نییە ئەو دوو ئاوجایە ئاوا پێکەوە تەبان؟ ماڵتە خۆ دایك و کچیش وانین! دایکم بەخوای هەموو شتێك بەشانس و بەختە!

- ناوەڵڵا وانییە! هەمووشی هەر شانس و بەخت نییە! چاکە بەدوانە و خراپەش بەدوان! مریەمێ میرزائەحمەدی ژنێکی ئاقڵ و زۆرزانە، ئەو لێقەوماوەی وەك بێچوو هاویشتۆتە بەرخۆی، هەردەڵێی دایکیەتی! کچەکەش هەقیەتی چاك بێ، دایکی قەت ئەوەندەی بۆ چاك نەبووە، دەبێ دەعەمر و گوێیدابێ! ئەو بەدبەختە کار کردن بۆخۆی بە سەرگەرمیەك دەزانێ، لانیکەم ئەودەمەی بەکارێکەوە خەریکە دەردەکانی خۆی کەمتر وەبیر دێنەوە. ئەگەر بەشتێکەوە نەخافڵێ هەردەمرێ!

مەسەلەی زیبا بووبووە بنێشتەخۆشکەی سەر زاران. هەرکام لە ژن و کچی گوندەکە بەجۆرێك و بەبۆچوونی تایبەتیی خۆی لێکی دەداوە و باسی دەکرد. گەنجەکان زۆرتر دایك و براکانی زیبا یان بە تاوانبار دەزانی و تف و نەحلەتیان دەکردن. پیر و گەڕاوەکانیش زۆرتر لەسەر دایك و براکانی وەجواب دەهاتن.
زیبا دوای نیزیکەی حەوت مانگان سەرەنجام شەوێکی ڕازی بوو بچێتە دیوی مینەی. ئەو دیوە لە یەکەم شەوی گوێزرانەوەیدا بۆی دانرابوو و هەر ڕۆژی هەوەڵێ لێیان دابەزاند. هەرچەندەی ئەودیوە جەهەننەمی وەبیر دێناوە، هەرچەندە تاڵی و خەفەتی ڕۆژی یەکەمی بووکێنیی (کە بۆ هەموو کچێك دەبێ شیرنترین شەوی ژیانی بێ) بۆ وی زیندوو کردەوە بەڵام چار نەبوو، دەبوو تەسلیمی چارەنووسی خۆی بێ. لەو ماوەیدا هەر کچ بوو! خەبەر بۆ دایك و براکانی چوو. بەخۆشحاڵییەوە هاتنە سەردانی. حەوت مانگ پێچوو هەتا هاتنە سێ ڕۆژانەی! ؟

ژیانی ژن و مێردایەتیی زیبا و مینەی ئاوا دەستی پێکرد. مینە هەر وەك جاران بەیانی زوو دەچوە سەرکار و ئێواران درەنگ دەگەڕاوە. هەر وەك خۆی مۆن و مرچ و کەم دوێ بوو. هیچ موحیببەتی پێ نەدەکرد. هەر دەتکوت نازانێ مێهرەبانی و خۆشەویستی چییە! زیبا یش ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لێی بێزار دەبوو، هێندەی دیکەشی لەبەرچاوان ببوو بە دێو و درنج! کە دەگەڵی دەنوست دەتکوت ماری دەباخەڵی دایە. دایك و برا و دەروجیرانەکانی لەسەر عازابی قەبری زۆریان باس دەگەڵ کردبوو، بەڵام هێشتاش پێی وانەبوو ئەو عازابەش لەو شەوانەی دەگەڵ مێردەکەی لەسەر جێگایەك دەخەوتن ناخۆشترە. لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە و لەبن لێوان دەیکوت:

- چاوچاو هەردەڵەی بەرازە، دەك ڕەببی لەكارێ نەگەڕێیەوە، ڕەببی دەردی موفاجاتت گاتێ، ڕەببی وەبەر ماشێنێ كەوی، یاخوا دەخوێنی خۆتدا سووربی؟. چاوچاو ماشەڵڵا چەند جوان و خوێن شیرینە!؟ هەردەڵێی گایە گا! مرچ و مۆنیەكەشی هەر لەوێ ڕاوەستێ! یاخوا كاكە قادر خێر و خۆشی لەخۆت نەبینی، خوا چاكەت بۆنەكا، ڕەببی خواگیرم بی، بۆ وات لێكردم؟ خوایە! بۆ نامكوژی و لەو ژینە نەجاتم نادەی؟

زیبا ئەوە حاڵ و ڕۆژی بوو، پاش دوو مانگان وردەوردە حاڵی تێكچوو، هەستی بە دۆخێكی نائاسایی دەكرد. دڵی دەخێڵەكەوە دەهات، ئیشتیای گیرابوو، سەری دێشاو دەگێژەوە دەهات، نانی باش بۆ نەدەخورا، بێزی لە هێندێك خواردەمەنی هەڵدەستا، پرسی بەئاوجاكەی كرد. ئەویش كوتی:

- ڕۆڵە منداڵت هەیە!

دونیای لەپێش چاوان تاریك بوو:

- خوایە ئەوەش بەدبەختییەكی دیكە! ئەوجار ئەوەی چ لێبكەم؟ ماشەڵڵا زۆرم خۆش دەوێ ئەوجار نۆرەی منداڵیشە! بەوخوایەی ئەوەی لەویش ئیجادبێ پێم هەر سەیە! بۆخۆم تێرم خواردووە جا نۆرەی منداڵەكەمە! خوا ئەگەر بەختی دابام وای لێنەدەكردم! خۆ ئەگەر كوڕبێ هەر باشترە، بەڵام ئەگەر خوایەنەخواستە كچ بێ چی؟ كوا لەدایكی ڕۆژڕەشی خۆشبەخت تر دەبێ؟ بەڵكو ئەوجار خوا ڕوحمم پێبكا و لەسەر ئەومنداڵەی بچم!

ئەو حاڵە وردەوردە دڵی دەخستە لەرزەوە، وەزعی ژیانی زیاتریش تێك چووبوو، لەهەمووی ئەوماوەیەدا تەنیا موحیببەتەكانی میرزائەحمەد و خێزانی ئەویان ڕاگرتبوو، تەنیا ورتەورتی ڕۆژانەی بن لێوانی دژكردەوەی ژیانی تاڵی نەخوازراوی بوون، ئەوجار ئەوەشی بە ورتەورتەكانییەوە زیادبوو.

- خوایە بەناشكوری وەناڵێم لەدونیادا هیچ خۆشییەكت نەدامێ، ئاواتەخوازی مەرگم، ئەویشم پێ ڕەوا نابینی. ئەو منداڵەشم لێ دەكەیە سەرباری هەموو دەردان. بۆخۆم هیچ خۆشیم لەمنداڵیم نەدیت. هێشتا فامم نەدەكرد بێبابت كردم، كە فامیشم كرد كەوتمە بەر شەقی برا و براژن و قسەی سووك و جنێوی دایكم كە بۆم لە زڕدایك باشتر نەبوو. هێشتا خۆم نەنایسوە حامیلەبووم. بۆ ئەو دونیایەت لێ كردووم بە جەهەننەم، چ تاوانێكم كردوە؟ خۆ مەلا دەڵێن منداڵی نەباڵغ چی لەسەر نییە و بێگوناحە، ئەوەش بەجێی خۆی! ئەو منداڵەم بۆچییە و چی لێ بكەم؟ وەڵڵا ئەوەی لەوی ئیجاد بێ نامەوێ، لەبەر خۆمی دەبەم! خوایە بۆخاتری شێخ و مەشایخ و پیاوچاكان لەسەر ئەو منداڵە بمكوژی بەڵكو لێ نەبمەوە و بەیەكجاری نەجاتیم بێ. ئیدی بەسە ئەو عازابە! تاقەتم نەماوە، ئەو شێت و شوورە منداڵی بۆچییە؟ قەدری خۆی دەزانی تا ئی منداڵی بزانی؟

ڕۆژێ لەبەر خۆیەوە هەردەیکوت و دیکوتەوە، تووك و دووعای لەخۆی و منداڵەکەی و بابی منداڵەکەی دەکردن، بەڵکوو بەهەرجۆرێك بێ لەو ژینە تالە دەرباز بێ، وردەوردە هەستی پێکرد شتێکی دەزگیدا دەجۆڵێتەوە. بوونەوەرێکی دیکەی دەزگیدا گوورابوو، خەریك بوو هەڵی دەدا. بەڵام ئەو بەپێچەوانەی دایکان، نەك هەر پێی خوشحاڵ نەبوو، بەڵکوو بەبۆنەی ئەو دێوەزمەی کە ناوی مێردی بۆ وی لەسەر دانرابوو و دەبوو بە باوکی منداڵەکەی، هیچ ڕوحمی بۆی نەدەبزووت. لێی بێزاربوو، زۆر حەولیدا لەبەرخۆی بەرێ. چی کاری قورس بوو دەیکرد. خۆی سەراوبن بەنێردیوانێ هەڵداوەسی. زۆر کاری سەیر و سەمەرەی دەکردن کە لەژنانی بیستبوو دەبنە هۆی منداڵ لەبەر چوون. بەڵام ئەو گیانلەبەرە زۆر گیان سەخت و خۆ ڕاگر بوو. سەرسەختییەکەی لە بەدبەختییەکەی دایکی کەمتر نەبوو، وابزانە هەردووك دەستە بچکۆلەکانی خۆی توندتوند لەجەرگ و هەناوی دایکی قایم کردوە و نایەوێ بەجێی بێڵێ. دایکیشی جارجار وپژدانی ناڕەحەت دەبوو و لەبەرخۆیەوە دەیکوت:

-ج خوا لێم هەڵناگرێ! ئەو منداڵەبەستەزمانە چبکا؟ کوا سووچ و تاوانی؟ بەڵام ئاخ چبکەم ئەوەندە لەبابی بێزارم نامەوێ چاوم بەویش بکەوێ. هەرچی دەیکەم ڕوحمم بۆی نابزوێ. بەڕاستی دەبێ کوڕبی یان کچ؟ خۆ ئەگەر ئەویش کچ بێ ئەوە بەدبەختییەکی دیکەیە، کوا لە دایکی چارەڕەشی باشتر دەبێ؟ لەقەدیمەوە کوتوویانە "بەختی دایکان جەیازی کچانە!" ئەمن هەر ڕقم لەکچە، بریا هەر نەبان بۆ کوێرەوەریان! کچ زەعیفە و بێدەستەڵاتە بەڵام کوڕ هەر باشترە، بەهێزە، بەڕەی خۆی لە ئاوێ دەردێنێ. خوایە چم کردبوو، بۆ وات لێکردم؟ مەرگم پێ ڕەوا نابینی ئەو منداڵەش سەرباری هەموودەردان! ئەویشم لەکۆڵ ناکەیەوە تا لانیکەم بارم سووکتر بێ؟

زگ پڕبوونی زیبا یش ئەوجار بوو بە قسەوباسی مەجلیسی ژنان:

- کچێ خۆ زیبا زگیشی هەیە! ئەو بەستەزمانە بۆخۆی هێشتا منداڵە دەبێ ببێتە دایکیش!

- نازانم چۆن ڕازی بوو دەگەل ئەو شێتوشوورەی بخەوێ!

- دایکم کچ هەروا بەدبەختن، خۆراکی هەمووکەسن!

- ئەرێ دەڵێن حەول دەدا لەبەرخۆی بەرێ!

- کچێ جا چۆن شتی وادەبێ؟ کفرە! گوناحە!

- دایکم! ئەدی چبکا؟ ئەو منداڵە کوا منداڵی پێ بەخێو دەبێ؟

- کچێ شتی وا بۆ دەڵەی؟ منداڵ ڕسقی لەسەرخوایە! نانا دایکم نسحەتی بکەن، با کاری وا نەکا، تووشی قەتڵێ دەبێ!

- ماڵتانــه ئەوكچــه هــەموو شــتی ســەیر هەڵكــەوتووە! مارەكرانەكــەی، گوێرانەوەكەی، ژیانی لەماڵە مێردەكەی، زگ پڕ بوونەكەی، سێ ڕۆژانەكەی، ڕەفتاری لەماڵێدا، نێوانی دەگەڵ ئاوجا و هێوەرەكەی، هەمووی یێك لە یێكێ سەیرترن! دایكم با بڕێكی نسحەت كەین، هەروای لەچارەی نووسراوە! چارەنووسی وا موقەددەر كراوە! موقەددەر ڕەدبوونەوەی بۆ نییە، خێرتان دەگاتێ پێی بڵێن!

ژنی گەڕاوە و بەئەزموون، یەك یەك و دوو دوو دەچوونە سەردانی زیبا و ئامۆژگاریان دەكرد:

- ڕۆڵەگیان ناشكوریان مەكە! نەكەی خۆت تووشی قەتڵێ كەی! منداڵی بەستەزمان چبكا؟

- كچم گوناحە! قەتڵە! نەكەی شتی وا بكەی!

- ڕۆڵە گیان خۆ كافرستانی نییە! چۆن كاری وا دەكەی؟ ئەوە قەتڵە! ناشكوریە! چۆن بەبەشی خوای ڕازی نابی؟ شەرمەزاری دەرگای خوای دەبی!

- كچم خۆ هەر تۆ نابەدڵ بەمێرد نەدراوی! هەر تۆ ژن بەژنەت پێ نەكراوە! بۆ وادەكەی؟ خۆ بەناشكوری نەبێ ژن و كچی ئێمە هەر ئەوە چارەنووسیانە! پاشان ئەو منداڵە بەستەزمانە چبكا؟ خۆ خەتای وی نییە! خوا هەڵناگرێ چۆن ئەو قەتڵەی دەكەی؟

- كچی خۆم! موقەددەری خوای ڕەدبوونەوەی بۆ نییە! چت لەچارەی نووسرابێ هەر وادەبێ! چۆن خۆ تووشی ئەو گوناحە گەورەی دەكەی؟ خۆ بەو قەتڵەی نەجاتیت نایە! گوناحبار دەبی! خوا بەقەتڵت بۆ دەنووسێ! لەو دونیای چۆن جوابی خۆت دەدەیەوە؟ بێجگە لەوەی ناشكوریشە! چۆن بەكاری خوای ڕازی نی؟ كافر دەبی، خوا نات بەخشێ، تووشی عازابی خوای دەبی!

زیبا چەندی كردی و كراندی نەیتوانی منداڵەكە هەڵقەنێ، لەلایەكیشەوە قسە و ئامۆژگاریەكانی ژنان كاری خۆیان تێكرد و وردەوردە ئارام بۆوە، بوونەوەرە سەرسەختەكە وردەوردە خەریك بوو گەورەتر دەبوو، ڕۆژێكی لە ناكاوڕا شتێك بەنیو زگیدا خوشی، زۆر ترسا، پەنای بۆ ئاوجاكەی برد و باسی ڕووداوەكەی بۆكرد.

- چ نیە كچم! مەترسێ منداڵەكەیە دەبزوێ. بڕێك ئاگات لەخۆت بێ، نەكەی شێتەشێتەی بكەی، بۆخۆشت خەتەرە!

- جا چ بوو براژن هەرچەند ئەمن بەتەواوی مەیلی ژیانم ناوە و هەر ئێستا پێم خۆشە نەجاتم بێ، بەڵام چیدی حەول نادەم لەبەرەخۆی بەرم.

هەرچەندە ڕوحمم بۆی نابزوێ بەڵام زگم پێی دەسووتێ، ئاخر ئەو بەستەزمانە تاوانی چییە؟

- ڕۆڵەگیان خۆ مەسەلەکە هەر منداڵەکە نییە، بۆخۆت خەتەرەکە زۆر گەورەیە، ئەگەر خوای نەخواستە هەڵەیەك بکەی و نەمری بەڵام پێی زەلیل بی چی؟ خۆ ئەوە زۆر لەمردنەکەی خراپترە!

- باشە براژن گیان! ئیدی ئاگام لەخۆم دەبێ.

میوانی نەخوازراو بەوجۆرە دەستی کرد بەجۆڵانەوە، دیار بوو بەتەواوی جێی خۆی خۆش کردبوو! دایکی بەستەزمانیش دەستی لە دەرکردنی هەڵگرت. وردەوردە پێستی زگی دایك خەریك بوو لەبەریەك دەکشاوە. میوانەکەشی ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبوو. ڕۆژ بەدوای ڕۆژ و مانگ بەدوای مانگدا تێدەپەڕین، زیبا زۆر کەم سەرجێیی مینەی دەکرد. ئەویش ئەلهەق زۆر خۆی پێوە ماندوو نەدەکرد. جارجار حەولێکی دەگەڵ دەدا، ئەگەر جوابی نەداباوە لێی دەگەڕا و زۆری سەری خۆی پێوە نەدەئێشاند. نۆ مانگ و نۆ ڕۆژەی تەواو بوو، زیبا چەند ڕۆژ بوو جارجار ژانێکی توند بە پشت و زگیدا دەگەڕا و هەناسەی دەبڕی. سەرەنجام شەوێکی ژانەکەی زۆر توند بوون، لای بەیانی دوای شەوێکی پڕئازار و دڵەخورپە، زیڕەی منداڵێك و بەدوای ئەودا دەنگی مزگێنی، مزگێنیی مامان پەیدا بوو.

- مزگێنی! مزگێنی! مزگێنیم دەنێ! شوکری خوای کوڕە! چاوتان ڕوون! ماشەڵڵا لەچاوی پیس بەدوور بێ چەند جوانە! بەدایك و باب گەورەبێ! خواپێتان بێڵێ و ببێتەداری بەری!

شایی دەماڵێ گەڕا، مینە و میرزا ئەحمەد لەشاییان پێیان وەعەرزی نەدەکەوت، ئەوان چاوەڕوان بوون ئەومنداڵە زیبا یش باشتر بکا، بەڵام ئەو دەخۆیدا هیچ هەستێکی خۆشحاڵی و خۆشەویستیی سەبارەت بەو منداڵە بەدی نەدەکرد، بەخێوکردنی منداڵەکەشی وەك هەموو کارەکانی ماڵێ هەر بەئەرکێك دەزانی و بەس...
ساڵ و نیوێك ژیانی سەگەمەرگی و پڕ لەئازار و مەینەت و ئەشکەنجە، هەستی خۆشەویستیی لەدڵی ئەو بەستەزمانە دا کوشتبوو. هەر بەبۆنەی ئەو ژیانە تاڵەوە هەستی دایکانەشی لێ تۆرابوو، هەر کە چاوی بەمنداڵەکە دەکەوت مینەی مرچومۆن و گێل و گێژ و شێتۆکەی ناحەزی وەبیر دەهاتەوە، ڕقی لەمنداڵەکەشی هەڵدەستا. لەترسی خوای نەبا شیری نەدەدایە و یا دەیخنکاند.

لێم گەڕێن با هەر لەگۆڕەکەی خۆمدابم!

زیبا چلەی چوو، خەریکی کاروباری ماڵێ بوو، خۆ خەریك کردن بەو کارە هێندێك لە کاتی بیر کردنەوەی لە ژیانی تاڵی بۆ کەم دەکردەوە. ئەو سەرەڕای منداڵی کابانێکی باش و ڕێکوپێك و بەعەمر و گوێ بوو، بۆیە هێوەری و تەنانەت ئاوجاکەشی خۆشیان دەویست. بەڵام ئەو دڵی بەهیچ خۆش نەبوو. هەستی بە نارەحەتی و ئازارێکی ڕووحیی زۆر گەورە دەکرد. کوڕەکەی وردەوردە هەڵیدەدا و ڕۆژبەڕۆژ جوانتر دەبوو. ئەو منداڵە زۆر وەدایکی دەچوو و بەهرەیەکی زۆری لە جوانیی دیمەنی وی وەرگرتبوو. بەڵام زیبا هیچ ڕوحمی بۆی نەدەبزووت. دەتکوت دەیەوێ تۆڵەی هەموو چارەڕەشییەکانی هەر لەوی بکاتەوە. کوڕەکەی بوو بە شەش مانگان، ئەو جار بیری کردەوە کە ئیدی وەختی هاتووە بەبیانووی سەردانی ماڵەبابی، خۆی لەو جەهەننەمە دەرباز کا. ڕۆژێکی میرزائەحمەد بێکار لەماڵێ دانیشتبوو و دەفکران ڕۆ چووبوو. زیبا بەئەسپایی چوو لە پەنای دانیشت. بەدەنگە ناسك و خۆش بەڵام خەماوییەکەی زنجیرەی بیرەکانی پساند:

- کاکەگیان! بۆخۆشت دەزانی ئەوە دووساڵە هاتووم، زۆریش لەمێژە دایکم نەدیوە، پێم خۆشە ئیزنم بدەی سەرێکیان لێبدەمەوە.

میرزا ئەحمەد بەڕوویەکی خۆشەوە کوتی:

- باشە ڕۆڵەگیان! ئەو دووسێ ڕۆژەش ڕاوەستێ، کارێکم بەدەستەوەیە، باجێبەجێی بکەم جا بۆخۆم دەتبەمەوە.

- باشە بەقەرەواشت بم کاکەگیان!

زیبا بۆ یەکەم جار لەو دووساڵەدا دڵێ هێندێك کراوە، ئای چەندە تامەزرۆی باوەشی گەرمی دایکی بوو! ڕاستە زۆری دڵ لێی ئێشابوو، بەڵام دایکە خۆ دوژمن نیە! لەبیریەتی دایکی لە سەردانی سێ ڕۆژانەکەیدا چۆن دەباوەشی گرت و پێیدا گریا! ئەدی براکانی؟ ئاواڵەکانیشی دەدیتن، زۆری وەڕەزیی ئەوانیش کردبوو. داخوا دەبێ چەندە گەورە بووبن؟ چۆنی پیشوازی لێ بکەن؟ دەبێ ئەویان لەبیر مابێ؟ حەوتوویەکی پێ چوو، ڕۆژێکی ئێوارێ میرزائەحمەد کوتی:

- زیبا سازبە سپەینی بەهومێدی خوای سەفەرەکەمان دەکەین.

وەسپەینێ ڕا بۆ ئێوارێ گەیشتنەوە ماڵەبابی. دایکی کە پێی زانی بەگریانەوە بەرەو پیری هات و دەئامێزی گرت. براکانیشی بەپیریانەوە هاتن و بەخێرهاتنیان کردن. لە براکانی هەر مارف و مەحموود زیبا یان ماچ کرد. قادر لەماڵ نەبوو. بارامیش زۆر ساردبوو. قادر نوێژی شێوان هاتەوە، میرزائەحمەدی زۆر بەگەرمی بەخێرهێنا و ئەحواڵی ماڵ و منداڵەکەی و پرسیاری وەزعی مینەی لێکرد، بەخیرهێنانێکی سارد و سڕی زیبا یشی کرد. دەتکوت ئێستاش لەسەر ڕەفتارەکەی ڕۆژی بەبووك چوونی لێی قەڵسە. میرزائەحمەد هەر کە گەیشتبووە جێ خوشکی خۆی زۆر بەگەرمی دەباوەش گرتبوو و نێوچاوانی ماچ کردبوو. زیبا یش بەدیتنی ڕەفتاری قادر و بارام زۆر زگی بەخۆی سووتا. بەیانی پاش نان و چای میرزا ئەحمەد ڕووی دەقادری کرد و کوتی:

- کاك قادر! ئەمن دەبێ بچمەوە، کارم زۆرە، دیداریش ڕۆژێك و ساڵێك هەر یێکە!

- کاك ئەحمەد ئەوە دەڵێی چی؟ هەردەڵەی لەسەر ئاورانی! بابم با تێر بت بینین و تێر قسان بکەین!

- وەڵڵاهی کاك قادر خۆ لەدیدارتان تێرنابم، بەڵام هەر دەبێ بچمەوە، مینەش بەتەنێیە. پازدەڕۆژی دیکەش بەدوای زیبا دا دێمەوە، ئەودەمی ڕەنگە زیاتر بمێنمەوە.

میرزائەحمەد بەهەرچۆنێك بێ ماڵ ئاوایی خواست و ڕۆیی. زیبا یش هەناسەیەکی بەئاسوودەیی هەڵکێشا. بڕیاری دابوو نەگەڕێتەوە ئەو ماڵەی تێیدا زیندەبەگۆڕ کرابوو، بەڵام نەیدەویست جارێ بەدرکاندنی مەبەستەکەی هەر لەئێستاوە شەڕ بۆخۆی سازکا. پاش چوونەوەی میرزائەحمەدی، دەر و جیران هاتنە سەردانی. ڕەفیقەکانی موورویێنەشی هاتن. هچیان نەچووبوونە ماڵەمێردی. زیبا بەچاوپێکەوتنی وان زۆری زگ بەخۆی سووتا. ئەوان هەموویان هێشتاش هەر وەك منداڵ چاو لێدەکران، کەچی ئەو منداڵێکی شەش مانگەشی بەباوەشەوە بوو...

بیست ڕۆژێکی پێچوو، میرزائەحمەد هاتەوە، داوای لێبووردنی کرد کە کاری هەبووە و نەیتوانیوە لەکاتی خۆیدا بگاتەوە. ئەوێشەوێ بەچاك و خۆشی و قسەی خۆش تێپەڕی. شەوی دواتر میرزائەحمەد کوتی:

- ڕۆڵە زیبا ئەتۆش خۆ سازکە! ئەگەر کاکت ئیجازە بدات بەیانی دەڕۆین!

قادر کوتی:

- میرزا گیان! زیبا قەرەواشی خۆتە! بەڵام خۆشە چەند ڕۆژێکی دی لێرەبن!

- ناوەڵڵا کاکە زۆر مەمنوونم. ناتوانم چیدیکە گیر بم!

زیبا خۆی پێ ڕانەگیرا و هەڵیدایە:

- کاکە میرزاگیان! لەڕووت خەجاڵەتم، ئەتۆ زۆرت موحیببەت دەگەڵ من کردووە، ئەتۆ و براژنم بۆم وەك دایك و باب وابوون. قەت چاکەتان نادەمەوە بەڵام چبکەم؟ چیدیکە ناتوانم دەگەڵ مینەی بژیم. بەو عازابەو چیدی دەرنابەم. ناتوانم بێمەوە، هەر لێرە دەبم.

قادر چاوی لێ دەرپەڕاند و بەغەرەزێکی زۆرەوە کوتی:

- قاحبە! وەڵڵاهی سەرت دەبڕم، گووی دەخۆی ناچیەوە، ماڵە مێردی خۆتە، مەگەر بەمردووپی لەوێت بێننە دەر! وادیار ئیشتیات لە بەرەڵڵاییەیە. هەمووی خەتای دایکمە! ئاگات لێبوو چۆن بەگریانەوە بەرەوپیری چوو؟ دەتکوت لەوی زیاتر کەس کچی مێردی نەکردووە! ...

زیبا بەگریانەوە قسەکەی بڕی:

- کاکەگیان! ئەمن دووساڵە مردووم، ئیدی لەمردنم مەترسێنە! ئەمنو هەر ئەوێ ڕۆژێ کوشت کە بەزۆری دەماشێنێتان هاویشتم، گریانی دایکیشمم بەچاوی دامەدەوە! لەبیرت نییە چ کارەساتێکی بەسەر هێنام؟ بۆ بەسەر بڕینم دەترسێنی؟ سەر و هەر ئەو وەختەی بڕیم کە بۆخاتری کاکەبارامم بەزیندوویی سەری دەقەبریتان نام. ئەمن زۆر خەجاڵەتی کاکەمیرزام کە ئەو قسانە دەکەم، بەڵام ئەو دووساڵە بۆمن لە گۆڕەوشار خراپتر بوو. مردوو بەشەوێکی لەگۆڕەوشار دەرباز دەبێ، ئەمن دووساڵان بەگۆڕەوشارەوە بووم. ئەنگۆ هەموو ئاوات و هومێدی منو سەربڕی. ئێستا چم ماوە دڵی پێخۆش کەم و بۆی بژیم؟ هەموو دونیا بۆمن قەبرستانە، تا زووتر بمکوژی و بەیەکجاری نەجاتم دەی باشترە! وەرە مەردی خودای بە بمکوژە با لەو زەلالەتە نەجاتیم بێ! ...

قادر هەستا، شێوەی هێرشی بەخۆیەوە گرت، دموچاوی سوورسوور هەڵکەڕابوو، هەموو گیانی لەداخان دەلەرزی، هەرپیشی دەخواردەوە، خەنجەرت لێدابا خوێنی لێنەدەهات! ویستی غارداتە سەر خوشکەکەی، میرزائەحمەد باوەشی پێداگرت و نەیهێشت. قادر لەداخان نەیدەزانی چبکا.

- ئایئای کوڕە خۆ خەتاباریشمان دەکا! چاو زمانی چەندە درێژە! وەڵڵاهی قاحبە دەپێشدا ئەو زمانەت دەبڕم! کوڕە خۆ کەس شتی وا سەیری نەدیوە! ئەو دێڵەسەگە حەیای هەر بەتەواوی تکاوە! کاکە میرزا توخوا لێم گەڕێ با بیتۆپینم!

- کاك قادر بابە وانابێ! زیبا ڕووی سپی بێ زۆر کچێکی باش و بەناموسە، ئێمە زۆری لێ ڕازین، لێیگەڕێن بۆخۆم قسەی دەگەڵ دەکەم!

- کاکە میرزا نازانی ئەو سەڵیتە چی بەسەر هێناوین! داخی پێشووشم هەر دەدڵیدایە! ئاگات لێبوو بۆ مارەکردنەکەی چی بەسەر هێناین؟ ئەوجار بۆ گوێستنەوەکەی لەکن دەروجیرانان چۆن ئابڕووی بردین؟ دیتت ئەوێ ڕۆژێ چ کەتنێکی کرد؟ ئێستاش لەبەر خەڵکی سەرم هەڵنایە! هەر لەترسی ئەوەی مەبادا تووشی کەتنێکی دیکەمان کا، حەوت مانگ دوای گوێزرانەوەی جا بەحاڵ وێرامان دایکی بۆ سێڕۆژانەی بنێرین! هێشتاش دڵمان هەر دە خرتوپرت دابوو. دەترساین چاوی بەدایکی کەوێ بەزمێکی دیکەمان بۆ سازکا و هێندەی دیش ئابڕوومان بەرێ! کاکە میرزا پیاوی چابە لێم گەڕێ با وەك سەگ بیتۆپێنم! قاحبەی سووزمانی شتێکی هەر دەبن سەریدایە، بەخۆڕایی نییە!...

زیبای بەستەزمان، ئەو گوڵەی هەر بەخونچەیی هەڵوەری، هێشتا چاردەساڵەی تەمەنی تەواو نەکردبوو، کوڕێکی شەش مانگانەشی هەبوو. مێردی نابەدڵ، بێ بابی، برای تووڕە و بێ بەزەیی و ناحاڵی، تەنانەت دایکی بێ بەزەییشی ڕوحمی پێدا نەدەهات، ئەویش قسەی کوڕەکەی بڕی:
- کوڕم قادر ! هەقی خۆیەتی سەری ئەو دێڵەسەیەی پان کەیەوە! دەوروزەمانە چۆن گۆڕاوە! نە حەیا ماوە و نە گەورەیی و چووکەیی، ئاخر زەمانە! دێڵیش فێر بوون جوابەجەنگیی پیاوان بکەن! کۆنەقاحبەی سووزمانی دەیەوێ کاکەبارامی بێژن بێتەوە! هەزار دێڵی وەك وی دەبەر لینگە کەوشێکی کاکە بارامی دەمرێنم!...

قادر قسەی دایکی بڕی:

- نادایە! ئەمن دەستم بەخوێنی دێڵەسەگی وا گڵاو ناکەم، بەڵام وای لێدەکەم هەر مردن بەئاوات بخوازێ. وای لێدەکەم ماڵە مێردی لێ ببێ بەبەهەشت! نایەلم هەروا بیخوا، ئافرەت بۆی شل کەی دونیای دەخوا! ڕووی بدەیەی سواری سەرت دەبێ! بڕێکیش خەتای کاکە میرزایە زۆری ڕوو داوەتێ، ئەویش ئاوا هەقی چاکەی دەداتەوە!

زیبا ی بەستەزمان هەر وا دانیشتبوو، جوێن و قسەی سووك هەر وەك تەرزەی بەسەریدا دەباری. ئەویش دەستی دەئەژنۆی وەرێنابوون، کز و مات دانیشتبوو و لەگریان بەدەر چی لەدەستی نەدەهات. سەری خەریك بوو بەئاوزینگانەوە هەڵقەنێ. نەیدەزانی چبکا و چ بڵێ. پێی خۆش بوو حەرز شەق بێ و قووتیدا، مەرگی موفاجات بەربینگی پێ بگرێ، کاکی جەرگی بەچەقۆ هەڵدڕێ، بەڵام وادیاربوو خوا مەرگیشی بەو چارەڕەشە ڕەوا نەدەدیت!

میرزا ئەحمەد بەهەزار کیشە قادری ئەهوەن کردەوە، دوایە دەستی کرد بە ئامۆژگاریی براژنەکەی. زۆری هەوڵ دەگەڵ دا بەڵام کەلکی نەبوو، وەڵامەکە هەر ئەوە بوو:

- بشم کوژن، ئاوریشم تێبەردەن، هەڵیشم ئاوەسن، هەموو گیانیشم بەداران بشکێنن، ناچمەوە!

لەبەدبەختییانی خاڵەمەلاشی کە لەسەفەرێرا گەڕابۆوە و بیستبووی ئاوایان مارە کردوە، ئیدی نەیدواندبوون و هاتوچۆی نەدەکردن. هەرچەندی حەولیان دەگەڵ دا بۆیان ئاشت نەبۆوە. لەوەشدا هەر زیبا یان بە سەبەبکار دادەنا. لەڕوانگەی وانەوە هەموویان هەق بەدەست بوون و هەر ئەو تاوانبار! مەگەر لەو دنیایەدا دەکرێ پیاویش تاوانبار بێ!؟ دەستەڵاتدار و تاوانباریان کوتووە!؟

وەسپەینێ ڕا میرزا ئەحمەد بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە، زیبا هەرچەندە حەولیان دەگەڵ دا نەیسەلماند و نەچۆوە. دایکی سێ چوار چەپۆکی پێدادان و کوڵی خۆی دامرکاند، قادری براشی هەر بەخۆی نەوەستا، تا مەشکی زگی ئێشا کوتای و هەمووگیانی شلوکوت کرد. بارامیش دووسێ نەقورچ و نووکەشەپی گەیاندێ. بەڵام ئەو جوابەکەی هەر ئەوە بوو:

- کەیفی خۆتانە! بشمکوژن ناچمەوە!

زیبا ساڵێك لەماڵەبابی بەسەگەمەرگی گوزەرانی کرد، دایك و کاکە بارامی لەو ماوەیەدا کوردەکوتەنی "لەبزیان دەلەبزی نەگەڕا!" کاکە قادریشی زۆر بەلا لووتی جوابی دەداوە و هەمیشە دەگەڵی بەقەڵسی و جنێو و قسەی سووك دەدوا. دوو براژنیشی بە نێو و نرتکە و تەوس و پللار و لاتاو و قسەی ناجەیاز وەك مار دمیان دەجەرگی نابوو و دنیای ڕوونیان لێ کردبوو بە شەوی تاریك. تا هەلێکیشیان بۆ هەڵکەوتبا بە براکانی بەلێدانیان دەدا.

لەوماوەیدا تەنیا دڵخۆشیی دوو برای چووکتری مارف و مەحموود بوون. ئەوان خوێندن کاری باشی لەسەر مێشکی کردبوون. زۆر لە دوو ساڵ پێش ئێستا ئاقڵتر و تێگەیشتووتر بوون. جارجار لەسەری وەجواب دەهاتن. جاروبار ئەگەر هەلێکیان بۆ هەڵکەوتبا بەدزی دەگەڵی دەچوون بۆ ماڵی خاڵەمەلایان. خاڵیشی دڵخۆشیی دەداوە، دەیلاواندەوە، دەستی بەسەریدا دێنا و بەو جۆرە جارجار برینەکانی هێندێك ساڕێژ دەکردنەوە. وەڵامی لە دایك و براکانی دەنارد، لە خوا و پێغەمبەری دەترساندن و پێی ڕادەگەیاندن کە خوا ئەو هەموو زوڵمەیان لێ هەڵناگرێ کە لەو بەستەزمانەی دەکەن، بەڵام ئەوان ئەوەندە لەسەر بۆچوونەکانی خۆیان سوور بوون و دەمارگرژیان دەنواند کە ئەگەر پێی بەرژەوەندیی تایبەتی دەهاتەگۆڕێ هیچ گوێیان بەوقسانە نەدەبزووت. موسوڵمانەتییەکەیان هەر ئەوەندە بڕی دەکرد کە قازانجی خۆیانی نەخستبایە مەترسییەوە. ئەوان دەترسان ئەگەر زیبا نەچێتەوە، ناچار بن تەڵاق بەتەڵاقێ بکەن و بارام بێ ژن بمێنیتەوە. هەرچەندەی بارام و ژنەکەی جارێ بەڕواڵەت پێك ڕازی بوون و سازابوون، بەڵام یاسایەکە وابوو. لە ژن بەژنەدا ئەگەر

یەکێکیان ڕۆیی و نەسازا ئەوی دیکەش خۆشی بێ و ترشی بێ بەملیدادێ و دەبێ بچێتەوە ماڵەبابی. ئەو مرۆڤ نییە ئاژەڵێکە و وەك ئاژەڵیش سەودای پێدەکرێ. لێرەشدا یاسای سەودا کردن کاری خۆی دەکا. لە ژن بەژنەدا ئەگەر تەنانەت نەسازانی لایەنێکیشی تێدابێ، کار دەکێشێتە تەڵاق بەتەڵاق!

لۆمە و لەقەمی براژنی گەورە، تیر و توانجی باربەها، نەدواندنی دایك و برا و بەدڕەفتاریی براگەورەی سەرەنجام ئاوریان دەجەرگی بەردا و کوردە کوتەنی "گوندەجەرگیان کرد". قسەی کاکە قادری لێ وەڕاست گەڕا و وای لێهات ماڵە مێردە نەخوازراوەکەی لەچاو ماڵەبابی لێ ببێ بەبەهەشت! ئاوا زیبا ناچار بوو ڕازی بێ بگەڕێتەوە ماڵە میرزائەحمەدی. قاسمی برای کە لە بارامی چووکتربوو، ڕۆژێکی پیلی گرت سواری ماشێنی کرد و بردیە وە تەحویلی ماڵە مێردەکەی داوە و لەو سەری بە سەرکەوتنەوە خۆشی خۆشی بە باسك ڕاوەشاندن گەڕاوە ماڵێ!

زیبا هەر کە گەیشتەوە میرزائەحمەد و ژنەکەی زۆر بە مێهرەبانییەوە بەرەوپیری چوون و بەگەرمی وەریان گرتەوە. ژنی میرزائەحمەدی هەر لەجێدا ژنێکی تێگەیشتوو و مێهرەبان بوو. ئەخلاقی میرزائەحمەدیش کاری تێکردبوو، زیبا یش لەماوەیدا کە لەماڵیان بوو قەت دڵی نەئێشاندبوو، بەڕاستی حەساندبوویەوە. ئەوساڵەی کە بەجێی هێشتبوون جێگای بەڕاستی خاڵی بوو. ئەوان زۆر زگیان پێیدەسووتا و هەرگیز ناڕەحەتیان نەدەکرد و وەك کچی خۆیان چاویان لێدەکرد. ئەویش بۆنی دایك و بابی بەوانەوەنابوو و لە عەمرو گوێیاندابوو و زۆری خۆش دەویستن. بەڵام ئاخ چبکا، بەدیتنی مینەی مرچومۆن و گێل و حۆل نەك هەر هەموو خۆشیی دنیای لەبیر دەچوونەوە، بەڵکوو ناڕەحەتییەکانی ماڵەبابی، ڕۆژی مارەکرانی، ڕۆژی گوێزرانەوە، کوێرەوەریی ئەوساڵەی دوایی کە لەماڵەبابی لەسایەی سەری وی چ جەهەننەمێکی بۆ سازبوو، هەمووی وێکڕا دەهاتنەوە بەرچاوی و ڕۆژ بە ڕۆژ لێی بێزارتر دەبوو. جار دەگەڵ جار زۆرتری لەپێش چاوان ڕەش دەبوو و ناخۆشتری دەویست. ڕووحی دەعازابدابوو. بەهەر سەگەمەرگییەك ساڵێکی دیکەی هەڵکرد، بەڵام چیدیکەی تاب نەهێنا ، ئەوجار کوڕەکەشی بەجێهێشت. ڕۆژێکی بەدزی بەر و بوخچەی تێکەوەپێچا و چوە شاری، سواری ماشێنی بوو و گەڕاوە ماڵەبابی. دایك و برا و براژن و باربەها دیسان لەجاری پێشوو توندتریش تێیان هەڵپێچا . ئەو بەدبەختە بەڕاستی دنیای پێ تەنگ ببوو. لەماڵە مێردی نەدەحاواوە، لەماڵی بابی تێیان هەڵدەپێچا، هەموو دەرگای هیوا و هومێدی لەسەر داخرابوون. جارجار دەچووە ماڵە خاڵی و براکانی دەچوون لەدوای دەیان بردەوە. سەرەنجام لەوژیانە سەگەمەرگییە وەگیان هات و میرزائەحمەد دووجاری تائێستا لەدوو هاتبوو. جاری دوایە پاش شەش مانگ ئاوارەبوون لەماڵەبابی، ناچار بڕیاری دا بگەڕێتەوە نێو گۆڕەکەی خۆی، ڕەگەڵ

میرزائەحمەدی کەوت و چۆوە. لەوماوەیدا چی حەولی دابوو خۆی لەداوی مینەی ڕەها کا بۆی نەچووەسەر. پەنای بۆ هەرجێگایەك بردبوو هیچی بۆ نەکرابوو، هیچ چارەی نەمابوو بێجگە لەوەی لەماڵە مێردەکەی هەڵ بکا. لانیکەم لەوێ موحیببەتەکانی کاکە میرزا و براژنەئامینی هەبوو. زیبا ئاوا بەناچاری دامەزرا و مەیلی ماڵەبابی نا. سێ مانگێك ئاوا ڕابورد. ڕۆژێکی کتوپڕ باربەهاکەی زیبا ، بوخچە لەبن هەنگڵ وەژوور کەوت. براژنەئامین بەگەرمی بەخێرهاتنەوەی کرد، دەباوەشی گرت و هەردوو لاڕوومەتی ماچکرد، ئەویش دەستی ماچ کردەوە. زیبا یش بەخێرهاتنەوەیەکی ژیرانەی کرد و هیچ وەڕووی خۆی نەهێنا کە ئەو لەماڵە بابی چ ڕەفتارێکی دەگەڵ کردبوو. ئەوجار براژنەئامین ڕووی تێکرد و کوتی:

- دەی زارا! ئێستا زۆر ماندووی، بڕۆ ئاوێکی بەسەروچاوت داکە و بحەسێوە، وەختی نیوەڕۆیەشە نانێك دەخۆین، جا وەختی قسانیش دێ!

زارا هەستا، خەم و خەفەت لە هەموو وجوودی دەباری، زیبا دەردەکەی هەست پێدەکرد. کاکە بارامی و دایکی و براکانی دیکەی و براژنی باش دەناسین. دەیزانی چۆن و بە چ چاوێك تەماشای ژن دەکەن. هاوار بۆ ئەوڕۆژەی دەبەر دەستیاندا زەلیل بێ. ڕەفتاریانی دەگەڵ خۆیدا وەبیر هاتەوە، بۆیە زۆری زگ پێسووتا. هەستا لەگەڵی چوەدەرێ. بەکتری ئاوی بەدەستی داکرد. ژنە دموچاوی شوشت و بڕێك هاتەوە سەرخۆ. هاتنەوە ژوورێ، سفرە ڕاخرابوو. نان و چایان بەبێدەنگی خوارد و وڵاتیان خڕ کردەوە. لەکاران بوونەوە جا ئەوجار دانیشتن. زارا وەقسەهات.

- براژن نازانی دەو بەقوڕێگیراوەیدا چم کێشاوە، زیبا باشیان دەناسێ، کەسوکاری خۆنی. ژن هەر بەهیچ دانانێن. نازانی چم بەسەر هاتوە، شەقی مێرد و هێوەر، جنێو و قسەی سووك و لاتاوی خەسوو و ئاوجا دنیای ڕوونی لێ کردبوومە تاریکەسەلات! لەو چەندساڵەیدا بەسەگەمەرگی و هەرچۆنێك بێ هەڵم کرد. ددانم بەجەرگی خۆم داگرت، هەر خۆم خواردەوە و دەنگم نەکرد، ئێستا کێرد گەیشتۆتە ئێسکانم. چیدیکە نەمتوانی دەو ماڵەیدا گوزەران بکەم. ئەو سەفەرەی لەسەر هیچ و خوڕایی بە شەیتانیی ئاوجاکەم بە مێرد و هێوەری گەورەم هێندەیان لێدام هەر نازانم چۆن نەمردم! هەموو گیانم ڕەش و شین هەڵگەڕاوە.

زارا لەشی خۆی پێشان دان. لەچەند جێگا خوێنی تێ چزابوو. هەموو گیانی وەك پەڵاسی لێهاتبوو. کافری بۆ موسوڵمان دەبوو. فرمێسك وەك ئاوی باران بەچاویدا دەهاتە خوارێ. قسەی بەزەحمەت بۆ دەکرا. ئیستێك بێدەنگ بوو تا بڕێك هاتەوە سەرەخۆ. فرمێسکی ئەستڕیەوە و درێژەی بە قسەکانی دا:

- ئیدی نەمتوانی لەوەی زیاتر ددان بەجەرگی خۆم داگرم. تا ئێستا لەبەر عەیبەی دنیایە هەر چۆنێکی بێ قبووڵم کردووە. ئێستا کە ناچار بووم بڕۆم، بشم کوژن، پەتکیشم دەئەستۆی کەن ناچمەوە!

- زاراگیان! بۆیە ناڵێم پێت وابێ پێم ناخۆشە لێرەبی! نا ئێرە ماڵەباوکی خۆتە، خۆ ناشکوری نەبێ ئافرەت ئەگەر لێی قەوما لە ماڵە باوکی بەولاوە پەنایەکی تری نییە. ئەتۆش هەقی خۆتە تا پێت خۆشە لێرە بی. بەڵام بۆخۆت دەزانی داب و دەستووری ژن بەژنە چەند پیسە! ئەوانیش سپەی دوو سپەیەکی بەدوای زیبا دا دێن و دەیبەنەوە. ئاوا کار دەکێشێتە تەڵاق بەتەڵاق. بەڵام هەر بەوەندەی تەواو نابێ. دیسانیش ئەتۆ بۆ کاکە مینەت و ئەویش بۆ کاکە بارامی بەژن دەچنەوە. دیاریش نییە دوایی‌یەکەی دەبێتە چی! ئەو بەدبەختییانەی بەسەر ژنان دێن هەر بەتەنێ خەتای پیاوان نین. بۆخۆشیان کەمتر لەوان خەتابار نین. هەر مەسەلەن لە ماڵە مێردەکەت، ئەوانی دیکە هەرچی دەگەڵیان کردووی با بڵێن پیاون و دەستەڵاتیان هەیە و نرخێك بۆ ژنان دانانێن، ئەی خەسوو و ئاوجاکەت چی؟ خۆ ئەوانیش وەك تۆ ژنن. تۆ هیچ بەشی وانیشت نەخواردبوو. لەو ماڵەیدا وەك وانت کار دەکرد و ماندوو دەبووی و بارێکیشت لەسەر شانی وان سووك دەکرد. ئەوان بۆ وێڕای پیاوەکان و لەوانیش خراپتر تێیان هەڵپێچای؟ بۆ نەیانهیشت بەئاسوودەیی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆت دانیشی؟ بۆخۆشت خەتات لەوان کەمتر نییە! زیبا زۆریشی گلەیی لەتۆ هەبوو. باشە ئەو هاتبۆوە ماڵە بابی خۆی، ئەتۆ بۆ وێڕای وانی دی تێت هەڵکێڵابوو؟ ئەوەی بۆیە ناڵێم ناڕەحەتت کەم، بەڵام پێم خۆشە بۆ جارێکی تر بۆت ببێ بەدەرس. باشە ئەگەر خەسوو و ئاوجاکەت لەخۆڕایی تێیان هەڵنەپێچابای و شەیتانییان لێنەکردبای ئاوات بەسەر دەهات؟ ئەوانیش هەر وەك تۆ ژن و زەعیفە نین؟ بەشیکی زۆری بەدبەختییەکانی ئێمە لەوەیدایە کە خۆخۆرین. لەجیاتی ئەوەی کە لەسەریەك وەجواب بێن، یاریدەی پیاوەکان دەدەین تا زۆرتر بمان چەوسێننەوە. خۆمان سووك کردوە بۆیەش بەچاوی سووك چاومان لێدەکەن. زیبا ی بەستەزمان چ تاوانێکی لەسەرە؟ چی کردوە تا لە ماڵە باوکی ئاوای ڕەفتار لەگەڵ بکرێ؟ مەگەر دایکی زیبا بۆخۆشی ژنێکی چەوساوە و ستەم لێکراو نییە؟ بزانە چۆن دەگەڵی لە پیاوەکانیش توندتر بوو! وەڵلاهی ڕووی سپی بێ کچێکە ماڵەباوکی هەر دەبێ شانازیی پێوە بکەن! تەنیا بەدبەختییەکەی ئەوەیە کە بەمێردەکەی ڕازی نییە، دەنا ئێمە زۆری لێ ڕازین. ئەدی تۆ بۆ تا لەماڵی‌خۆمان بووی هیچ عەیبێکت نەبوو؟ هی ئەوەی بوو کە هەردووکمان چاك بووین. چاکەش بەدوانە و خراپەش بەدوان! چونکە پێکەوە تەبا بووین پیاوەکانیش کاریان پێمان نەبوو و چی خراپیان پێنەکوتین.

- ڕاست دەفەرمووی براژن! وەڵڵا هەمووی خەتای خۆمانە. ئەمن خەجاڵەتی زیبا م. نەمدەزانی وا کچی چاکە! براژنی ئەوەندەی لە کنە من زەم کردبوو، لەخۆڕا قینم لێی بوو. ماڵتە ئەو ژنە چ جادووگەرێکە، نازانی براژن! لەترسی قادریش کەس ناوێرێ چی پێ بڵێ! خەسووی لەترسان هەر ڕیایی لەبەر دەکا. هەر لەیەکەم ڕۆژ ڕا کە گەیشتمە ماڵەوان، ئەوژنە غەیبەتی زیبا ی بۆکردم. وای لەپێش چاوان ڕەش کردبووم کە نەم دەویست قەت چارەی ببینم. ئەوە ئەتۆش ئاوای لێ ڕازی! کە زیبا یش ڕۆیی و هاتەوە ماڵە باوکی، لێکدا لێکدا براژنەکەی دەبن گوێی دەخوێندم کە: ئەگەر ڕوو بدەینە زیبا و ماڵەکەی وا پێ تاڵ نەکەین کە بچێتەوە کن براکەت، بێجگە لەوەی ئەو بێ ژن دەبێتەوە، عەیبەشمان دێتەوە سەر! ئەتۆش مەجبوور دەبی بچیەوە ماڵە بابت و تەڵاق وەرگری. خوادەزانێ دوایەش چۆنت ژن بەژنە پێدەکەنەوە! خولاسە هێندەی کوت و کوتەوە ئەمنیش لێی تیژ بووم و وێڕای وی شەیتانیم دەکردن. براکانیشی هەر لێی لەبەهانە بوون. ئێستاکە ئاوا دەخۆشمیان هەڵکێڵا و هێللانەیان لێ تێك دام دەزانم چ غەڵەتێکم کردووە. دەنا مێردەکەم ئەگەر ئەوان لێی گەڕابان هێندەش خراپ نەبوو، خۆشیشی دەویستم.

زیبا هەڵیدایە:

- نا خوشکێ! دەزانم خەتای تۆ نیە! بۆخۆم هەموویان باش دەناسم. خوا غەزەب لەدایك و براکانم گرێ. دیارە کاکە بارامیشم زۆر فەقیرۆکەیە. هەرچی بیکا هەر ئەوان پێیدەکەن. بۆخۆی زۆر گێل و ماڵوێرانە. ئەوجار ئەمنیش هیچم لەتۆ وەدڵ نەگرتووە...

دەو قسانەدابوون میرزائەحمەد وەژوور کەوتەوە. کە چاوی بەخوشکی کەوت بەگەرمی دەباوەشی گرت و ماچی کرد و بەخێرهاتنی کرد. ئەوجار دانیشتن. میرزائەحمەد کوتی:

- دەی خوشکم چۆنی؟ بارام و کاك قادر و کوڕەکانی دیکە چۆنن؟ ئەوە کەست دەگەڵ نییە؟ چۆن هاتوویەوە؟

زارا لەپڕمەی گریانیدا. بەدەستی کاکیەوە نووسا و ماچی کرد. ئەوجار هەموو شتێکی بۆ گێڕاوە. کاکی زۆری دڵخۆشی داوە:

- خوشکم چ نیە! لەسەر دڵی خۆتی مەکە داخ و دەرد! خۆ ژنان دەڵێن دوو مەمك دەباخەڵێکیدا وێك دەکەون. ماشەڵڵا ماڵی کاك قادریش زۆرن! شەڕیش دەبێ، ئاشتیش دەبێ، بەڵام جارێ قسەی لێ ناکەین و لەسەری ناڕۆین. ئەتۆش خەمێ مەخۆ! ئێرە ماڵە خۆتە، کاریش نییە خوا چاکی نەکا!

نوێژی شێوانێکی درەنگ مینەش هاتەوە. خوشکی بەگریانەوە پێیدانووسا و ماچی کرد. ئەویش نێوچاوانی ماچکرد و بەخێرهاتنەوەیەکی کورتی کرد و

مۆن و بێدەنگ دانیشت. ماندوویەتی لەهەموو وجوودی دەباری. سفرەیان ڕاخست و نانیان خوارد و مینە چۆوەدیوەکەی خۆی و خەوت.
زارا سێ ڕۆژ بوو گەیشتبۆوە ماڵە بابی، کە بارام لای نیوەڕۆیە وەژوور کەوت. میرزائەحمەدیش لەماڵێ بوو. چاك و خۆشی و بەخێرهێنانێکی گەرمیان کرد. زیبا یش بەگەرمی کاکی بەخێرهاتن کرد. بارام خوشکی ماچکرد و بەگەرمی و موحیببەتێکی چاوەڕوان نەکراو دواندی. هەموو سەریان سووڕ مابوو. ئەو برایانە کەنگێ دەگەڵ خوشکی چارە ڕەشیان وا گەرم و بە موحیببەت بوون؟ مەگەر ئەو هەر ئەو زیبا ە نەبوو کە ماڵەبابیان وا لێ تاڵ کرد تا ناچار بێ بگەڕێتەوە ماڵە مێردە بێزراوە زۆرە ملییەکەی؟ دەبێ چ ڕووی‌دابێ؟ زیبا بەندی دڵی پسا، زۆر نیگەران بوو، نەیدەزانی چ بووە. کاکی چۆنە وا دەگەڵی گۆڕاوە؟ بەهەرچۆنێك بێ خۆی ڕاگرت و پرسیاری نەکرد. دەترسا وەڵامەکەی زۆر ناخۆش بێ. نانی نیوەڕۆیەیان خوارد ئەوجار بارام ڕووی دەخوشکی کرد:

- خوشکم ئەوە هاتووم بتبەمەوە!

- بۆ خێرە کاکەگیان؟

- وەڵڵا جا بڵێم چی؟ زارا گوزەرانمان دەگەڵ ناکا، بە ماڵمان ڕازی نییە، ئەتۆش دەبێ بێیەوە!

- جا کاکەگیان! ئەوجار نۆرەیەتی دوو قسەی حیسابی پێکەوە بکەین! یازدەساڵانەبووم لە قوماری منداڵان ڕا هێناتانمەوە، بەفێڵ بردتانمە کن مەلای، بەزۆری و هەڕەشەی کوشتن مارەتان مردم. دەبێ لەبیریشتان بێ تازە پێم دە دوازدەساڵی نابوو، چۆن ڕوحموو پێنەکردم و بە چ لەونێك ناردتانمە ماڵە مێردی نابەدڵ و نەخوازراوم. خەجاڵەتم لەڕووی کاکە میرزا و براژنە ئامینم کە بۆم لەدایك و باب چاکتر بوون. لێرە هەڵاتم بەو هیوایەی لە ماڵە بابم پەنام بدەن و لەو داوە نەجاتیم بێ. چەندەم حەول دا ڕزگارم کەن و چیدیکە بەوداوەوە نەناڵم کە بۆخۆتان ئاوا بەزۆری تووشتان کردم. بەڵام ئەوێشوو لێ وا لێکردم کە سەت خۆزگەم بەماڵە مێردەکەم دەخواست و جەهەننەمی ژیان دەگەڵ مینەم لەبەهەشتی ماڵە بابم پێ خۆشتر بوو. ئێستاش هاتووی بمبەیەوە. لەو داوە ڕزگار بم و تووشی بەندێکی خراپترم کەن؟ نا کاکەگیان نایەمەوە! هەرچەندە تا ئێستا گەورەترین ویست و ئاواتم نەجاتی لەو بەندەی بوو، ئێستا کە ئاواتان کرد، نایەمەوە. کەیفی خۆتانە دەگەڵ بووکی خۆتان چ دەکەن! ئەمن لەماڵە مێردی خۆم دەمێنمەوە، سازاوم و تا دەمرم ئێرە جێگامە. نا کاکە! ئیدی بەسە! نایەڵم بمخەنە نێو گۆڕێکی دیکە. نایەڵم قەبرەکەم بگۆڕن، لێم گەڕێن با هەر دەگۆڕەکەی خۆمدا بم!!

پاشکۆ

لـه پـەروەنـدەی ژنـێکـەوە

نووسینـی: لیلـی العثمـان

وەرگێر بۆ سەر زمانـی کورد: عـەبدوڵڵا ئیبڕاهیمی

لـه پـەروەنـدەی ژنـێکـەوە

هـەمووشـەوی کـە ئـەو پیرە پیاوە نـەخۆشـەم لـەباڵ خۆمـدا دەدیـت، هـەسـتێکی سـەیر ڕووی تێدەکردم، دەسـەرو گوێلاکـیـەوە ڕادەمـام و لـەخۆم دەپرسـی:

- داخوا دیکم دەیتوانـی ئـەو سـەرو قلـخـەی لـەباڵ خۆیـدا بسـەلمێنـێ؟ داخـوا باوکم دەیتوانـی بـە بیستنـی پرخـەی ئـەوپیاوە، کـە بێدەنگیی شـەو دەشکێنـێ و لـەمنـدا بێـزاری پێکـدێنـێ، خـەوێکی بـە ئـاسـوودەیی بکـا؟ ئـاخر بـۆ نـاتوانم ئـاسـوودەبم؟ بـۆ بـەهـاسـانـی چـاو لـەو کـەتنـەی بقـووچێنم کـە دایـک و بـاوکم لـەتـەمـەنـی چاردەسـاڵیمدا سـەبارەت بـەمن کردیـان؟ لـە نیزیـک مـاڵـەکـەمان لاوێکی کـەڵـەگـەتـی چاوڕەش دەژی، بـەڕاسـتی چۆن دەبوو ئـەگـەر بردبـامیـە لای خـۆی؟ ئـەگـەر وابـا، ئـەمن سـەرمـەسـتی بـەختیاری، گیـانم لـەباوەشـیدا دەبـەخشی!

بـۆ نـاچـارم لـەگـەڵ ئـەو پیـاوە سـەیرەیدا بنـووم؟ ئـەویش بـەو ددانـە دەستکردانـەیـەوە کـە هـەمووجارێ لـە نـان خواردندا لـە زاری دەخزن. بـە شـەوو ڕۆژ هـەسـتێک لـەمن دا سـەر هـەڵدەدا. نـاچارم هـەر بیری لـێ بکـەمـەوە و ئـازار بکێشـم، هـەسـتی بـێ منـداڵی. بـۆ لـەو پیـاوە پیـرەی منـداڵێکم نـابـێ؟ ئـەو منداڵـەی کـە ڕەنگـە بتوانم ئـەو سـتـەمـەی بـە بوونـی وی لـەبیر خۆم بـەرمـەوە کـە دایـک و بـاوکم لـە منیـان کـرد، یـا لانـی کـەم بێزاریـەکـەم لـەو پیـاوەی دامرکێنێتـەوە. بـەڕاسـتی منـداڵی چـی؟ چۆن زگ لـەو پیـاوە حـەفتاسـاڵـەی پڕدەبـێ؟

بۆ هـەر نـەیکوژم!؟

چـی ئـەوی زینـدوو هێشـتۆتـەوە؟ لـەگـەڵ ئـەوەیـدا کـە مردنـی لـەودەمـەی ڕا دەستی پێکرد کـە ئیدی نـاتوانـێ ڕاست بێتـەوە! ئـەو کـەلاکـە بـۆ دەبـێ هـەر بـەزینـدوویی بمێنێتـەوە؟ ئـەو سـیما خـەواڵووە پڕگنجـە بـە سـەرێکی بـێ موویـەوە، کـە هـەموو پاش نیوەڕۆیان مێشوولـە ڕێچکـەی لـەسـەر دەبـەستن! هـەر جارەی ئـەو ڕوخسارەی دەبینم، کـەتنـەکـەی باوکمم وەبیـر دێتـەوە کـە وەکـوو کووتـاڵێک فرۆشتمی، بـەچـەندی؟ سـەت دینار، سـەت مـەڕ و دووسـەت وشـتری مـێ، ئـەوانـە ئێستا لـەکوێن؟ چم لـەو پیرە خـەواڵوویـە بۆ ماوەتـەوە؟

بێگومـان بـاوکم لـە قـوژبنێکی ئـەو دەشـتـە گـەورەی دا لـە باوەشـی دایکمـدا دەحـەسێتـەوە و شیری مـەڕەکان هـەڵدەقوڕێنـێ و دایکیشم بـەوەی دڵخۆشـە کـە هـەموو مانگـێ وشترێکی دەزێ. بـەڵام ئـەمن فڕێدراومـە ئێرە، ئـەو شوێنـەی کـە دەهـەناومدا دەمخـوا، سـووکم دەکـا و بـەشبـەشـی لـەش و نیـازم دەسـووتێنـێ. کـەچی "وداهـە" ژنـی جیرانـەکـەمان سـەرەڕای کـوێرەوەریی مـاڵـێ، چارەنووسێکی دیکـەی هـەیـە، چونکـە "فلیجان"ی مێردی شـەوو ڕۆژ بـە ئـەوینی خـۆی پـاراوی دەکـا. زۆرجـاران گـوێم لـە هـەناسـەکانیان دەبـێ کـە وەک

مێلۆدییەکی خۆشە، سەرینەکەیان بەدرێژایی ڕۆژێ بە ئارەقەی لەشیان تەڕە و بۆنی سەرجێیی لێدێ. بەڵام چارەنووسی من چیە؟ سەرەڕای ئەوەی حەڤدەساڵ لەتەمەنم تێدەپەڕێ، لە سووچێک دادەنیشم و وەک ئەو کرمەی لە بن دیواری جینگڵان دەدا، دەچمەوە باڵ خۆمەوە.

دارخورماکان هەڵدەدەن، شین دەبن و وەبەر دێن، گیا هەڵدەدا، گوڵەکان دەپشکوون، باران گۆرانی دەڵێ، ڕۆژ هەڵدێ و ئاوادەبێ، ئەستێرە دەدرەوشێنەوە و مانگی نوێ پێدەکەنێ، بەڵام ئەمن؟ وەک چرایەکی چووک دەچم کە پڵیتەکەی ڕۆژبەڕۆژ دەسووتێ. ئەو قەڵافەتە بێزراوە، هەموو شەوێ سوارم دەبێ، بە ئارەقەی لەشی خۆی، کە داماوییەکەی دەنوێنێ، دەمخووسێنێ، پاشانیش وەک ئاژەڵێکی لەگوڕ کەوتوو، وەهەناسەبڕکە دەکەوێ و دەخەوێ. لەودەمەی ڕا وە مشکێکی چارەڕەش دەچم کە لە سووچێکی بەدزی برینەکانی خۆی دەلێسێتەوە.

بۆ نەیکوژم؟

کێ ئەو مشکە بریندارەی سزا دەدا؟ یا کێ کوشتنی ویم پێ نابەخشێ؟ چما کەس وەدەست دەکەوێ لەسەر تەرمەکەی بگری؟

باوکم هەمیشە دارخورما بێبەرەکان دەبڕێ و ڕیشەکانیان لە زەوی هەڵدەکێشێ و دەڵێ: "ڕۆڵە، داری بێبەر دەبێ ببڕدرێ"

پیر و خەرفاو! چۆن هەناسەت دێ کەچی ڕووح و هێزی ژیانت تێدا مردووە؟

هەمووجارێ کە شەو دادێ و تاوڵی ڕەشی خۆی تا ئاسۆگە ڕادەکێشێ، هێزێکی خۆ پێ لەبەر ڕانەگیراو دەمندا هاوار دەکا: "ئەمن دەمەوێ بژیم، سێ ساڵ ژیان لەو شوێنە خەفە و تارێکەدا بۆمن بەسە."

بەڵی جەنابی قازی .... ئەمنم بکوژەکەی!

دەنگی هەناسەی "وداهە" و "فلیجان"م گوێ لێدەبوو، لەماڵێ وەدەرکەوتم و هەستم ڕاگرت. وەک ئەو بوونەوەرەی بۆنی ئەڤین بەتەواوی گێژ و کاسی کردبێ، دەخزیم. ئەو ئەوینەی هیچ بەشێکی منی تێدانەبوو. بەدرێژایی ئەو ساڵانە لە زیندانی نیازەکانمدا بووم. ئەو نیازانەی هێزیان لەبەر دەبڕیم، هەموو ڕۆژێ چاوی ڕەشی جیرانەکەم جەرگی دەسمیم. ئاخر بۆچی نابێ ئەو ئەوپیاوەبێ کە ئەمن لەباوەشیدا بخەوم؟

لەو سێ ساڵەدا دەنگی هەناسەی "وداهە" و "فلیجان" خوێیان بە برینیدا دەکردم و ئەمنیش دەستەڵاتم بەسەر نیازەکانمدا نەدەشکا. ئەو نیازانە شتێکیان لە مێشکمدا دەکوشت. لەناکاو هێزێکی سەیر لەمندا سەری هەڵدا! وەک شێتان غارم دەدا، کوتکەکەم هەڵگرت، هەموو گیانم وەک لک و پۆپی دار خورمایەک لە شەوێکی تۆفانیدا دەلەرزی، پەلەم کرد، دەمەویست پێش

دامرکانەوەی ئەو حاڵەتەی ئەمنی لەخۆم بەدەر کردبوو، کارەکە یێکلایی بکەمەوە!

بەڵێ جەنابی قازی ... ئەمن کوشتم!

زەبرێکی توندم لەسەری دا، بەدەنگی گرمەی لێدانەکە بێدەنگیی شەو شکا و "وداهە" و "فلیجان" لە باوەشی یەکتری جوێ بوونەوە!